# دیموکراتەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان
# لە بەڵگەنامەکانی یەکیەتی سۆڤیەتیدا

(ساڵانی ١٩٦٠ - ١٩٤٧)

کۆی ١٧ بەڵگە

**د.کامران ئەمین‌ئاوە**

کوردستان/هەولێر
٢٠٢٥

ناوی کتێب: دیموکراتەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان
لە بەڵگەنامەکانی یەکیەتی سۆڤیەتیدا
بابەت: مێژوو
نووسەر و وەرگێڕ: د. کامران ئەمین‌ئاوە
پێداچوونەوە: ئەنوەر سوڵتانی
گرافیك و دیزاین: ئامەد
چاپخانە: ڕۆژهەڵاتی کوردستان
نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم
تیراژ: ٥٠٠
نرخ" ٥٠٠٠ دینار

**مافی لەچاپدانەوەی ئەم کتێبە بۆ نووسەر پارێزراوە.**

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/هەرێمی کوردستان
ژمارەی سپاردنی(٢٩٦)ی ساڵی ٢٠٢٥ی پێ دراوە.

## پێرست


سەرەتا.......................................................................................... ٥

هەوڵەکانی ڕەحیم سوڵتانیان، حیزبی نهێنی دیموکراتی کوردستان بۆ پێوەندی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی یەکیەتی سۆڤیەتی لە پێناوی بووژاندنەوەی بزووتنەوەی نەتەوەیی............... ٣٣

بەڵگەی ١. لێکدانەوەی تەیموور یەعقوبۆف یەکێك لە بەرپرسانەی ئاسایشی کۆماری ئازەربایجانی سۆڤیەتی سەبارەت بە نامەکانی ڕەحیم سوڵتانیان بۆ باقرۆف و ستالین..... ٣٥

بەڵگەی ٢. لیست [گیانبەختکراوانی بزووتنەوەی کوردستان و ئازەربایجان]............... ٤٧

بەڵگەی ٣. نامەی ڕەحیم سوڵتانیان بۆ پێشەوای ئازادی جیهان.................................. ٥١

بەڵگەی ٤. نامەی ڕەحیم سوڵتانیان بە ناوی حیزبی نهێنی دیموکراتی کوردستان "حیزبی ژیانی کورد" بۆ ڕێبەری دادپەروەریی و خەبات بۆ ڕزگاریی مرۆڤایەتی..................... ٧٥

بەڵگەی ٥. نامەی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی ئازەربایجان و کوردستان بۆ باقرۆف لە ریگەی باڵوێزی یەکیەتی سۆڤیەت لە تارانەوە.......................................... ٨٣

بەڵگەی ٦. نامە بە ناوی حیزبی دیموکراتی ئازەربایجان و کوردستان بۆ میر جەعفەر باقرۆف سەرۆك کۆماری ئازەربایجان.................................................................. ٩١

کوردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە یەکیەتی سۆڤیەتی، کێشە و پرسەکان......................... ٩٧

بەڵگەی ٧. تایبەتی حیزبی. لە پێوەندیی لەگەڵ هاوڕێ سەیفی قازی ڕەحیم ئەبولحەسن ئوغلی ئەندامی دەفتەری سیاسی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان............................... ٩٩

بەڵگەی ٨. نامەی کۆمیتە ناوەندی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان، دەستەی نووسەرانی'کوردستان' بۆ کۆمیتە ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجان............... ١٠١

بەڵگەی ٩. نامەی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی'کوردستان' لە باکۆ بۆ کۆمیتە ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجان لە پێوەندی لەگەڵ لابردنی نێوی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ڕیزی پێکهێنانی حیزبی یەکگرتووی مارکسیستی کرێکاری لە ئێران... ١٠٩

بەڵگەی ١٠. نامەی کۆمیتە ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی یەکیەتی سۆڤیەتی بۆ کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجان لە پێوەندی لەگەڵ پرسی حیزبی یەکگرتووی مارکسیستی کرێکاری لە ئێران.................................................................... ١٢١

بەڵگەی ١١. نامەی کۆمیتە ناوەندی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان بۆ کۆمیتە ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجان لە پێوەندی لەگەڵ کۆنفرانسی یەکگرتن لە باکۆ...... ١٢٧

بەڵگەی ١٢. پرسی کۆبوونەوەی ئەحمەد تۆفیق لەگەڵ بەرپرسانی یەکیەتی سۆڤیەتی ١٢٩

بەڵگەی ١٣. وەڵامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجان بە نامەکەی ڕەحیم قازی.................................................................................... ١٣٥

بەڵگەی ١٤. نامەی ڕەحیم قازی بۆ کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی یەکیەتی سۆڤیەتی لە پێوەندی لەگەڵ کێشەکانی سێیەمین کۆنفرانسی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان.................................................................................... ١٣٧

بەڵگەی ١٥. وەلامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجان بە داواکاریی ڕەحیم قازی.................................................................................... ١٥٧

بەڵگەی ١٦. نامەی ئەحمەد تۆفیق بۆ کۆمیتە ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی یەکیەتی سۆڤیەتی.................................................................................... ١٦١

بەڵگەی ١٧. ئاگاداری ئەحمەد تۆفیق سەبارەت بە ئەو ئەندامانەی دەبوو سەردانی یەکیەتی سۆڤیەتی بکەن.................................................................... ١٦٢

## سەرەتا

بەڵگەکانی ئەم کتێبە بە پێی شوێن و زەمەنی رووداوەکان، کراون بە دوو بەشەوە:

**بەشی یەکی** ئەو بەڵگانە بڕگەیەکی بەرچاو لە مێژووی گەلی کورد پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان و هەوڵی لاوە شۆڕشگێر و چەپە بێئەزموونەکانی کوردستان لە بواری کاروباری ڕێکخراوەیی بۆ بووژاندنەوەی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەگرێتە خۆ. پێکهێنانی کۆمەڵەی کۆمۆنیستی کوردستان بە سەرۆکایەتی ڕەحیم سوڵتانیان[1] یەکێك لەو چەشنە هەوڵانەیە. مخابن زانیارییەکی ورد لە سەر

---

[1] ڕەحیم سوڵتانیان لە ٢٤ / ٧ / ١٣٠٢ ی هەتاوی بەرانبەر بە ١٧-ی ئۆکتۆبری ١٩٢٣ لە شاری سابڵاغی موکریان لە دایك بووە، لە سەردەمی لاوەتی خۆی دا ماوەیەك لە میاندواو بەرپرسی فرۆشی نەوت و بێنزین بووە کە ئیمتیازی ئەو کارە لە مەهاباد و میاندواو ئی کەسێك بووە بە ناوی حاجی ساڵح شاتری. ڕەحیم سوڵتانیان لە بنەماڵەیەکی سیاسی دا گەورە بووە، باوکی میرزا مستەفا سوڵتانیان ڕاوێژکاری پێشەوا قازی محەمەد و یاوەری پێشەوای کردووە بۆ وتوێژ لەگەڵ قەواموسەلتەنە سەبارەت بە داوخوازەکانی گەلی کورد. ڕەحیم سوڵتانیان یەك لەو کەسانەیە کە چالاکانە حەولی داوە بۆ زیندووکردنەوەی چالاکی سیاسی لە موکریان بە دوای ڕووخانی جمهووری کوردستان دا. نەمر سارمەدینی سادق وەزیری لە کتێبەکەی "بەرگری لە دوو سیمای نەتەوەیی کورد" دا بە وردی باسی پێوەندیی خۆی لەگەڵ ڕەحیم سوڵتانیان و ڕەحیم خەرازی و چالاکییەکانیان دەکا. لە ساڵانی دواتر دا وا دیارە نەمر سوڵتانیان بە شێوەی چالاك بەشداری لە کاری حیزبی نەکردووە. کارمەندی ئیدارەی دارایی سابڵاغێ بووە و بە داخەوە دواتر تووشی نەخۆشی هات و بۆ موداوا لە ١٩٧٤ هاتە لەندەن. لەو کاتە دا کە میرزا ڕەحیم لە لەندەن لە نەخۆشخانە کەوتبوو حاجی ساڵحی شاتریش لەلەندەن بوو و لە نەخۆشخانە سەری لێدا و لە ساڵانی پێش دامەزرانی کۆمارەوە جارێکی دیکە یەکتریان دیتەوە. بە داخەوە نەخۆشی دادی نەدا و ناچار بوو ماوەی ١٥ ساڵ لە سەر ویلچەیر ژیان بەسەر بەرێ و لە ٢٩-

کاتی دامەزران و تەواوی چالاکیەکانی ئەو ڕێکخراوەیە بە تەواویی لەبەر دەستدا نییە،[٢] بەڵام ئەوەی لەم بەڵگانە دەردەکەوێ، باوەڕی ڕاستەقینەی کەسانێك وەکو ڕەحیم سوڵتانیان لە خەباتی هەموو گەلانی جیهان بۆ ئازادی و سەربەخۆیی بە پشتیوانیی یەکیەتی سۆڤیەتی، تا ئەو ڕادەیەیە کە هانی دەدان پێوەندیی بە بەرپرسانی ئەو وڵاتەوە بگرن.

هەر بەو هۆیە، 'کۆمەڵەی کۆمۆنیستی کوردستان پێوەندیی بە باڵوێزخانەی یەکیەتی سۆڤیەت لە تاران دەگرێ و دامەزرانی کۆمەڵەی کۆمۆنیستی کوردستانیان پێرادەگەیەنێ.'[ کەریم حیسامی. ل ٦٥] پاش ڕاوێژ کردن لەگەڵ ئەوان بە پێی ئەوەی نابێ لە وڵاتێك دوو حیزبی کۆمۆنیستی هەبێ، بەگوێرەی وەڵامدانەوە و ڕێنوێنی باڵوێزخانەی یەکیەتی سۆڤیەتی' *واز لە ڕێکخستنی کۆمۆنیستی دێنن و لەوە بەدواوە بە ناوی حیزبی*

---

ی پووشپەڕی ١٣٧٣-ی هەتاوی [ ٢٠-ی جووڵای ١٩٩٤] لە تەمەنی ٧١ساڵی دی کۆچی دوایی کرد. حەسەن قازی

[٢] کەریم حیسامی بەم چەشنە ئاماژە بەم ڕەوتە دەکات:' لە مەهابادیش چەند لاوی خوێندەواری تێکۆشەر لێك کۆ دەبنەوە و ڕێکخراوێك بە ناوی کۆمەڵەی کۆمۆنیستی کوردستان (ك.ك.ك) دادەمەزرێنن. بە شێوەیەکی نهێنی و زانایانە خەبات دەست پێدەکەن.

[...] لە مانگی ئۆکتوبری ١٩٤٨ شادرەوان میرزا رەحیمی سوڵتانیان وەك کارمەندی ئیدارەی دارایی دەجیتە نەغدە و لەگەڵ دامەزرێنەرانی (کۆمەڵەی لاوانی لادێ) پیوەندی دەگرێ و پاش لێکدانەوەی ژیربێژی کۆمەڵەی لاوان بەخرِی دەچێتە نێو(کۆمەڵەی کۆموونیستی کوردستان). خەبات شێوەیەکی ڕێکخراوەیی خاوەن زەبت و رەبت بە خۆوە دەگرێ. ك.ك.ك بە خێرایی تێکۆشانی خۆی پەرە پێدەداو تینی خەبات وەبەر خەڵك دەنێ. بەڵام ئەویش بێ بەرنامە و پرۆگرام، تەنیا لە ڕێگای پیوەندی راستەو خۆ دیدار و راسپاردە کارەکانی رادەپەڕێنێ.

[...] کومیتەی سەرکردایەتی(ك.ك.ك)[کۆمەڵەی کۆمۆنیستی کوردستان] کە بریتی بوون لە (رەحیمی سوڵتانیان، رەحیمی خەرازی، غەنی بلوریان، عەزیزی حیسامی(ئەمەیان لەبەر ناکۆکی لەگەڵ غەنی بلوریان دەستی لەکار کێشایەوە) کەریمی وەیسی و عەبدالله ئیسحاقی) بێ کۆنفرانس و کۆنگرە و هەڵبژاردن بە ناوی کومیتەی(کوردستان) تێکۆشان بەرێوە دەبەن.[ کەریم حیسامی ل. ٦٤ و ٦٧]

*دێموکراتی کوردستان درێژە بە چالاکیی خۆیان دەدەن.* [بازیار. س. ل ١١٨] نەمر سارمەدین سادق وەزیری لەم پێوەندییەدا باسی هاتنی ڕەحیم سوڵتانیان و ڕەحیم خەڕازی بۆماڵی خۆی لە بەهار یان هاوینی ١٣٢٦(١٩٤٧)، داواکاریی ئەوان بۆ یارمەتی و ڕێنوێنیان لە ڕەوتی زیندووکردنەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان، هەروەها هاتنەوەی دووبارەیان بۆ تاران دوای دوو یان سێ حەوتوو بۆ پێدانی نامەیەك بە بەرپرسانی یەکیەتیی سۆڤیەتی لە ڕێگەی کەسێك بە ناوی 'وانیا' دەکات کە بۆ 'ژێنێرالیسم ستالین' نووسرابوو. نەمر سادق وەزیری دوای ئەوەی بۆ ڕاپەڕاندنی ئەم کارە لەگەڵیان دەچێ، پێشنیازیان پێ دەکات واز لەو جۆرە پێوەندییانە بێنن 'چونکە جگە لەوەی دەتوانێ ئەوە کێشە و مەترسییەیان بۆ ساز کا و پێوە بن، هیچ قازانجێکیان لەو جۆرە پێوەندییانە دەست ناکەوێ.' [٣]

[٣] نەمر سارم خان سادەق وەزیری بەم جۆرە باسی ئەم ڕووداوە دەکات: 'ڕەنگە دوو سێ حەوتوو یان مانگێك لەدوای ئەو دیدارە جارێکی دیکە بەیەکەوە هاتنەوە تاران بۆ لای من و گوتیان نامەیەکمان بۆ ژێنێرالیسم ستالین نووسیوە و تێیدا داوای ئیزنمان کردووە لە بەرپرسان کە هەنگاو هەڵێنینەوە بۆ ڕێکخستنەوەی تەشکیلاتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و دەمانەوێ ئەو نامەیە بۆ بەرپرسان بنێرین و ئیزنی لێ بخوازین. گوتم من بە داخەوە قەت هیچ پێوەندی و تێکەڵاوییەکم لەگەڵ مەئموور و سیاسەتمەدارەکانی شوورەوی نەبووە و لەو بارەیەوە هیچ کارێکم لە دەست نایە. گوتیان ئێمە خۆمان کەسێك دەناسین کە دەتوانێ هەڵگری ئەو نامەیە و داوخوازی ئێمە بێ داوات لێ دەکەین لەگەڵ ئێمە وەرنە لای ئەو کەسە تا بە ئامادەیی ئێوە نامەکەی بدەینێ و ئەو بزانێ کە ئێوە لەگەڵ ئێمەن. دوای برێك ڕامان پێشنیارەکەیانم پەژراند قەراریان دانا کە فڵان ڕۆژ و فڵان سەعات من خۆم ئامادەکەم و بێن بە دوومدا و بەیەکەوە بچینە لای کەسە ناسیاوەکەیان. لە ڕۆژ و سەعاتی دیاریکراودا هەر سێکمان چووینە خیابانی هیدایەت و لە نیوەی خیابانەکە و بە لای باشووریدا ئەوان لە دەرگای ئاپارتومانێکی پچووکیان دا. جەوانێك کە بە ڕواڵەت و سەروسەکوتی ڕا هیچ جیاوازییەکی لەتەك ئێرانییەکاندا نەبوو دەرگای ئاپارتومانەکەی کردەوە و ئێمەی بەخێرهاتن کرد بۆ ناو ئاپارتومانەکە کە زۆر پەڕپووت بوو و کەلوپەل و موبلی ناویشی زۆر ئاسایی بوون و لەگەڵ وەزعی ماڵەکە دەگونجان. ئەوان ئەو کەسەیان وەك وانیا بە من ناساند و گوتیان زۆر لە مێژە لە تەورێزەوە ئەو دەناسن و لە دوای

[تێبینی: نەمر كەریم حیسامی باس لە چالاكیی ڕ. سوڵتانیان و ڕ. خەڕازی وەك كۆمەڵەی كۆمۆنیستی كوردستان لە ساڵی ١٩٤٨ (١٣٢٧) دەكات، بەڵام بەڕێز سارم خان، باس لە چاو پێكەوتن و دیداری ئەوان لە بەهار یان هاوینی ١٣٢٦ واتە ١٩٤٧ بۆ دەستپێكردنەوەی چالاكییەكانی حیزبی دیمۆكراتی كوردستان دەكات كە جیاوازیان نزیك بە ساڵێكە.
ئەو نامانەی ڕ. سوڵتانیان لە ئارشیوەكان لەبەر دەستن زۆربەیان ڕێكەوتی ساڵی ١٣٢٨(١٩٥٠) یان لەسەرە و، وێدەچێ 'وانیا' هەمان 'مالیك خاشابایف' بێ كە لە لێكدانەوەی تەیموور یەعقوبۆف- یەكێك لە بەرپرسانی ئاسایشی كۆماری ئازەربایجانی سۆڤیەتی- سەبارەت بە نامەكانی ڕەحیم سوڵتانیان بۆ باقرۆف و ستالین لە بەڵگەی ژمارە ١دا باسی كراوە]

ئەم چەشنە پێوەندیی گرتنانە بە پێی ئەو نامانەی لەم كتێبەدا دەكەوێتە بەردەستی خوێنەر، لە لایەن نەمر ڕەحیم سوڵتانیان بە ناوی خۆی یان

---

چاكوچۆنی ئاسایی و ناساندنی من بابەتەكەیان لەگەڵ هێنا گۆڕێ و نامەكەیان دایە كە بەخەتێكی نەستەعلیقی زۆر جوان نووسرا بوو و ناوەرۆكەكەی هەر وەك باسم كرد داوخواز و وەرگرتنی ئیزن بوو بۆ زیندوو كردنەوەی چالاكی لە كوردستان. ئەویش بەڵێنیدا كە نامەكە بگەیێنێتە مەقسەد و لە ماوەی ئەو نیو سەعاتەی لەوێ بووین خانەخوێ بە چایی میوانداری لێ كردین و هیچ باسی كاروباری سیاسی نەكرد و ماڵئاواییمان لێ كرد و بەجێمان هێشت. ئەمن بە هاوڕێیانم گوت پێم وا نییە ئەو كەسە لە ڕووی سیاسییەوە شتێكی بە دەست بێ و یان سەڵاحییەتێكی هەبێ هەرچۆنێك بێ چونكە جگە لەوە ڕێگایەكی دیكەتان نەبوو بۆ ئەوەی ئەو داوخوازینامەیە بنێرن ئەمن قبووڵم كرد لەگەڵ ئێوە بێم و ببینم بەڵام لە سەر ئەو باوەڕەم ئێوە دواتر نابێ لەگەڵ كەسی ئەوتۆ دە پێوەندی دابن چونكە جگە لەوەی كە دەتوانێ ئەوە كێشە و مەترسییەكتان بۆ ساز كا و پێوە بن، هیچ قازانجێكتان لەو جۆرە پێوەندییانە دەست ناكەوێ. هەر چۆنێك بێ تا دەورو بەری ١٥-ی ڕێبەندان[١٥-ی ریبەندانی ١٣٢٧-ی هەتاوی/ ٤-ی فێورییەی ١٩٤٩. وەرگێڕ] جار جار یەك لەو هاوڕێیانە یان هەردووكیان بەیەكەوە دەهاتنە لام و كاروباری تەشكیلاتی و هتادیان لەگەڵ دەهێنامە گۆڕێ و ئەمنیش بۆچوونەكانی خۆم بە وردە ڕیشاڵ بۆ باس دەكردن.[ س. سادق وەزیری ل ١٠٤-١٠٢]

حیزبی نهێنی دیموکراتی کوردستان 'حیزبی ژیانی کورد' هەروەها 'کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی ئازەربایجان و کوردستان' دریژەی بووە و بەردەوام بۆ وەرگرتنی ڕێنوێنی، یارمەتی مالی و چەك، هەولی پێوەندی لەگەڵ بەرپرسانی سۆڤیەتی دراوە. لەم نامانەدا ئاماژە بە ڕێبەرانی سۆڤیەت و بە تایبەتی ستالین وەك ڕێبەری ئازادی، دادپەروەری و پێشەوا و مامۆستای هەموو گەلانی ئازادیخواز و گەلی ئێمە کراوە و نووسەران بەو هیوایە بوون لە ژێر سەرکردایەتی، ڕێنوێنی و یارمەتیی ماددی و سیاسی یەکیەتی سۆڤیەتی بە ئازادیی و ڕزگاریی گەلان و زەحمەتکێشانی ئێران بگەن. بەڵام وەك لە لێکدانەوەی تەیموور یەعقوبۆف کۆمیساری ئاسایشی دەوڵەتی ئازەربایجانی سۆڤیەتی لە ساڵی ١٩٥٠ دەردەکەوێ، ئەوان بە گومانەوە سەیری ڕەحیم سوڵتانیان کردوە:

*'دەکرێ گریمانە بکرێ کە ڕێکخراوی هەواڵگری ئانگلۆ – ئەمریکی لە ئێران ڕەنگە بە هەستکردن بە بوونی هێزە نهێنییەکان لە باشووری ئازەربایجان لە ڕێگەی کاربەڕێوەبەرانی خۆیانەوە، کە ڕەنگە ڕەحیم سوڵتانیان وا لە شیرکەتی "نەوتی ئانگلۆ – ئێران" کار دەکات و مستەفا سوڵتانیانی باوکیی کارگێڕی فرۆشی بەرهەمە نەوتییەکانی [شرکەتی][4] "نەوتی ئانگلۆ – ئێران" لە مەهاباد، لەو چەشنە کەسانە بن کە بە ئەفسانەسازیی سەبارەت بە بوونی بەرفراوانی ڕێکخراوە دیموکراتە نهێنییەکان، بیانەوێ لەو ڕێگایەوە کاناڵێك بۆ دزە کردن بۆ نێو ئەم ڕێکخراوە دیموکراتیکە نهێنیانە لە باشووری ئازەربایجان بدۆزنەوە، کەسەکانی خۆیان بخەنە نێو ئەو ڕێکخراوانە و لەو ڕێگایەوە پێوەندیی بە نوێنەرانی یەکیەتی کۆمارە*

[4] نووسراوەکانی ناو کروشە [ ] لە لایەن نووسەری ئەم کتێبەوەیە.

*سۆسیالیستییەکانی سۆڤیەتییەوە بکەن. دوور نییە، نوێنەرانی ڕێکخراوە دیموکراتیکە نهێنییەکانی باشووری ئازەربایجان بە هۆی نەبوونی ئەو گومانەوە کە ڕەحیم سوڵتانیان و باوکی ئەو مستەفا سوڵتانیان، پێوەندییان بە ڕێکخراوە هەواڵگرییەکانی ئانگلۆ – ئەمریکییەوە بێ، پێوەندیان پێوە گرتبێتن و لە ڕێگەی خاشابایف شارۆمەندی سۆڤیەتییەوە، بەڵگەکانی سەرەوەیان بە چەشنێکی فەرمی بە نوێنەری سۆڤیەتی لە ئێران دابێ.'* [بەڵگەی ١]

واتە کار کردن لە شرکەتی "نەوتی ئانگلۆ – ئێران" لە مەهاباد[٥] دەیتوانێ پێوەرێك بێ بۆ هەڵسەنگاندن و بە سیخوڕ پێناسەکردنی ئەو چەشنە کەسانە لە لایەن کاربەدەستانی سۆڤیەت، بەڵام چەپی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و یەکیش لەوان کورد، لەنەبوونی هیچ دەرفەت و پشتیوانێك لە دونیای دووجەمسەریی و، بە باوەڕی ڕاستەقینە بەوەی کرێملین شوێنێکە *'تیشکەکان لەوێوە دەدرەوشێنەوە و، ڕێگای ئازادی و بەختەوەریی ڕووناك دەکەنەوە، لەوێشەوە تەواوی گەلە زۆرلێکراوەکان کە بۆ ئازادیی خۆیان خەبات دەکەن پشتیوانی دەکرێن و ئەم تیشکانە تەنیا هیوای ئێمەن، تیشکی یاسای بنەڕەتیی ستالین.'*[بەڵگەی ٤] واز لە ئوتۆپیا ئینسانییەکانی خۆی بۆ گەیشتن بە ڕزگاری گەلی کورد ناهێنێ و داوا دەکات' *ڕێبەر و مامۆستای مەزن، ڕزگاریکەری تەواوی مرۆڤایەتی، باوکی ژیر، ستالینی مەزن کە بیر لەهەموو کەس دەکاتەوە'* سەرنجێکیش *بداتە وەزعی کورد.*[بەڵگەی ٤].

---

[٥] 'حاجی ساڵح شاتری' بازرگان و خاوەن ئیمتیازی ئەم شرکەتە لە مەهاباد بوو و، لە بۆکانیش ئەم کارەی بە بنەماڵەی حەبیبزادە سپاردبوو. بێ‌گومان کارکردنی نەمران کاك مستەفا و کاك ڕەحیمی سوڵتانیان لە شوێنێکی وادا، ناتوانێ پێوەرێك بۆ هەڵسەنگاندنی کەسانێك بێ کە لە پێناوی نەتەوەی خۆیان تووشی گەلێك چەرمەسەری و نەهامەتی هاتن.

بەڵام کاتێك هەوڵەکانیان زۆر بە هەند وەرناگیرێ، بە ناوی حیزبی دیموکراتی ئازەربایجان و کوردستان، شاری تەورێز، سووکە گلەیەك لە باوکی بەڕێز و سەرکردەی گەورە میر جەعفەر باقرۆف دەکەن و دەنووسن:

*' ئەو جووتیارانەی سەردەمانێك هاوڕێ و خەباتکارمان بوون، ئێستا پەرش و بڵاون، زۆرێکیان گیانیان لەدەستداوە یان ناچاربوون ئازەربایجان بەجێبهێڵن. هاوڕێیان دەڵێن برا ئازەربایجانییەکانمان کاتێك وەبیر ئێمە دەکەونەوە کە گەلانی باشوری ئازەربایجان و کوردستان لە ناو چووبێتن.'*[بەڵگەی ژمارەی ٦]

بێ گومان ستالین و ڕێبەریی حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەتی بە پێی بارودۆخی ژئۆپۆلیتیکی ئەو سەردەمە و بەرژوەندیی ئابووری و سیاسیی خۆیان لە ئاسیای ناوەڕاستدا ئاوڕیان لەمەسەلەی کورد و گەلانی دیکەی ئەم ناوچەیە داوەتەوە و کورد و پرسی کوردیش تا رادەیەك بۆیان گرینگ بووە، بەڵام وەکو هەر وڵاتێکی دیکە ئامادە نەبوون لەبەر کورد یان هەر نەتەوەیەکی ناسۆڤیەتی بەرژوەندیی ستراتیژیکی خۆیان بخەنە مەترسییەوە. لێرەدا نەك هەر کێشە لە سیاسەتەکانی یەکیەتی سۆڤیەتی، بەڵکوو چاورەوانکراوییەکانی دوور لە ڕاستیی ڕێبەران و تێکۆشەرانی کورد هەر لە شێخ مەحموودی بەرزنجی و سمایل ئاغای سمکۆ و خالید بەگ جوبرانلییەوە تا کەسانێك وەك غەنی بلووریان و چەپەکانی ئەو سەردەمەدایە کە پێیان وابوو، دەکرێ مافی کوردی بێ

بەش کە بێجگە لە شاخەکان قەت هاوڕێیەکی نەبووە، بە یارمەتی یەکیەتی سۆڤیەتی وەربگیرێ!

**بەشی دووی** بەڵگەنامەکان بڕگەیەکی دیکە لە ژیان و چالاکیی بەشێك لە ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە خۆ دەگرێ کە پاش هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان بە ناچار لە یەکیەتی سۆڤیەتی مانەوە و هەوڵیان دا لە تاراوگە، بە ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە قازانجی بزووتنەوەی کورد چالاکی بکەن.

بۆ چوونە ناو بابەتەکە ئاماژەیەك بە بەسەرهات و چالاکی سیاسی ئەم کەسانە لە یەکیەتی سۆڤیەتی دەکەین.

لە پاییزی ساڵی ١٩٤٥/١٣٢٤دا، سێ کەس (مستەفا شەڵماشی، خەسرەو زولفەقاری و ڕەحمان حەلەویی) و لە بەهاری ١٣٢٥/ ١٩٤٦دا، نزیك بە ٦٠ کوردی ڕۆژهەڵات لە باکۆی پایتەختی ئازەربایجان دەستیان بە خوێندن لە زانکۆی پزیشکی و فێرگەی سپایی کرد. دوای هێرشی بە کرێگیراوانی حکوومەتی تاران و سپای ئێران بۆ سەر ئازەربایجان و کوردستان لە سەرماوەزی ساڵی ١٣٢٥ی هەتاوی و سەرکوتکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی - نەتەوەیی کورد و ئازەربایجانی و ڕووخانی حکومەتی میللی ئازەربایجان و کۆماری کوردستان زۆربەی خوێندکارانی کورد بە ویستی خۆیان گەڕانەوە یان وەك حەلەویی و زولفەقاری نێردرانەوە ئێران. بەڵام بەشێك لە کوردەکان وەك ڕەحیمی سەیفی قازی، عەلی گەلاوێژ، عەزیزی شەمزینی، حەسەنی حیسامی، سوڵتانی وەتەمیشی، کەریمی ئەیووبی، ڕەحمانی گەرمیانی، مستەفا شەڵماشی و حامیدی خوسرەوەی لە یەکیەتی سۆڤیەتی مانەوە.

بەشێکی بەرچاو لە ڕێبەران، کادر، ئەندام و لایەنگرانی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان بە هۆی هێرشەکەی ئەرتەشی ئێرانەوە، پاش پەڕینەوە لە چۆمی ئەرەس چوونە ناو خاکی کۆماری ئازەربایجان.

نزیك بە ساڵێك پاش کۆچی فیرقەییەکان بۆ یەکیەتی سۆڤیەتی چاپ و بڵاوبوونەوەی دەوری سێیەمی ڕۆژنامەی 'آذربایجان' لە باکۆ دەستی پێکرد و "یەکەم ژمارەی'آذربایجان' ڕێکەوتی ١٠ی سەرماوەزی ١٣٢٦ لە باکۆ چاپ کرا". [لاهرودی ل ٩٨] یەکەم ڕۆژنامەی 'کوردستان' دەوری دووەم، وەك ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ١٦ی سەرماوەزی ئەو ساڵەوە لە لاپەرەیەکدا لە ژمارەی دووی ڕۆژنامەی 'آذربایجان'دا بڵاو بۆوە. [کوردستان ژمارەی ٢٠٠]

لە نێو نووسەرانی ڕۆژنامە کوردییەکەدا، نێوی کەسانێك وەك نەمران: ڕەحیم سەیفی قازی، عەلی گەلاوێژ، ڕەحمان گەرمیانی، مستەفا سەلماشی، کەریم ئەیوبی، عەزیز شەمزینی، هەروەها ناوی خوازراوی وەك ا. نادری، ڕشید. س، برای کورد، کوردە، دلخوش، کاکە، ئاگری، م. س- ئەسعەد بەرچاو دەکەوێ. ڕەحیمی قازی و عەلی گەلاوێژ نووسەر و بەرپرسی سەرەکی ئەم ڕۆژنامەیە بوون.

پاش کۆنفرانسی بەرفراوانی ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستان[ڕۆژهەلات] و حیزبی دیموکرات کورد[باشوور] بە ڕێبەرایەتیی مەلا مستەفا بارزانی لە ١٩ی ژانویەی ١٩٤٨ لە باکۆ و پێکهێنانی کۆمیتەی کورد لە ١١ کەس، کوردەکانی دانیشتووی یەکیەتی سۆڤیەتی بە ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستان و لە ژێر سەرۆکایەتی مەلا مستەفا، درێژەیاندا بە چالاکی سیاسی. وێدەچی دوای ناردنی بارزانییەکان بۆ ئوزبەکستان لە ئاگوستی ١٩٤٨، بە کردەوە ئەو کۆمیتەیە هەڵوەشابێتەوە و کوردانی ڕۆژهەلات لە پێوەندییەکی زۆر نزیك لەگەڵ

فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان دریژەیان بە چالاکی خۆیان دابێ. کوردانی ڕۆژهەڵاتی، لەوەبەولاوە وێرای پاراستنی ئەندامیەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان، ئەندامی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجانیش بوون و تەنانەت ڕەحیمی قازی و عەلی گەلاویژ لە فێوریەی ١٩٤٨ دا بوون بە ئەندامی کۆمیتە ناوەندی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان، هەروەها لە ساڵی ١٩٥٤دا ڕەحیمی قازی وەکو جێگری سەرۆکی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان هەڵبژێردرا و، ماوەی نزیك بە ٦ سال بە هۆی هەبوونی ئەو پلە و پایە بەرزەی لە فیرقە، ڕۆڵێکی گرینکی لە ژیانی سیاسی ئەو ڕێکخراوەیەدا گێڕا.

پاش یەکگرتنی حزب تودەی ئێران و فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان، لە ساڵی ١٣٣٩ کە بێ بەشداری نوێنەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان سەری گرت، "بە دەستووری ڕێبەری حیزبی تودەی ئێران بڵاوکردنەوەی لاپەڕە کوردییەکەی 'کوردستان' وەستێندرا". [لاهرودی ل ٥٩٧]

کۆمیتە ناوەندی حیزبی تودەی ئێران لە پێوەندیی لەگەڵ بوونی چەند کوردی سەر بە حیزبی دیموکراتی کوردستان لە نێو فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان لە بەڵگەیەکی پەسند کراوی ژووئەنی ساڵی ١٩٥٩ دا دەنووسێ:

" لە ساڵی ١٩٤٦ سازمانی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان کۆچیان[بۆ یەکیەتی سۆڤیەتی] کرد و چەند ئەندامێکی حیزبی دیموکراتی کوردستان – یش کۆچیان [بۆ یەکیەتی سۆڤیەتی] کرد و فیرقەی دیموکراتی کوردستان لە کردەوەدا لە ناو فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان تواندراوە. بەو چەشنەی کە کوردێك بوو بە ئەندامی بوورۆی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان و لاپەرەیەك

لە ڕۆژنامەی ئازەربایجان کە لە باکۆ بڵاو دەبێتەوە کرا بە ئۆرگانی فیرقەی دیموکراتی کوردستان. ئەوە ئیتر وەزعێکی سەیر و سەمەر و نائاسایی‌تر لە بوونی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجانە، لەبەر ئەوەی بزوتنەوەی کرێکاری کوردستان دەکەوێتە ژێر ڕێبەریی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان؟ خۆ کوردەکان لە باری نەتەوەییەوە لەگەڵ فارس و قەومەکانی دیکەی ئێرانی خزمایەتی ڕەگەزیی و زمانییان هەیە؟ وڵامی ئەم پرسیارە نەك لە بنەماکانی مارکسیزم لێنینیزم‌دا، بەڵکو تەنیا لە مەبەستەکانی باقرۆڤدا دەبیندرێتەوە کە لە ئازەربایجان و کوردستان بە شوێن سیاسەتێکی تایبەتەوە بوو. ناکرێ لەگەڵ ئەم بێ‌سەروبەرەییە بێ‌بنەمایە (otniyud) تەبا بی. باقرۆف بۆ جێ‌بەجێکردنی ئەو ئامانجە لە سەردەمی خۆی‌دا تەنگی بە بەشێك لە کوردەکان بە سەرۆکایەتی هاوڕێ مستەفا بارزانی هەڵچنیبوو کە یەکێکە لە قارەمانە بە ناوبانگەکانی گەلی کورد و، وێرای هەبوونی ئاوازەیەکی ئەوتۆ لە نێوان کوردەکانی ئێران و تەواوی گەلانی ئێران، ڕۆڵێکی گرینگیشی لە فرقەی دیموکراتی کوردستاندا بینیوە." [لاهرودی ل. ٥٩٧]

هەرچەند لە سەرەتادا ڕێبەری حیزبی تودەی ئێران و فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان تەنانەت لەسەر پێشنیار و ڕێنوێنی حیزبی کۆمۆنیستی یەکیەتی سۆڤیەتی لە بەشداری کردنی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ڕەوتی پێکهێنانی تاقە حیزبی کرێکاری مارکسیستی ئێراندا کۆك بوون، بەڵام لە کۆتاییدا ئەم یەکگرتنە بێ بەشدارییپێدانی نوێنەرانی کورد سەری گرت.

لە ٥ی سپتامبری ١٩٥٧ دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی "کوردستان"، ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە نامەیەکدا بۆ ڕێبەریی حیزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجانی سۆڤیەتی کە کۆپیەکەی بۆ ڕێبەری حیزبی کۆمۆنیستی یەکیەتی سۆڤیەتی، حیزبی تودەی ئێران و فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان نێردرابوو، وێڕای دەربڕینی نارەزایەتی خۆیان لەم هەڵسوکەوتەی ڕێبەرایەتیی حیزبی تودەی ئێران، ئاماژەی کردبوو:

*"سروشتییە کە نەبوون و بەشداری نەکردنی نوێنەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەو دانیشتنە ڕاوێژکارییەدا نیشانەدەری ئەوەیە کە ئەو دانیشتنە ڕاوێژکارییە نوێنەرایەتی هەموو هێزە دیموکراتییەکانی کۆمەڵگا ناکات و هەر لەبەر ئەوەش، ئەم دانیشتنە شیاوی پەسەندکردنی هیچ بڕیارنامەیەك بەناوی حیزبی دیموکراتی کوردستان نییە.*

*ئەو مەسەلەیە دەتوانێ ببێتە هۆی سەرنەکەوتنی کۆبوونەوەی ڕاوێژکاری. لەبەر ئەوەش، بۆ پەرەپێدان و پتەوکردنی پێوەندی و هاوکاریە هاوبەشەکانی حیزبە براکان، پێشنیار دەکەین نوێنەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ ئەو کۆبوونەوەی ڕاوێژکارییە بانگ بکەن."* [بەڵگەی ژمارە٩]

ئەوە ڕاستییەکی حاشا هەڵنگرە کە بە پێچەوانەی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان کە ڕێبەرایەتی، کادر و ئەندامەکانی لە ژێر چەتری ڕێبەرییەکدا چالاکییان دەکرد؛ چەند کوردێکی پرش و بڵاو لە باکۆ و ڕۆژهەڵاتی ئورووپا نەیاندەتوانی بە تەنیایی نوێنەرایەتی ڕاستەقینەی حیزبی دیموکراتی کوردستان بکەن. لە کردەوەدا ڕەحیمی قازی و عەلی

گەلاویژ لە یەکیەتی سۆڤیەتی لە چوارچێوەی ڕێکخراوی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان کاریان دەکرد و کەسانێك وەکو ڕەحمانی قاسملوو، کەریمی حیسامی و حەسەنی قزلجی لە ڕۆژهەلاتی ئورووپا لە چوارچیوەی ڕێکخراوی حیزبی تودەی ئێراندا بوون. لە لایەکی دیکەوە، بەشێکی بەرچاویش پەرتەوازەی باشوری کوردستان بوون یان لە لایەن هێزەکانی ئاسایشی ئێرانەوە گیرابوون و لە بەندیخانەکانی ئەو ولاتەدا بوون. بە گشتی نەبوونی یەك ڕێکخراوە و ڕێبەرییەکی یەکگرتوو بە ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستان ڕێگای بەوە نەدەدا هیچ کەس یان گرووپێك ئیدیعای نوێنەرایەتی کوردی ڕۆژهەلاتی کوردستان بکا.

لە کردەوەدا، پاش هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان لە ساڵی ١٣٢٦ / ١٩٤٧ تا کۆنگرەی سێهەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٣٥٢/ ١٩٧٣ قەت حیزبی دیموکراتی کوردستان قەوارەی حێزبێکی یەکگرتوو و ئەورۆیی نەبووە. تەنانەت پاش ئەو کۆنگرەیەش، حیزبی تودەی ئێران هەتا سەرەتاکانی شۆڕشی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ هەتاویی، خۆی بە حیزبی دایك و خاوەنی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەقەڵەم دەدا و چاوەروانی گەڕانەوەی ئەو حیزبە بۆ نێو باوەشی گەرمی خۆی بوو.

لە پێوەندیی لەگەڵ ڕەوتی دامەزراندنی حیزبی یەکگرتووی کرێکاری و مارکسیستی لە ئێراندا وێدەچێ ڕەحیمی قازی بەهیوای ئەوە بووبێ کە هاتنی ئەحمەد تۆفیق (سەید عەبدوڵلای ئیسحاقی) لە بەهاری ساڵی ١٩٦٠ بۆ سۆڤیەت، کە بە ناوی سەرکردایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ چارەسەرکردنی زۆرپرس داوای چاوپێکەوتنی لەگەڵ باوکی مەزن/واتە حیزبی کۆمۆنیستی یەکیەتی سۆڤیەتی/ کردبوو، لە بەشداریدانی کورد بۆ پێکهێنانی تاقە حیزبی کرێکاری لە ئێراندا دەور بگێڕێ:

*هاوڕێانی ئازیز! وێرای ئاگادارکردنەوەی ئێوە لە داواکاریی سەرکردایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، بە ئەرکی خۆم دەزانم پێتان ڕابگەیەنم، کە ئێمە، واتە سەرکردایەتی حیزبی تودەی ئێران و فرقەی دیموکراتی ئازەربایجان زۆر کەم لەبارەی چالاکییەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەم ساڵانەی دواییدا دەزانن، هیچ پێوەندییەکمان لە نزیکەوە لەگەڵیان نییە. بەڵام بەو پێیەی ئێستا بڕیارمان داوە یەك حیزبی کرێکارانی مارکسیستی بۆ هەمووی ئێران دروست بکەین، پێویستە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران یش [بەرەو ئەم ڕەوتە] ڕاکێشین، چوونکە بەبێ ئەم حیزبە چارەسەرکردنی ئەم پرسە زۆر گرنگە بۆ ئێمە ئەستەم دەبێ.* [بەڵگەی ژمارەی ١٢]

ئەم داواکارییە لە لایەن حیزبی کۆمۆنیستی یەکیەتی سۆڤیەتی بە بیانووی ئەوەی '*یەکیەتی سۆڤیەتی دەست تێوەردان لە کاروباری ناوخۆی حیزبی دیموکراتی کوردستان ناکات و ناتوانێ کۆبوونەوەیەکی لەو شێوەیە ڕێك بخات*' [بەڵگەی ژمارەی ١٣] ڕەت دەکرێتەوە.

سەرەڕای ئەوەش، دیسان' ئەحمەد تۆفیق بە مەبەستی پێکهێنانی پێوەندی لە گەڵ(پارتی کۆمۆنیستی شورەوی) لە پاییزی ساڵی ١٩٦٠ دا نامەیەکی بە ئیمزای ئەحمەد تۆفیق و ناوی خوازراوی"زاگرۆس" ەو ئاراستەی کۆمیتە ناوەندی ئەو پارتە کردووە کە ئەمە وەرگێڕدراوی کوردی دەقە فارسیەکەیەتی:"

*هاوڕێیانی خۆشەویست کومیتەی ناوەندی حیزبی کۆموونیستی یەکێتی سۆڤێتی*

*پاش پێشکەش کردنی سڵاوی هاوڕێیانە. باشترین پیرۆزبایی کومیتە ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی جێژنی مەزنی شۆڕشی ئۆکتۆبر، سەرفەسڵی تازە و نوێی ژیانی زەحمەتکێشانی جیهان، سەرکەوتنی توانا و گەورەیی شوراکان بە سەر دەزگای گەندەڵی قەیسەر و بورژوازیدا، بە ئێوە و لە ڕێگای ئێوەوە بە هەموو نەتەوەکانی یەکێتی کۆمارەکانی سۆڤێتی سۆسیالیزم پێشکەش دەکەم. نەتەوەی کورد کە نەتەوەیەکی زۆر لێکراو و بێ بەشە زۆر باش گەورەیی و گرنگی شۆڕشی مەزنی ئۆکتۆبر و ئازادی و رزگاری نەتەوەکانی قارەمانی سۆڤێتی هەست پێدەکات. بەم بۆنەوە بە پێویستی دەزانم کە شادی و خۆشی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران و بە تایبەت ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی هاتنی جێژنی مەزنی شۆڕشی یۆکتۆبر دەر بخەم و پێشکەشتانی بکەم. شادین بە وەی کە ڕێبەری خەباتی نەتەوەی کورد هاوڕێ مستەفا بارزانی بە ناوی نەتەوەی کورد لە جێژنی مەزنی نەتەوەکانی سۆڤێتی دا بەشداری دەکات.*

*پیرۆز بێ جێژنی شۆڕشی مەزنی ئۆکتۆبر ... سەرکەوێ یەکێتی کۆمارەکانی سۆڤێتی سۆسیالیستی قەڵای قایم و لە ڕووخان نەهاتوو ... سڵاوی نەتەوەی کورد بۆ نەتەوەکانی سۆڤێت دۆستی بە ئەمەگی هەموو نەتەوەکان.*

*بژی ئاشتی بەردەوام. دیسان پیرۆزبایی و ڕێز". لە لایەن كومیتەی ناوەندی حیزبی دێموكراتی كوردستان. عبدالله اسحاقی "زاگروس"*

س ٩١/ -١٩٦٠/١١/١[ بەڵگەی ژمارە ١٦]

نامەی عبدالله اسحاقی "ئەحمەد تۆفیق"

*"هاوری‌یانی خۆشەویست. كومیتەی ناوەندی حیزبی كۆموونیستی یەكێتی سۆڤێتی.*

*بەم بۆنەوە سڵاوی هاوری‌یانەی خۆمان پێشكەش دەكەین.*

*بە دوای نامەی پێشووی خۆماندا كە لە ڕێگای هاڤالانی ئێوە لێرە () لە بارەی سەفەری دەستەی نوێنەرایەتی حیزبی ئێمە بۆ یەكێتی كۆمارەكانی سۆڤێتی سۆسیالیستی پێشكەش كرا. روونكردنەوەی چەند خاڵێك بە پێویست دەزانین.*

*الف - ئەندامانی دەستەی نوێنەرایەتی پاش راوێژ بەم جۆرەیە:*

*١. قاسم سوڵتانیان لە عێراق بە (كەماڵ ئەحمەد) ناسراوە*

*٢. سلیمان معینی*

*٣. عبدالله اسحاقی لە عێراق بە (ئەحمەد تۆفیق) ناسراوە تكامان ئەوەیە لە حاڵەتی جێبەجێ بووندا، ڤیزا بەو ناوانەی سەرەوە بن.*

*ب — زۆر باشتر و بە دەرفەتی دەزانین پێكهاتنی سەفەری دەستەی حیزبی بكەوێتە ئەو دەمە كە مستەفا بارزانی ڕێبەر لە یەكێتی سۆڤێتی بێ.*

*ج- سەبارەت بە نەداری لە رادەبەدەری حیزب پێویستیمان بە لانی كەم كەمی یارمەتی ماڵی بۆ ئەم سەفەرە هەیە.*

*کەگەڵ سلاو و ریز. کومیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان. عبدالله اسحاقی "زاگروس"س ٩١/ ١/١١/١٩٦٠*
[بەڵگەی ژمارە ١٧] [ کەریم حیسامی ل. ١٤٧ – ١٤٥]

مخابن ڕەتکردنەوەی داواکارییەکەی ئەحمەد تۆفیق و کۆمیتە ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان[لە عێراق] لە لایەن حیزبی کۆمۆنیستی یەکیەتی سۆڤیەتی و بایخنەدانی بە هەوڵەکانی ئەحمەد تۆفیق لە ڕێگای ڕەحیم قازی و مەلا مستەفا بارزانییەوە، پێشی بە بەشداری کردنی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ڕەوتی دامەزراندنی تاقە حیزبی کرێکاری مارکسیستی لە ئێران گرت.

ویدەچی هەڵسوکەوتەکانی یەکیەتی سۆڤیەتی لەگەڵ ڕێبەریی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە دوور کردنەوەی نەمر ئەحمەد تۆفیق لە حیزبی تودەی ئێران، یەکیەتی سۆڤیەتی و باڵی چەپی دیموکراتەکاندا دەورێکی یەکلاکەرەوەی گێرابێ. ڕێبەریی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە باشووری کوردستان کە لە بەیاننامەیەك بە 'بۆنەی ٢٥ی گەلاویژ، ڕۆژی تیوەرسورانی تەمەنی چواردەساڵەی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە گەلاویژەی١٣٣٨/ ١٩٥٩ ئاماژەی بە خەباتی هاوبەش لەگەڵ نەتەوەکانی فارس و ئازەربایجانی کردبوو و *بۆ بەرقەرار و پر توانا بوونی هێزە شۆرشگیر و نیشتمانییەکانی نەتەوەکانی ئیران لە پێناوی بەرەیەکی یەکگرتووی دژ بە ئیستیعمار، دروشمی بژی حیزبی تودەی ئێران و بژی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان[* ٥٠ – ٤٥ یاسین سەردەشتی] دەدا، بە هۆی دڵساردی لە یەکیەتی سۆڤیەتی و حیزبی تودەی ئێران بەرە بەرە و پاشان بە یەکجاری لە کۆنگرەی دووهەمی خۆی لە سەماوەزی ١٣٤٣/

نوامبری ١٩٦٤ لەو بەرەیە دوور کەوت و بە گشتی ڕێبازێکی دیکەی هەڵبژارد.

پاش کۆنفرانسی 'وحدەت'، کۆتایی بە بڵاوکردنەوەی 'کوردستان' هێندرا. ڕۆژنامەی 'آذربایجان' هەتا ژمارەی ١٣٣٤ (١٧٣٥) دەوری سێیەم، چوارشەممە، ٩ی ڕەشەمەی ١٣٤٠ی هەتاویی بە ناوی ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان بڵاو دەبۆوە، بەڵام لە ژمارەی ١٣٣٥ (١٧٣٦) چوارشەمە ١٦ی ڕەشەمەی ١٣٤٠دا بە ناوی ڕێکخراوی ئازەربایجانی حیزبی تودەی ئێران – کۆمیتە ناوەندی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان دەستی بە بڵاو کردنەوە کرد. سەرەڕای ئەوەش، ئاخرین ژمارەی کوردستان[١٣٣٦] وەك ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە نیو لاپەرەکانی ژمارەی١٣٣٧ (١٧٣٨) ڕۆژنامەی 'آذربایجان' ڕێکخراوی ئازەربایجانی حیزبی تودەی ئێران ڕێکەوتی ٣٠ی ڕەشەمەی ١٣٤٠ واتە ١٩ی ئاوریلی ١٩٦١دا دەبیندرێ. بە هۆی ئەوەی ژمارەی ١٣٣٨ی (١٧٣٩) 'آذربایجان' لەبەر دەست نییە، بۆ نووسەری ئەم بابەتە ڕوون نییە ئایا لەو ژمارەیەشدا 'کوردستان بڵاو بۆتەوە یان نا؟ ئەوەی ڕوونە لە ژمارەی ١٣٣٩ی(١٧٤٠) 'آذربایجان" بەدواوە، چوارشەممە، ١٣ بانەمەڕێ ١٣٤٠(٣ی مای ١٩٦١) ئیتر ڕۆژنامەی کوردستان لە باکۆ بڵاو نەبۆتەوە.

هەرچەند ڕێبەرایەتیی حیزبی تودەی ئێران بڵاوبوونەوەی ئەو لاپەرەیەی 'کوردستان'ی لە چوارچێوەی ڕۆژنامەی 'آذربایجان'دا وەستاند، بەڵام بەم هیوایش بوو، بە هۆی نەمران د. عەلی گەلاوێژ، د. ڕەحیم قازی، د. قاسملوو، مامۆستا حەسەنی قزڵجی و مامۆستا کەریمی حیسامییەوە یەکیەتی ڕێکخراوەیی حیزبی تودەی ئێران و حیزبی دیموکراتی

کوردستان دابین بکات. لەبەر ئەوەش، یارمەتیی چاپ و بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەی"کوردستان"ی بە سەرنووسەری دوکتور قاسملوو دا.

*"لە ڕێبەندانی ١٩٦٥ تا خاکەلێوەی ١٩٧٠ بیست و شەش ژمارەی کوردستان لە ئورووپا [پراگ] چاپ و بڵاوکرایەوە."* [کەریم حیسامی، بەرگی ٣. ل ٩-٨]

دوای یەکگرتنی حیزبی تودەی ئێران و فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان چارەنووسی د. ڕەحیم قازی و د. عەلی گەلاوێژ ڕاستەوخۆ تێکەل بە چالاکییەکانی حیزبی تودەی ئێران بوو و لەگەڵ د. عبدوڵڕەحمان قاسملوو، و مامۆستایان کەریمی حیسامی و حەسەن قزڵجی تا سەرەتاکانی دەیەی ٧٠ی زایینی لە ژێر ئەو چەترەدا درێژەیان بە چالاکییەکانی خۆیان دا، بەڵام درەنگتر، بە تایبەت پاش کۆنگرەی سێیەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ڕەزبەری ١٣٥٢ / سێپتامبری ١٩٧٣ و دەستپێکی قۆناخێکی نوێ لە ژیانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە ڕێبەرایەتیی د. قاسملوو، ڕەوتی جیابوونەوەیان لە یەکتر، دەستی پێکرد.

**کۆبەندی**

دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان و حکومەتی میللی ئازەربایجان لە سەرماوەزی ١٩٤٦ و سەرکورتکرانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەڵی کورد و ئازەر، گیران و لە سێدارەدران و دوورخرانەوەی هەزارن کەس لە ڕێبەرایەتی، کادر، ئەندام و لایەنگرانی ئەو دوو نەتەوەیە دەستی پێکرد و ئەوان تووشی چارەنووسێکی هاوبەش هاتن. شۆڕشگێرانی حیزبی دیموکراتی کورد،ستان بۆ بووژاندنەوەی خەباتی نەتەوەیی چ لە ناوخۆی وڵات و چ لەوبەری سنوورەکانی، ملیان بەو بارودۆخە نەداو و، بە پێی دەرفەت و تواناییەکانیان دەستیان بە چالاکییەکی بێ وێنە کرد و نەیانهێشت مەشخەلی شۆڕشی کورد بکوژێتەوە.

بەشێك لە ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستان وەك نەمران حەسەن قزلجی، محەمەد شاپەسەندی، عەبدوڵڕەحمانی زەبیحی، غەنی بلووریان لە باشووری کوردستان دستیان بە چاپ و بڵاوکردنی چەند ژمارەیەکی 'ڕێگا' و ژمارەیەکی 'نیشتمان' وەك ئورگانی کۆمەڵەی ژ، ك کرد و، خوێندکارەکانی کورد وەك ڕەحیم قازی، عەلی گەلاوێژ، سەید کەریم ئەیووبی، مستەفا شەڵماشی، سەید عەزیز شەمزینی و ... لە باکۆ بە یارمەتی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان لە نوامبری ١٩٤٧ وە دەستیان کرد بە چاپ و بڵاو کردنەوەی دەوری دووەمی ڕۆژنامەی 'کوردستان' وەك ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە لاپەرەی دووی ڕۆژنامەی 'آذربایجان' ئۆرگانی فیرقە بە زمانی کوردی. ئەوان بە نووسینی بابەتی

پێوەندییدار بە پرسی کورد، پێکهێنانی 'کۆمیتەی کورد' [١٩٤٨] و کاری هاوبەش لەگەڵ ئەندامانی پارتی دیموکراتی کورد وەك مەلا مستەفا بارزانی، میر حاج و هتد، درێژەیان بە خەبات لە ژێر ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستان دا.

بە داخەوە لە مێژوونووسینی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا لەبەر هەر هۆکارێك بێ، ئاورێك لە چالاکییەکانی ئەو کەسانە نەدراوەتەوە و، بایەخی پێویستی پێ نەدراوە. کاتێك پاش هەرەسی کۆماری کوردستان لە لایەن دەوڵەتی ئێرانەوە و حاکم بوونی فەزایەکی پۆلیسی و گیران و کوژرانی ئازادیخوازانی کورد و نەبوونی بزووتنەوەیەکی بە هێز لە کوردستان، زۆر کەس لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا تووشی بێهیوایی و دڵساردی ببوون و، مامۆستا هێمن لە شیعری 'ڕۆژگاری ڕەش' دا زۆر بە باشی ئاماژە بەو دۆخە دەکات و دەنووسێ:

ئەو ساڵ جێژنەمان تاڵە — دۆژمنی زاڵم زاڵە
لاو جێیان سیاچاڵە — دەستی دۆیان بە تاڵە
وەپاش کەوت خەباتمان — داگیراوە وڵاتمان
تێپەڕی ڕۆژی هاتمان — ڕووخا کۆشکی ئاواتمان
لە پیاوی ئازا و سەرکەش — لە زەحمەتکێشی بێبەش
ئاخنراوە کونە ڕەش — نابینی کەسی ڕووگەش

ڕێك لەو سەردەمەدا، کوردە دیموکراتەکانی دانیشتووی یەکیەتی سۆڤیەتی، بە بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی کوردستان و بەرنامەی نیو سەعاتەی ڕادیۆی 'هەنگ' بە زمانی کوردی لە باکۆ، کە لە کوردستان

وەك ڕادیۆ 'دزە' پێناسە دەکرا، ڕۆڵێکی مێژوویيان لە بەرزکردنەوەی ورەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان گێڕا.

بۆ وێنە لە بەشێك لە ڕاپۆڕتی نهێنیی ٤٠ لاپەڕەیی ڕێکەوتی ٢٠ فێوریەی ١٩٥١، ویلیام س. باردێت[6]، کۆنسۆلی ئەمریکی لە تەورێز سەبارەت بە ئازەربایجانی ڕۆژئاوا کە زانیارییەکانی بە هاوبەشیی چارلز دەبلیو. کۆکس، جونیور[7] جێگری کۆنسۆل کۆکردۆتەوە، لەبارەی کاریگەریی ڕادیۆی 'نهێنیی'[فیرقەی] دیموکراتی ئازەربایجان لە کوردستان هاتووە:

*گرنگترین ئامرازی بانگەشەکردنی کۆمۆنیستەکان ڕادیۆیە. ڕۆژانە بەرنامەی فارسی، تورکی و کوردی لەلایەن وێستگە ئاساییەکانی سۆڤیەتی، هەروەها ڕادیۆی "نهێنی"ی دیموکراتی ئازەربایجان بڵاو دەکرێتەوە.*

*لە هەموو شارەکاندا قاوەخانەکان پڕ لە مشتەرین و هەرکامیان ڕادیۆیەکیان وەك ئامرازی سەرەکیی سەرقاڵکردنی خەڵك هەیە، کە بە کارەبای شار یان باتری کار دەکات. هەروەها ئەو گوندە بچووکانەی کە سەردانیان دەکرا، ڕادیۆی باترییداریان هەبوو؛ دەگوترا تەنانەت لە بچووکترین گوندە شاخاوییەکانی کوردستانیشدا ژمارەیەکی بەرچاو ڕادیۆ بەکارهێنراون. جگە لەوەش هەموو چین و توێژە نەخوێندەوارەکان دەستیان بە ڕادیۆ ڕادەگا و بە هیچ شێوەیەك تەنیا چینی دەوڵەمەند ناگرێتەوە.*

---

[6] William C. Burdett
[7] Charles W. Cox, Jr.

*چۆنیەتیی وەرگرتنی بەرنامەکان لە هەموو ناوچەکاند لە باشەوە تا زۆر باش بوو. [...]*
*کاریگەریی ئەو بەرنامە ڕادیۆییانەی کە لە یەکێتیی سۆڤیەتەوە بڵاو دەبنەوە، لەلایەن ئەو کەسانەوەی سەبارەت بەو بابەتە قسەیان لەگەڵ کرا، پشتڕاست کرایەوە. کەڵکوەرگرتن لە زمانی کوردی بەشێوەیەکی بەرچاو ژمارەی گوێگرەکانی ئەم بەرنامەیەی زۆرتر کردوە. دروستی و خێرایی تۆڕی وێستگە "ژێرزەمینییەکان" لە کۆکردنەوەی هەواڵی ناوخۆییدا بە سەرسوورمانەوە باسی لێ کراوە و هەندێك لە بەرپرسان لە ترسی ئەوەی بکەونە ژێر ڕەخنەی بێژەر، نیگەران دێنە بەرچاو. ئەو دەسەڵاتدارانەی کە ڕێوشوێنی توند دژی چالاکە کۆمۆنیستەکان دەگرنەبەر،[لە لایەن ڕادیۆکەوە] بە ناو هێرشیان دەکرێتە سەر. هەرچەندە هەڵسەنگاندنی ڕێژەی گوێگرانی ئەم وێستگە "شاراوە"یە، یان ڕادەی ئەو بڕواو متمانەیەی کە بە لێدوانەکانی هەیە ئەستەمە، بەڵام دەکرێ بە دڵنیاییەوە بگوترێ، یەکێك لە سەرچاوە سەرەکییەکانی هەواڵ و شرۆڤە لە ناوچەکەدایە. توانای ئەم وێستگەیە بۆ ڕاکێشانی سەرنج و هێرشکردن بۆ سەر حکومەتی ئێران و لێکدانەوەی بارودۆخی ژیانی ئێستا، جێگە و پێگەیەکی بەرچاوی پێداوە.*[ل ٨-٧ ڕاپۆرتەکە]

ئەو چەند کەسەی بە ژمارە کەم، بەڵام پڕ بەرهەم و چالاك، وێڕای تەواوی ئاستەنگییەکانی وڵاتی بەستراوی یەکیەتی سۆڤیەتی، نەك خۆیان بە ئاستە بەرزەکانی زانستی گەیاند، بەڵکوو بە نووسینی کتێبی مێژوویی،

ئابووری و ویژەیی، هەروەها دەرکردنی ١٣٣٧ ژمارەی کوردستان لە باکۆ لە نیوان سالانی ١٩٤٧ تا ١٩٦٠ و لە ٢٦ ژمارەی 'کوردستان'ی نێوان سالانی ١٩٦٥ و ١٩٧٠ لە پراگ، ڕۆڵێکی باشیان لە بەرزکردنەوەی ئاگایی نەتەوەیی خەڵکی کورد گێرا.

ئەوان بەو هیوایە بوون بەڵکوو بتوانن لە یەکیەتی سۆڤیەتی وەك یەکێك لە زلهێزەکانی سەرەکی جیهان کە شوێنی هیوای گەلە چەوساوەکانی جیهان بوو، بۆ قازانجی گەلی کورد کەڵك وەربگرن. هەموو هەوڵ و چالاکی د ڕەحیم قازی، د. عەلی گەلاوێژ، د. قاسملوو، نەمر کەریم حیسامی و مامۆستای پایەبەرز حەسەن قزلجی کە دانیشتووی ولاتە سۆسیالیستەکان بوون، بە پێی پێوەندیی مێژینەی تودە و دیموکرات لە پێناوی پێکهێنانی دەرفەتێك بۆ بە ڕۆژەڤ کردنی پرسی کورد لە ئاستێکی بەرفراوان و بە قازانجی گەلی کورد بوو.

کار و چالاکی ئەم کەسایەتیانە بە بیری چەپ و مارکسیستییەوە دەبێ وەك لاپەڕەیەکی بە نرخ و زێرین لە مێژووی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا پێناسە بکرێ. ئەوان لە هەر دەرفەتێك بۆ خزمەتکردن بە دۆزی کورد کەلکیان وەرگرت و ناکرێ و نابێ یاد، کار، زەحمەت و ناوی بەشێك لەوان لەو سەردەمە مێژووییەدا بزر بکرێ. کار و چالاکی زۆربەی ئەوان لە چوارچێوەی ڕێکخراوەیی حیزبی تودەی ئێران پێویستییەکی بارودۆخی مێژوویی ئەو سەردەمە و زاڵبوونی بیری چەپ، هەروەها هیوای کورد و ئازەر و نەتەوەکانی دیکە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەیی لە سیستمێکی سۆسیالیستی و، بە یارمەتی و هاریکاری یەکیەتی سۆڤیەتی لە جیهانی دوجەمسەریی بوو.

لە دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی 'کوردستان' لە باکۆدا، ڕەحیم سەیفی قازی لە کۆنگرەکانی دوو و چواری حیزبی دیموکراتی کوردستان و،

سولتان وەتەمیشی لە کۆنگرەی سێ وەك ئەندامی ڕێبەریی حیزب هەڵبژێردران. کێشەکانی دەیەی ٧٠ی سەدەی پێشوو لە نێوان ڕێبەرایەتیی حیزبی تودەی ئێران و حیزبی دیموکراتی کوردستان و دەرکردنی د. قاسملوو لە حیزبی تودەی ئێران و قین و تورەیی د. کیانووری سکرتێری حیزبی تودەی ئێران لە د. قاسملوو، کە پێیوابوو حیزبی دیموکراتی کوردستانی لە حیزبی دایك دوور کردۆتەوە، هەروەها بارودۆخی ئاڵۆزی پاش شۆڕشی ٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٧٥ ی هەتاویی، ئەو کەسایەتیانەی وێرای ئەوەی دڵی هەموویان بۆ کورد و کوردستان و حیزبی دیموکراتی کوردستانی لێدەدا و ئاواتیان گەیشتن بە مافی چارەی خۆنووسینی گەلەکەیان بوو، لە یەك دابڕاند. عەلی گەلاوێژ و حەسەنی قزڵجی وەك ئەندامانی ڕێبەریی حیزبی تودەی ئێران لە زیندانی ئێڤینی تاران بە دەستی پیاوکوژانی کۆماری ئیسلامی گیانیان بەختکرد؛ د. قاسملوو سکرتیری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە دەستی تیرۆریستەکانی حکومەتی ئیسلامی ئێران لە ڤییەن تیرۆر کرا، د. ڕەحیم قازی کە پاش گەڕانەوەی لە ئێرانەوە بۆ یەکیەتی سۆڤیەتی کەوتبووە بەر ڕەق و تۆڕەیی ڕیبەرانی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان لە باکۆ و کەریمی حیسامی کە پاش چەند دەیە خەبات، لە ڕێزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەرکرابوو، لە سوید بە هۆی نەخۆشی، و لە دووره وڵاتی سەریان دانا و ماڵئاوایان لە ژیان کرد. بێگومان نووسینی مێژووی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بێ ئاوڕدانەوە لە چالاکیی ئەو کەسایەتیانە ناتەواوە و پێویستە لێکۆڵینەوەیەکی جیددی لەسەر بکرێ.

لە کۆتایی ئەم بابەتەدا سپاسی بەڕێزان ئەنوەر سوڵتانی بۆ پێداچوونەوەی بابەتەکە و، سیاوش رنجبر دائمی دەکەم کە بە دڵگەورەییەوە بەڵگە

ئینگلیزیی و ڕووسییەکانی لەبەر دەستنام. هەروەها ڕێزی تایبەتیم بۆ ڕێزدار بێهروز موتەلیب‌زادە هەیە کە نامەی کۆمیتە ناوەندی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان، دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی ئازەربایجان ڕێکەوتی ٥ی سپتامبری ١٩٥٥ و نامەی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی "کوردستان"، ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ کۆمیتە ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجان ڕێکەوتی ٥ی سپتامبری ١٩٥٧ی لە ئازەربایجانی سێریلیکەوە وەرگێڕایە سەر زبانی فارسی تا بتوانم وەریبگێڕمە سەر زمانی کوردی. سپاس بۆ ڕێزدار کاك حەسەنی قازی کە نامەی نەمر ڕەحیم سوڵتانیانی بە ناوی بۆ 'پێشەوایانی ئازادی جیهان'ی لە فارسییەوە بە کوردی وەرگێڕاوە.

## هەوڵەکانی ڕەحیم سوڵتانیان، حیزبی نهێنی دیموکراتی کوردستان بۆ پێوەندی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی یەکیەتی سۆڤیەتی لە پێناوی بووژاندنەوەی بزووتنەوەی نەتەوەیی

**بەڵگەی ١. لێکدانەوەی تەیموور یەعقوبۆف یەکێك لە بەرپرسانەی ئاسایشی کۆماری ئازەربایجانی سۆڤیەتی سەبارەت بە نامەکانی ڕەحیم سوڵتانیان بۆ باقرۆف و ستالین**

تەواو نهێنی

<u>زانیاریی</u>

سەبارەت بەو بەڵگەنامانەی وا لە پێوەندی لەگەڵ بزووتنەوەی نهێنی دیموکراتیك لە باشووری ئازەربایجان و کوردستانی ئێرانەوە گەیشتووە.

سەرەتای مانگی مارسی ١٩٥٠ کەسێکی نەناسراو بۆ ئێمە، بە ناوی مالیك خاشابایف کە شارومەندی سۆڤیەتە پێوەندی بە هاوڕێ فیدۆرۆف یەکێك لە کارمەندانی بالوێزخانەی سۆڤیەتەوە گرت کە بۆ ڕاپەڕاندنی کاری ئیداری لە تارانەوە هاتبووە تەورێز و، پێ ڕاگەیاند کە چەند نوێنەری دیموکراتەکان بۆ وتووێژێکی گرنگ خوازیاری چاوپیکەوتن لەگەڵ ئێمەن، دوای ڕەتکردنەوەی ئەم چاوپێکەوتنە لە لایەن فیدۆرۆفەوە، مالیك خاشابایف هەر لەو شوێنە، لە لایەن دیموکراتەکانەوە دوو ڕۆژنامە بە ناوی "ئازەراباەگان"، لاپەڕەیەکی خاڵی لە دەفتەری یادداشتێکی چکۆلە و سێ پاکەتی نامەداری مۆرومۆم نەکراوی پێ دا. مالیك خاشابایف لەکاتی پێدانی ئەوان، بە فیدۆرۆفی ڕاگەیاند کە ئەم ڕۆژنامانە خاوەنی پەیامی ڕەمزدارن.

بە پشكنینی ئەم ڕۆژنامانە بۆمان دەركەوت، بە ڕاستی پەیامی كۆدكراو بە زمانی ئازەربایجانی و فارسیی ئاراستەی هاوڕێ م. ج. باقرۆف و سادچیكۆف بالوێزی یەكیەتی كۆمارە سۆسیالیستییەكانی سۆڤیەتی لە ئێران كراوە.

لەم پەیامە كۆدكراوانەدا باسی دامەزرانی ڕێكخراوێكی دیموكراتیكی نهێنی لە باشووری ئازەربایجان كراوە كە ئامادەی پێكهێنانی دەستەگەلی پارتیزانی و، لە ئەگەری وەرگرتنی هەوەڵ سیگناڵ ئامادەی ڕاپەڕینە، هەروەها ناڕەزایەتی دەربڕیوە لە چالاكیی نوێنەرانی ئانگلۆ – ئەمریكی كە چالاكانە لە حاڵی ڕاكێشانی خەڵك بەرەو خۆیانن، لە كاتێكدا ئەوان وەك ڕێكخراوێكی دیموكراتیكی نهێنی هیچ پێوەندییەكیان لەگەڵ ئازەربایجانی سۆڤیەتی نییە، لەبەرئەوەش داوای دامەزراندنی ئەم پێوەندییەی بۆ وەرگرتنی ڕێكارنامە بۆ ڕاپەڕاندنی كارەكانی داهاتوویان دەكەن.

هەروەها لەم پەیامانەدا وێڕای ئاماژە كردن بە نەبوونی بنەمایەكی ماڵی پێویست بۆ ئەم ڕێكخراوە دیموكراتیكە نهێنییە، داوای دامەزراندنی پێوەندیی لەگەڵ نوێنەرانی سۆڤیەتی بۆ وەرگرتنی ڕێكارنامەی پێویست كراوە، جەختیش كراوە كە ئێستا لە باشووری ئازەربایجان و كوردستانی ئێران بە هۆی بارودۆخی ئاڵۆزی سیاسیی و ئابووری، هەروەها كەف و كوڵی شۆڕشگێرانەی جەماوەری خەڵك، بەستێنی گونجاو بۆ شۆڕشی خەڵك پێكهاتووە.

لە یەكێك لەم نامە كراوانەدا كە لەسەر كاغەزێكی بازرگانیی ڕەحیم سوڵتانیان لە مەهابادەوە نووسراوە و ئاراستەی"پێشەوای ئازادیی جیهان" كراوە، كورتە زانیارییەك سەبارەت بە بارودۆخی كوردەكانی ئێران دراوە. نووسەری نامەكە ئاماژەی بە ئاگاداركردنەوەی بەردەوامی

نوێنەرانی سۆڤیەت لە وەزعیەتی کوردانی ئێران، هەروەها [داوای] یارمەتی ماڵی، چەك بۆ دیموکراتەکان و ئامۆژگاریی وردی لە ئەوان[نوێنەرانی سۆڤیەتی] کردوە.

لە دووەم نامەدا کە بۆ "پێشەوای دادپەروەریی و خەبات بۆ ئازادی مرۆڤایەتی" نووسراوە، وێرای کورتە باسێك سەبارەت بە وەزعیەتی تایبەتی کوردستانی ئێران، زانیاریی گشتیی سەبارەت بە چالاکیی حیزبی نهێنی دیموکراتی کوردستان دراوە کە ئێستا نێوی خۆی بۆ "حیزبی ژیانی کورد" گۆڕیوە و پێوەندی نزیکی لەگەڵ حیزبە دیموکراتیکەکانی عێراق، تاران و تەورێز هەیە. نووسەر ئاماژە بە ڕاگەیاندنی تەواوی ڕووداوەکانی کوردستانی ئێران و چالاکی ڕێکخراوەیی ئەم حیزبە نهێنییە بە شێوەی زارەکی بە نوێنەرانی فەرمی سۆڤیەتی لە ئێران دەکات. بێجگە لەوەش، گوایە لە ڕێگەی ئێحسان تەبەری ئەندامی کۆمیتە ناوەندی حیزبی تودەی ئێران، پێوەندیی لەگەڵ نوێنەرانی سۆڤیەت لە تاران هەیە.

ئەم بەڵگەیە لە لایەن حیزبی نهێنی دیموکراتی کوردستان "حیزبی ژیانی کورد" ڕەحیم سوڵتانیانەوە واژۆ کراوە و ڕێکەوتەکەی ٢٤ فێوریەی ١٩٥٠ یە.

لە درێژەی ئەم نامە کراوەیەدا، لیستێك لە ٤٠ هۆزی دانیشتووی دەوروبەری ١٩ شاری کوردستانی ئێران، پێکهاتەی بەڕێوەبەرانی ئورگانە حیزبییەکان، ئامرازی پێوەندی و ڕێژەی ئەو گرووپە تیرۆریستە پێکهاتووانەی تێدایە.

لە سێیەم نامە سەرکراوەکەدا، کە بە زمانی کوردی بۆ مەلا مستەفا نووسراوە، وێرای ئاماژە کردن بە حیزبی نهێنی دیموکرات لە کوردستان، داوای هاوکاریی لێکراوە.

بە پێی نەبوونی زانیاریی وردتر و پێداچوونەوەیان، ئێمە سەبارەت بە بوونی ڕاستەقینەی ڕێکخراو یان گرووپە دیموکراتە نهێنییەکان لە باشووری ئازەربایجان و کوردستانی ئێران، توانایی لێدانەوەیەکی وردترمان لەو بەلگە پێشکەشکراوانەی سەرەوە نییە.

سەرەڕای ئەوەش، پێمانوایە بە پیی بارودۆخی سیاسی و کۆمەلایەتی ئەم دواییەی ئێران و بە تایبەتی باشووری ئازەربایجان و کوردستانی ئێران، ئەگەری بوونی ئەم چەشنە ڕێکخراوە دیموکراتیکە نهێنییانە بە تەواویی مومکینە، بە تایبەت ئەگەر بارودۆخی پێکهاتووی ئەم دواییەی ئێران، هەروەها باشووری ئازەربایجان و کوردستانی ئێران لەبەر چاو بگرین.

بیرۆکەی وەها بە پێی زانیارییە بەردەستەکانمان لەبارەی بوونی ٦ تا ٧ گرووپی لێك جیا لە باشووری ئازەربایجان کە بێ هەبوونی پێوەندیی ڕێکخراوەیی و ناوەندێکی ڕێبەریی، هەر کام لە نێوان ٢٠ هەتا ٧٠ ئەندامیان هەیە و هەولیان داوە لە ڕێگەی ئەندامانی حیزبی تودەوە پێوەندیی بە نوێنەرانی سۆڤیەتی لە ئێرانەوە بگرن، پشتراست دەکرێتەوە.

جگە لەوەش، بوونی ڕێکخراوە دیموکراتیکە نهێنییەکان لە باشووری ئازەربایجان بەگوێرەی ئەو ڕاپۆرتە فەرمییە ئاشکراکراوەی کە ژێنرال[محەمەد] شابەختی فەرماندەی هێزەکانی ئێران لە ئازەربایجان سەبارەت بە بلاوکرانەوەی ئێعلامیە لە شەوی ٣١ مارسی ١٩٥٠ لە تەورێز، بۆ ستادی گشتیی ئەرتەشی ئێرانی ناردوە، پشتراستدەکرێتەوە.

لەم ئێعلامییانەدا باس لە بەردەوام بوونی خەباتی دیموکراتەکان دژ بە کردنی ئێران بە بنکەی نیزامیی ئەمپریالیستە ئەمریکاییەکان، هەرەها هاتنی ژنرالی ئەمریکی کۆلیکس کراوە کە لە پێوەندیدایە لەگەل بەرژەوەندیی ئاگرخۆشکەرانی شەر، بۆ کردنی ئێران بۆ سەکۆییەکی عەمەلیاتە

نیزامییەکان دژ بە یەکیەتی سۆڤیەتی. ئەو ئێعلامییەیە بە بانگکردنی خەڵکی ئێران بۆ بەرگری لە ڕاکێشانی ئەم وڵاتە بۆ شەر کۆتایی پێ دێ. دەکرێ گریمانە بکرێ کە ڕێکخراوی هەواڵگری ئانگلۆ – ئەمریکی لە ئێران ڕەنگە بە هەستکردن بە بوونی هێزە نهێنییەکان لە باشووری ئازەربایجان لە ڕێگەی کاربەرێوەبەرانی خۆیان، کە ڕەنگە ڕەحیم سوڵتانیان کە لە شرکەتی "نەوتی ئانگلۆ – ئێران" کار دەکات و مستەفا سوڵتانیانی باوکیی کارگێڕی فرۆشی بەرهەمە نەوتییەکانی [شرکەتی] "نەوتی ئانگلۆ – ئێران" لە مەهاباد، لەو چەشنە کەسانە بن کە بە ئەفسانەسازیی سەبارەت بە بوونی بەرفراوانی ڕێکخراوە دیموکراتە نهێنییەکان، بیانەوێ لەو ڕێگایەوە کاناڵێك بۆ دزە کردن بۆ نێو ئەم ڕێکخراوە دیموکراتیکە نهێنیانە لە باشووری ئازەربایجان بدۆزنەوە، کەسەکانی خۆیان بخەنە نێو ئەم ڕێکخراوانە و لەم ڕێگایەوە پێوەندیی بگرن بە نوێنەرانی یەکیەتی کۆمارە سۆسیالیستییەکانی سۆڤیەتی. دوور نییە، نوێنەرانی ڕێکخراوە دیموکراتیکە نهێنییەکانی باشووری ئازەربایجان بە هۆی نەبوونی ئەو گومانەوە کە ڕەحیم سوڵتانیان و باوکی ئەو مستەفا سوڵتانیان، پێوەندییان بە ڕێکخراوە هەواڵگرییەکانی ئانگلۆ – ئەمریکییەوە بێ، پێوەندیان پێوە گرتبێتن و لە ڕێگەی خاشابایف شارۆمەندی سۆڤیەتییەوە، بەڵگەکانی سەرەوەیان بە چەشنێکی فەرمی بە نوێنەری سۆڤیەتی لە ئێران دابێ.

<u>پێشنیارەکانی ئێمە</u>

١. سەرەڕای ئەوەی، بوونی دیموکراتە نهێنیەکان لە چەشنی ڕێکخراوەیی یان گرووپی جیاجیا لە باشووری ئازەربایجان، بە شێویەکی بابەتیانە بەو زانیارییانەی کە جگە لە ڕێگەی خاشابایفەوە بە دەستمان

كەوتووە پشتراست دەكرێتەوە، لەگەڵ ئەوەش ئێمە ناتوانین لە ڕێگەی نوێنەرە فەرمییەكانمانەوە لە ئێران بچینە ناو پێوەندیی لەگەڵ دیموكراتەكان، هەروەها لەگەڵ ئەوان پێوەندییەكی ڕاستەوخۆی نهێنی دامەزرێنین، چونكە ئەم چەشنە پێوەندییە ئاشكرا دەبێ.

٢. بە ئیزن وەرگرتن لە دەسەڵاتداران، ٢ تا ٣ كەس لەو دیموكراتە ئێرانییە باوەڕپێكراوە بە ئەزمونانەی دانیشتووی ئازەربایجانی یەكیەتی كۆمارە سۆسیالیستەكانی سۆڤیەتی بۆ لێكدانەوەی بارودۆخ و پشتراستكردنەوەی بوونی ڕاستەقینەی ئەم ڕێكخراوە دیموكراتیك نهێنیانە و كۆكردنەوەی زانیاریی ورد، بۆ باشووری ئازەربایجان بنێردرێن.

٣. دوای لێكۆڵینەوەی وردی وەزعیەتی ڕاستەقینەی باشووری ئازەربایجان و پشتراستكردنەوەی بێگومانی بوونی ڕێكخراوە و گرووپە دیموكراتیكە نهێنییەكان لەوێ، هەنگاوی پێویست بۆ دیاریكردنی چەشنایەتی و شێوازی دامەزراندنی پێوەندیی ئێمە لەگەڵیان و، پێشكەشكردنی جۆرێك لە یارمەتیی بەوان بگیرێتە بەر، هەروەها هەڵبژاردن و ئامادەكردنی كەسانێكی تایبەت بۆ هێنانی نهێنی ئەوان لە داهاتودا بۆ باشوری ئازەربایجان ڕێكبخرێ.

واژۆ. یعقوبۆف

٢٤ ئاوریلی ١٩٥٠

рг/2

1

СОВ.СЕКРЕТНО

## С П Р А В К А
1. Чтобы Вы связали нас с одним Вашим проверенным представителем в посольстве, который мог бы передать Вам наши предложения и вручить нам Ваши указания по ним.

2. Если существование нашей организации необходимо, то обеспечте нас всем, нужным для успеха нашей работы.

3. Как Вы смотрете, если наша партия создаст вооруженные отряды, которые находясь в пограничных районах, смогли бы осуществить связь с Вами и получить от Вас необходимую помощь?

После того, как станет известным наш план действия в будущем, какая помощь будет оказана нам с Вашей стороны?

4. Вся наша партия, местные ее организации и актив, ежедневно требуют указаний и руководства в своей работе. Что мы должны ответить им?

19

\- 3 -

5. Азербайджан и Курдистан имеют в данное время благоприятные условия для революции и мы считаем, что нельза упускать этого революционного возбуждения масс. Нужно поднять народ на революцию, иначе момент может быть упущен, тем более, что внутреннее экономическое напряжение страны пока не отригулировано.

Как Вы советуете?

Необходимо, что бы Ваше доверенное лицо связалось с нами и разрешило все эти вопросы ибо в письме невозможно изложить все наши будущие планы.

В данное время основными вопросами являются:

1. Денежные средства;
2. Вооружение;
3. Соответствующие указания непосредственно через Вашего представителя.

Нельзя скрыть, что наши враги с каждым днем активизируют свою работу и они имеют в своем распоряжении и средства и всякую другую помощь.

Не имея не каких средств, мы имеем за собой большинство народа, который находясь под гнетом жестокой эксплоатации, сплотился вокруг нас и готов жертвовать собой во имя свободы.

Настроение наших товарищей исключительно бодрое и нужно только не оставлять их в положении не определенности, что бы они не падали духом.

ЦК демократической партии Азербайджана и Курдистана.

Подпись: ЛАЛЕ.

Верно: ЗАМ.НАЧ.1 ОТДЕЛА МГБ АЗЕРБ ССР
ПОЛКОВНИК [signature] /НАЗАРЛИ/

**بەڵگەی ٦. نامە بە ناوی حیزبی دیموکراتی ئازەربایجان و کوردستان بۆ میر جەعفەر باقرۆف سەرۆك کۆماری ئازەربایجان**

وەرگێڕان لە زمانی فارسییەوە بە ڕەمز

باوکی بەرێز و سەرکردەی گەورەمان، سەرۆکی کۆماری ئازەربایجان،
هاوڕێ م. ج. باقرۆف

بە ناوی جوتیاران، زەحمەتکێشان و هاوڕێیان و خۆمەوە لە قوڵایی دڵەوە سڵاوتان لێ دەکەم.
ئەوە چوار ساڵە برا خوێنیەکانتان - خەڵکی ئازەربایجان لەژێر کویلەتیدا دەژین و سەختترین ڕەنج و ئازارەکان تەحەمول دەکەن.
نە ئەوانەی لێرە ڕۆیشتوون و نە برا ئازەربایجانییەکانمان کە تا ئێستاش لێرە ماون، یادێك لە ئێمە ناکەن و ئاگاداری دۆخی ڕاستەقینەی ئێمە نین.
ئەوان نەدەبوو بهێڵن ئێمە لە ژێر دەستی دوژمنی ئاشکرادا بمێنینەوە. ئێمە هیچ پێوەندییەکمان لەگەڵ ئێوەدا نییە، تەنانەت بۆ ئەوەی لە دۆخی خۆمان ئاگادارتان بکەینەوە.
ئەو جووتیارانەی سەردەمانێك هاوڕێ و خەباتکارمان بوون، ئێستا پەرش و بڵاون، زۆرێکیان یان گیانیان لەدەستداوە یان ناچاربوون ئازەربایجان بەجێبهێڵن. هاوڕێیان دەڵێن برا ئازەربایجانییەکانمان کاتێك وەبیر ئێمە دەکەونەوە کە گەلانی باشوری ئازەربایجان و کوردستان لە ناو چووبێتن.

گەنجە ئازاکان و بە ساڵداچووەکانی شەریفی ئێمە لەژێر فشاری دوژمناندا گیان لەدەست دەدەن. دەمێکە ماڵ و سامانی ئێمە تاڵان کراوە و شەرەفمان لەلایەن بێشەرمەکانەوە پێشێلکراوە.

ئایا ئێمە بەم شێوەیە ڕێکەوتین؟

لە کاتە سەختەکاندا خوشك و براکان دەبێ چاویان لە یەکتر بێ.

باوکی ئازیز!

هەموو میللەتەکەمان چاوەڕێی ڕزگاربوونیان بە دەستی ئێوەن.

لە ئێستادا ئەو ڕێکخراوەیەی ئێمە بە نهێنی دامانمەزراندووە، ئامادەیە بە یەکەم ئاماژە ڕاپەڕی و هێزی پارتیزانی بۆ ئەو مەبەستە ئامادە بکات. تەنها چاوەڕێی فەرمانی ئێوەین باوکی ئازیز.

١ .ئەگەر ئێوە پاڵپشتی ماڵی و یارمەتی چەکوچۆڵمان بکەن، دەتوانین هاوڕێکانمان بنێرین بۆ شوێنێکی دیاریکراو لە نزیك سنوور بۆ وەرگرتنی کەرەستەکان و دواتر بەپێی پلانی ئێوە کار بکەین. لەو حاڵەتەدا هەموو هێزەکانمان ڕادەپەڕێن و کارەکە کۆتایی پێدێنن. لە ئێستادا خەڵك وەها شۆڕشگێر و ئامادەی شۆڕشن کە بچووکترین پەلەپیتکە [بۆ دەستپێکردنی شۆڕش] بەسە.

٢. پێویستە لە لایەن ئێوەوە کەسێك بە ئێمە بناسێندرێ کە بتوانێ پێوەندی لە نێوانماندا دامەزرێنێ و بۆچوونەکانمان بگەیەنێتە ئێوە و ڕێنوێنییەکانتان بگەیەنێتە ئێمە.

ئێمە هەمیشە ئامادەین هەر فەرمانێك بدەن بە جێ بێنین. تەنیا تکامان ئەوەیە، ئێمە بێ سەرکردایەتی و ئاوڕ لێدانەوە بەجێ نەهێڵن. ئازەربایجانەکەمان خەریکە لەناو دەچێ و دەڕووخێ.

چارەسەر، چارەسەر، چارەسەرا!

گروپە ئانگلۆ-ئەمریکییەکان و نوێنەرانی حکومەتەکان هەموو هەوڵێك دەدەن بۆ ئەوەی خەڵك بۆ لای خۆیان ڕابکێشن. بە بیانووی فێرکردنی زمانی ئینگلیزی، کۆڕی جۆراوجۆر پێکدەهێنن و دەیانکەنە ناوەندی بانگەشەی خۆیان.

هەڵبەت، زۆرینەی خەڵك لەگەڵمانن، بەڵام بەڵێنەکانی ئێمە هەر لەئاستی قسەکردندا ماوەتەوە و ئەوان[دوژمنان] لە حاڵی جێبەجێ کردنیدان. ئێمە نازانین تا کەی دەبێ بە بەڵێندان خەڵکی تێر بکەین. نازانین بۆچی ستالینی گەورە کە ئازادی بۆ هەموو گەلان دابین کردوە، میللەتی ئێمەی کە لەو دەڕوانن لەبیر کردووە.

گەلێك سڵاو بێ لە ستالینی مەزن!

سڵاو لە هەموو ئەو هاوڕێ و برایانەمان کە لە یادماندان.

هاوڕێیان!

دوژمنەکانمان چەندە ئەشکەنجەمان بدەن، ئیرادەمان نالەرزێ.

بژی یەکیەتی سۆڤیەت کە ئازادی گەلان لە سەرانسەری جیهاندا دەپارێزێ و سەرکردەکەی، ستالینی گەورە!

بژی ڕێبەری کۆماری ئازەربایجان هاوڕێ م. ج. باقرۆف!

بە ناوی حیزبی دیموکراتی ئازەربایجان و کوردستان، شاری تەورێز.

پشتڕاستکراوەتەوە:

جێگری سەرۆکی ئیدارەی یەکەمی وەزارەتی ئاسایشی دەوڵەتی ئازەربایجانی کۆمارە سۆسیالیستەکانی سۆڤیەتی

سەرهەنگ /نەزەرلی/ واژۆ

22

Перевод с азербайджанского языка, с тайнописи.

УВАЖАЕМЫЙ НАШ ОТЕЦ И ВЕЛИКИЙ РУКОВОДИТЕЛЬ, ГЛАВА АЗЕРБАЙДЖАНСКОЙ РЕСПУБЛИКИ

товарищ М.Д. БАГИРОВ.

Шлю большой сердечный привет от имени крестьян, трудящихся, товарищей и себя лично.

Уже четвертый год, как Ваши кровные братья-азербайджанский народ, живут под гнетом и переносят самые тяжелые мучения.

Как ушедшие отсюда, так и те наши братья-азербайджанцы, не вспоминают нас, и не знают истинного нашего положения.

Они все же не должны были допустить, чтобы мы остались в руках от"явленных врагов. Мы не имеем никакой связи с Вами, хотя бы для того, чтобы информировать Вас о нашем положении.

Те крестьяне, которые были нашими товарищами и партизанами, совершенно разбрелись ибо 80% из них погибают или вынуждены покинуть Азербайджан.

Товарищи говорят, что наши братья-азербайджанцы якобы вспомнят нас тогда, когда народы Южного Азербайджана и Курдистана окончательно погибнут.

Наша смелая молодежь и честные старики погибают под пятой врага.

Имущество наше давно разграблено, а честь наша со стороны безчестных, растоптана.

Разве мы договаривались так?

Брат и сестра в тяжелые дни должны искать друг друга.

Дорогой отец! Весь наш народ ожидает от Вас спасения.

В данное время, в подполье созданная нами организация готова по первому сигналу поднять восстание и подготовить к этому партизанские отряды. Только от Вас, любимого отца, ожидают указания.

- 2 - 23

1.Если с Вашей стороны будет денежная поддержка и помощь оружием,мы сможем послать к границе своих товарищей в условленное место за получением всего и затем действовать по Вашему плану.Тогда все наши отряды поднимутся и завершат дело.

Народ сейчас настолько революционно настроен и готов к революции,что достаточно малейшего толчка ему.

2.С Вашей стороны должен быть человек,который бы мог осуществлять связь между нами,передавая Вам наши мнения и получая от Вас указания,передавать нам.

Мы всегда готовы поступить и действовать так,как Вы укажите.

Просим только не оставлять нас без руководства и внимания.

Азербайджан наш разоряется и погибает.

Выход,выход,выход!!!

Англо-американские группы и представители властей, принимают все меры к тому,чтобы привлечь народ на свою сторону.

Под видом изучения английского языка,они создают разные кружки,превращая их в пункты своей пропаганды.

Правда,большинство народа с нами,однако наши обещания пока остаются на словах,а они действуют.

Мы не знаем,до каких пор будем кормить народ обещанием.Мы не знаем,почему давший всем народам свободу Великий СТАЛИН,забывает наш народ,который обратил к нему свои взоры.

От нас большой привет Великому СТАЛИНУ.

От нас привет всем товарищам и братьям,нас вспоминающим.

Товарищи! Сколько бы враги не мучали нас,наша воля не поколебима.

24

- 3 -

Да здравствует Советский Союз, защищающий свободу народов во всем мире и его вождь Великий СТАЛИН!

Да здравствует руководитель Азербайджанской Республики товарищ М.Д.БАГИРОВ!

От демократической партии
Азербайджана и Курдистана

гор.Тавриз

Верно: ЗАМ.НАЧ.1 ОТДЕЛА МГБ АЗЕРБ ССР
ПОЛКОВНИК
/НАЗАРЛИ/

# کوردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە یەکیەتی سۆڤیەتی، کێشە و پرسەکان

**بەڵگەی ٧. تایبەتی حیزبی. لە پێوەندیی لەگەڵ هاورێ سەیفی قازی ڕەحیم ئەبولحەسن ئوغڵی ئەندامی دەفتەری سیاسی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان**

سەیفی قازی ڕەحیم لە گوندی گوێگجەلی لە ناوچەی میاندوا لە دایک بووە. میللیەتی کوردی هەیە. باوکی سەرۆکی هۆزێکی کورد بوو - **XXXXXX** سیف‌القضات/ئایینیی/.
ساڵی لە دایکبوونی ١٩٢٦ ە. لە ئێران خوێندنی سەرەتایی تەواو کرد. لێرە مەدرەسەی حیزبی تەواو کرد. ئێستا ناوزەدی دوکتورای مارکسیسم لێنینیسم لە زانستگای دەوڵەتی ئازەربایجانە. شارەزای زمانی ئازەربایجانی، فارسی و ڕووسییە.
بەشداریی لە بزووتنەوەی کورد لە حیزبی ژ کاف کردوە، لە ساڵی ١٩٤٦ەوە ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستانە
لێرە بۆ کۆمیتە ناوەندیی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان هەڵبژێردراو دوای گۆڕانکارییەکانی یەکی ژوئەن چووە ناو دەفتەر[سیاسی] فیرقەی دیموکرات، هەم بۆ بەرەو پێش کێشانی کادرە لاوەکان و هەم هەوڵ بۆ پێدانی دەرفەت بۆ [کۆکردنەوەی] ئەزموون بۆ کار لە کوردستاندا.
لێهاتووە. شارەزاییەکی باشی لە سیاسەت هەیە. مژدەی ئەوە دەدات ببێتە حیزبیەکی باش، ئەگەر لە ژێر چاودێرییەکی بەردەوامدا بێ. زۆر لە ژێر کاریگەریی دەوروبەریدایە. تا ڕادەیەك هەڵەشەیە، جاروبار تووڕە و تۆسنه[**XXXXXXXX** بەڵام باری باشییەکەی زاڵە بەسەر ئەم کەمایەسییانەیدا.
٣٠. ٧. ١٩٥٣ واژۆی دانشیان و کامبەخش

449

## ПАРТИЙНАЯ ХАРАКТЕРИСТИКА

на члена Бюро ЦК АДП тов. СЕЙФ-КАЗИ Рагима Абулгасан ог.

---

СЕЙФ КАЗИ Рагим родился в местечке Геойджали в районе Миянедуаба. По национальности курд. Отец предводитель курдского племени - ~~курдский~~ Сейф-оль- Гозат /духовный/. Год рождения 1926. В Иране получил начальное образование. Здесь окончил партийную школу. Ныне аспирант АГУ по Марксизму - Ленинизму. Знает азербайджанский, фарсидский и русский языки.

Принимал участие в курдском движении в партии ЖК, а с 1946 г. член Курдистанской Демократической партии.

Здесь был кооптирован в ЦК Азербайджанской Демократической партии, а после преобразования 1-го июня введен в Бюро ЦК, что вызвано как продвижением молодых кадров, а также стремлением дать ему политический опыт для работы в Курдистане.

Способен. Не плохо разбирается в политике. Сулит стать хорошим партийцем если держать его под постоянным наблюдением. Весьма подвержен влиянию среды. Несколько тороплив, иногда невыдержан. xxxxxxxxxx Но его хорошие качества превалируют над этими недостатками.

30/VIII-53

**بەڵگەی ٨. نامەی کۆمیتە ناوەندی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان، دەستەی نووسەرانی'کوردستان' بۆ کۆمیتە ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجان**

بۆ کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجان
دەرچوونی دەوری دووەمی ڕۆژنامەی 'کوردستان' ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە نوامبری ساڵی ١٩٤٧دا دەستی پێکرد. ڕۆژنامەی کوردستان لە لاپەڕەی دووەمی ڕۆژنامەی "آذربایجان"، ئۆرگانی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان، وەك بڵاوکراوەیەکی سەربەخۆ بە زمانی کوردی و بە ئەدەبیاتێك بڵاودەکرێتەوە کە خەڵك لە سەرانسەری کوردستان لێی تێبگەن.
تا ئێستا ٧٦٧ ژمارەی ڕۆژنامەکە دەرچووە.
ڕۆژنامەی کوردستان کە بە فۆرماتی ٨٤X٦٢ چاپ دەکرێ، لە ئێستادا زۆرتر ئەم بابەت و پرسانەی خوارێ لە خۆ دەگرێت:
١. خەباتی کوردانی ئێران، عێراق، تورکیا، و بە گشتی خەباتی جەماوەری گەل، دژی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرەستی، هەروەها خەباتیان بۆ ئاشتی و ئازادییە نەتەوەییەکان.
٢. دۆستایەتی هەموو گەلانی نیشتەجێی ئێران، بەهێزکردنی بەرەی یەکگرتووی هێزە پێشکەوتنخوازەکان لە خەباتی یەکگرتوویان لە دژی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرەستی.
٣. ئاشکراکردنی سیاسەتی دژە گەلیی حکومەتەکانی ئێران، تورکیا وعێراق بەرامبەر بە خەڵکی ئەو وڵاتانە، هەروەها ئاشکراکردنی کردەوەی تاڵانکاریی ئیمپریالیستەکان.

٤. ئاشكراكردنی تالانی سەرچاوە نەوتییەكانی ئێران و عێراق لەلایەن ئیمپریالیستەكانەوە.

٥. وێرانكرانی شارەكان و لەناوبرانی فەرهەنگ، كشتوكاڵ، ئاژەڵداری و پیشەسازی و هتد لە كوردستان.

٦. لێكدانەوەی گشتیی بارودۆخی ناوخۆی وڵاتانی ئێران، توركیا و عێراق.

٧. ناساندنی ژیان و بەرهەمی ئەدەبی و سیاسیی هونەرمەندە ناودارەكانی كوردستان.

٨. یەكیەتی سۆڤیەت و سەركەوتنەكانی دیموكراسیی گەل لە بوارە جیاجیاكاندا.

٩. یەكیەتی سۆڤیەت و خەباتی لەپێناو ئاشتی.

١٠ پەرەگرتنی بزووتنەوەی ئاشتیی جیهانی و سەركەوتنەكانی.

١١. داكشانی-سیاسی و ئابووری وڵاتە سەرمایەداریەكان.

١٢. چڕكردنەوەی خەباتی بزووتنەوە دژە ئیمپریالیستەكان لە وڵاتانی بەستراوە-و داگیركراودا:

١٣. سەرلەنوێ بڵاوكردنەوەی پوختە، یان وەرگێڕانی بەشێك لەو بەرهەمانەی وا لە بڵاوكراوەكانی سۆڤیەتدا سەبارەت بە كورد دەنوسرێن.

١٤. ڕەنگدانەوەی ژیان و پێشكەوتنی كوردانی نیشتەجێی یەكیەتی سۆڤیەت.

١٥. تیۆری ماركسیزم- لینینیزم.

١٦. نووسینی هەواڵی ئێران، توركیا، و عێراق، هەروەها هەواڵ و ڕووداوەكانی پێوەندیدار بە ڕووداوە نێودەوڵەتییەكان.

ڕۆژنامەی "کوردستان" لە ئەنجامی٨ ساڵ کارکردنی بەردەوام لە بواری ڕۆژنامەگەریدا، ئێستا، تا ڕادەیەکی دیاریکراو، سەرکەوتوو بووە لە ڕاهێنانی ئەو کادرانەی کە پێویستیەتی.

هەموو ئەم کادرانە خەڵکی کوردستانی ئێرانن و لەو هاوڕێیانەن کە هەم شارەزای زمانی کوردین و هەم ئاشنای هەلومەرجی ئێستای کوردستانن.

ئەم کادرانە کە بێ جیاوازی ئەندامی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجانن، لە ئەنجامی خوێندنیان لە مەدرەسەی حیزبی تا ڕادەیەکی دیاریکراو خاوەنی زانیاریی لە مارکسیزم- لینینیزمن و یەکێکیان سەرکەوتوو بووە لە وەرگرتنی بڕوانامەی زانستی ئابووریی سیاسیش.

ڕۆژنامەی "کوردستان" لە بیچمی ڕۆژنامەی "آذربایجان" بە هاوکارییەکی نزیك و برایانە لەگەڵ دەستەی نووسەرانی دەردەچێ، ئەم مەسەلەیە یارمەتیەکی بەرچاو بە بەرزکردنەوەی چۆنیەتی ڕۆژنامەی کوردستان و بەتایبەتی لە دیاریکردن و بەرەپێشبردنی ڕێبازی سیاسی و کاروباری ڕۆژانەی دەدا.

ئەگەر ڕۆژنامەی "کوردستان" لە چوارچێوە و بازنەی هەو ئەو خوێنەرانی ئێستادا بمێنێتەوە، ئەوە پێویست بە هیچ گۆڕانکارییەکی تایبەت ناکات و لە ئەنجامدا ڕۆژنامەی "کوردستان" بە هەمان فۆرماتی پێشوو لە بیچمی ڕۆژنامەی "ئازەربایجان" دەردەچێ.

ئەگەر ڕۆژنامەی "کوردستان" لە شوێنەکانی تر خوێنەری زیاتری هەبێ و بتوانرێ بە شێوەیەکی بەرفراوانتر بڵاو بکرێتەوە، لەو حاڵەتەدا پێویستی بە گۆڕانکاری دەبێ و ناکرێ چیتر ئەم ڕۆژنامەیە لە بیچمی ڕۆژنامەی "آذربایجان" دا چاپ و بڵاو بکرێتەوە، چونکە لە ڕۆژنامەی "آذربایجان"دا ناو و وێنەی جۆراوجۆر لە کەسایەتی، خەڵك و شوێنە جیاوازەکان، هەروەها بابەتی پیوەندیدار بە کەسایەتییە حزبییەکان و

چالاکیی ئەوان بڵاو دەبێتەوە، وا باشترە ئەو جۆرە بابەتانە لە هیچ حاڵەتێکدا لە ناوچەکانی دیکەدا بڵاونەکرێنەوە.
ئەگەر  هەست بە پێویستی بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی "کوردستان" لە نێوان ژمارەیەکی زۆرتر لە خوێنەراندا بکرێ، ئەوە باشتر دەبێ ڕۆژنامەی "کوردستان" جیا لە ڕۆژنامەی "آذربایجان"، لە دوو لاپەڕە و وەك ڕۆژنامەیەکی سەربەخۆ بڵاوبکرێتەوە.
بێگومان تەنانەت لە حاڵەتێکی واشدا ڕۆژنامەی "کوردستان" هەر دەبێ بە هاوکاری برایانانەی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی "آذربایجان" چاپ و بڵاو بکرێتەوە، چونکە وەك لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا، ئەم هاوکارییە هاوبەشە، یارمەتیدەرێکی گەورەیە بۆ ڕۆژنامەی "کوردستان".
ڕۆژنامەی "کوردستان" لە فۆرمی نوێی خۆیدا پێویستە لە هەمان شوێنی پێشوو چاپ بکرێ، چونکە بەو شێوەیە جگە لە نزیکبوونەوە لە دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی "آذربایجان"، پاراستنی نهێنی ڕۆژنامەکە و هەروەها پرسی دابینکردنی کادر دەتوانرێ بە هاسانی چارەسەر بکرێ.
واژۆ:
کۆمیتەی ناوەندی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان
ڕەحیم قازی و   واژۆی دووەم ناخوێندرێتەوە
"دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی کوردستان"
٥ی سپتامبری ١٩٥٥

85

87

Азәрбајҹан Коммунист партијасынын
Мәркәзи Комитәсинә

Күрдүстан Демократ партијасынын органы олан "Күрдүстан" гәзетинин нәшр эдилмәсинин икинчи дөврү 1947-чи илин нојабр ајындан башламышдыр. "Күрдүстан" гәзети Азәрбајҹан Демократ партијасынын органы олан "Азәрбајҹан" гәзети илә бирликдә /"Азәрбајҹан" гәзетинин икинчи сәһифәсиндә мүстәгил гәзет шәкилиндә/, күрд дилиндә /бүтүн Күрдүстан үчүн әдәби диалект сајылан вә бүтүн күрдләрин başа дүшдүјү диалектдә/ чап олунур. Индијә гәдәр гәзетин 767 нөмрәси нәшр эдилмишдир.

34 х 62 форматында нәшр олунан "Күрдүстан" гәзети һал-һазырда әсас э"тибарилә ашағыдакы мөвзулары ишыгландырыр:

1. Иран, Түркијә вә Ираг Күрдүстанынын /әсасән/ Иран Күрдүстанынын/ халг күтләләринин империализм вә иртиҹа әлејһинә, сүлһ вә милли азадлыг уғрунда мүбаризәси;

2. Иранда јашајан халгларын достлуғу, өлкәдәки бүтүн мүтәрәгги гүввәләрин вәһид антиимпериалист ҹәбһәсинин мөһкәмләнмәси;

3. Иран, Түркијә вә Ирагда олан мүртәҹе һаким даирәләрин халга зидд сијасәтинин вә һабелә империалистләрин бу өлкәләрдәки зүлмкар әмәлијјатынын ифшасы.

4. Иран вә Ирагын нефт сәрвәтләрини гарәт эдән империалист инһисарларын ифшасы.

5. Күрдүстанын маариф, әкинчилик, сәнәткарлыг вә малдарлығынын ифласы, шәһәрләрин харабалашмасы вә с.

88

2.

6.Ирән,Түркийә вә Ираг әлкәләринин дахили вәзиййәтинин үмуми тәһлили.

7.Күрдүстәнын мәшһур әдәби вә сияси сималарынын һәят вә фәалиййәти.

8.Совет Иттифагы вә хәлг демократиясы өлкәләринин мүхтәлиф саһәләриндәки мүвәффәгиййәтләри.

9.Совет дөвләтинин сүлһ уғрунда мүбаризәсиц

10.Бейнәлхәлг сүлһ һәрәкәтынын йүксәлиши вә мүвәффәгиййәтләри.

11.Капиталист әлкәләринин игтисади вә сияси тәнәззүлү.

12.Мүстәмләкә вә асылы өлкәләрдә антиимпериалист һәрәкәтын күчләнмәси.

13.Совет мәтбуатында күрдләр һаггында язылан әсәрләрин тәм вә яхуд хүласә тәрчүмәси.

14.Совет Иттифагы күрдләринин һәят вә инкишафы.

15.Мәрксизм-ленинизм нәзәриййәси.

16.Ирән,Түркийә вә Ираг һаггында,һабелә бейнәлхәлг һадисәләр бәрәсиндә хәбәрләр.

"Күрдүстән" гәзетиндә 3 ил ишләмәк нәтичәсиндә инди мүәййән дәрәчәдә журналистлик ихтисасына малик олан кадрлар етишмишдир.Бу кадларын һамысы Ирән Күрдүстаны әһалисиндән олуб күрд дилини билән вә Күрдүстән һәятына бәләд олан йолдашлардырлар. Истисnasыз оларак АДП-нин үзвү олан һәмин кадрлар партия мәктәбиндә тәһсил этмәклә Мәрксизм-ленинизми мүәййән дәрәчәдә өйрәнмиш,онлардан бир нәфәри исә сияси игтисад элми үзрә элмләр намизәди адыны алмышдыр.

89

3.

"Күрдүстән" гәзети "Азәрбайчан" гәзети илә бирликдә онун редаксиясы илә яхын әмәкдашлыг вә гаршылыглы ярдым шәраитиндә нәшр эдилир. Бу исә "Күрдүстән" гәзетинин кейфиййәтчә, хүсусилә күндәлик сияси хәтт һәрәкәт э"тибарилә доғру вә дүзкүн чыхмасына бөйүк ярдым көстәрир.

"Күрдүстән" гәзети әкәр индики мәһдуд охучулар чәрчивәсиндә галарса, орада һеч бир дәйишиклик яратмаға эһтияч йохдур. Йә"ни "Күрдүстән" гәзети индики ериндә, һәмин формат вә шәкилдә, "Азәрбайчан" гәзети илә бирликдә чап вә нәшр эдилмәлидир.

"Күрдүстән" гәзетинин башга бир ердә, даһа кениш охучулар арасында яйылмасы нәзәрдә тутуларса, онда һәмин гәзетдә бир сыра дәйишикликләр яратмаг лазымдыр: Бу һалда гәзет "Азәрбайчан" гәзети илә бирликдә чап вә нәшр эдилә билмәз. Чүнки "Азәрбайчан" гәзетиндә шәхсләрин вә районларын адлары, шәкилләр вә партия тәшкилаты ишләринә аид мәгаләләр дәрч олунур. Бу материалларын башга ердәрдә яйылмасы мәсләһәт дейилдир. Демәли "Күрдүстән" гәзетинин кениш охучулара чатдырылмасы зәрури көрүнүрсә, онда һәмин гәзети "Азәрбайчан" гәзетиндән айры, мүстәгил гәзет шәкилиндә, ики сәһифәдә нәшр эдилмәси мәгсәдә уйғун олар. Лакин бу һалда да "Күрдүстән" гәзети енә дә "Азәрбайчан" редаксиясы илә яхын әмәкдашлыг шәраитиндә нәшр эдилмәлидир. Чүнки юхарыда көстәрилдийи кими бу әмәкдашлыг "Күрдүстән" гәзетинә бөйүк ярдым көстәрир. "Күрдүстән" гәзети бу ени формада да әввәлки ериндә чап эдилмәлидир. Чүнки бу һалда "Азәрбайчан" редаксиясына яхын олмагдан әлавә "Күрдүстән"



90

4.

гәзетинин сиррлилийи вә һәбелә кәдр тә"минаты мәсәләси дә әсәнлыгла вә даһә яхшы һәлл олуна биләр.

АДФ МК
"Күрдүстән" гәзетинин редаксиясы.

5 сентябр 1955-чи ил.

**بەڵگەی ٩. نامەی دەستەی نووسەرانی رۆژنامەی'کوردستان' لە باکۆ بۆ کۆمیتە ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجان لە پێوەندی لەگەڵ لابردنی نێوی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ڕیزی پێکهێنانی حیزبی یەکگرتووی مارکسیستی کرێکاری لە ئێران**

بۆ کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجان

کۆپی بۆ کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی یەکیەتی سۆڤیەت.
کۆپی بۆ کۆمیتەی ناوەندی حیزبی تودەی ئێران.
کۆپی بۆ کۆمیتەی ناوەندی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان.

هاوڕێیانی ئازیز!
هەروەك دەزانن لە ساڵی ١٩٥٣بەدواوە بە مەبەستی پتەوکردنی پێوەندیی نێوان هێزە دیموکراتیکەکانی کوردستان و ئازەربایجان، نامەنووسینی بەردەوام لە نێوان حیزبی تودەی ئێران و فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان لە ئارادا بووە.
لەو پێوەندیەدا یەکەم بەڵگەنامە، نامەیەك حیزبی تودەی ئێران بۆ فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان سەبارەت بە یەکگرتوویی ڕێکخراوەیی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان و حیزبی دیموکراتی کوردستانی نووسیوویەتی.
حیزبی تودەی ئێران لەم نامەیەدا پێشنیاری ئەوە دەکرێ کە حیزبی دیموکراتی کوردستان و فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان وێڕای پاراستنی کۆمیتەی ناوەندی خۆیان لە ئازەربایجان و کوردستان، لەژێر سەرکردایەتی حیزبی تودەی ئێراندا کار بکەن.

لە وەڵامی ئەو نامەیەدا، فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان پێشنیاری کردبوو، لە جیاتی 'وحدت'ی ڕێکخراوی حیزبی دیموکراتی کوردستان و فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان و چالاکییەکانیان لە ژێر سەرکردایەتیی حیزبی تودەی ئێران، باشترە فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان و حیزبی دیموکراتی کوردستان سەربەخۆیی خۆیان بە تەواویی بپارێزن، و لەجیاتی، ئەو سێ حیزبە برایە بە هاوبەشی، بزووتنەوەیەکی هاوبەش دروست بکەن و بۆ پێشخستنی، کۆمیتەیەکی کارگێڕی هاوبەش بە بەشداری نوێنەرانی کۆمیتەی ناوەندی لە هەر سێ حیزبەکە، پێکبهێنن.

لە نامەیەکدا کە دواتر لە ساڵی ١٩٥٧ لە لایەن کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی یەکیەتی سۆڤیەت، کە ئاراستەی کۆمیتەی ناوەندیی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان و کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی تودەی ئێران کرابوو، باس لەوە کرابوو کە بە مەبەستی بەهێزبوونی پێگەی هێزە دیموکراتییەکان لە ئێران، پێویست بە کۆبوونەوەیەکی هاوبەش لە نوێنەرانی ئەو سێ حیزبە برایە هەیە، واتە کۆبوونەوەی دەستەی سیاسیی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی تودەی ئێران، دەستەی کارگێڕی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان، و نوێنەرانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانمان بە کارێکی باش دەزانن.

وەك لە دەقی سەرەوە دیارە، هەر لە دەستپێکەوە و لە سەرەتای لە ئارا هاتنی ئەم پرسە، لە هەموو بەڵگەنامەکانی پێوەندیدار بە پێوەندییەکانی حیزبی تودەی ئێران، فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان و حیزبی دیموکراتی کوردستان، ئەم پرسانە گفتوگۆیان لەسەر کراوە.

بەڵام سەرەڕای هەمووی ئەمانە، لە نامەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی تودەی ئێران کە لە ٢٦ی ئاگوستی ١٩٥٧دا بۆ کۆمیتەی ناوەندیی فیرقەی

دیموکراتی ئازەربایجان نووسراوە، بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستان لابراوە و لە پێکهاتەی بەشداربووانی کۆبوونەوەکەدا، نێوێك لە نوێنەرانی ئەم حیزبە نییە.

سروشتییە کە ئەم دانیشتنە ڕاوێژکارییە سەرەتاییە دەیتوانی لە چارەنووس و داهاتووی هێزە دیموکراتیکەکان لە ئێراندا دەوری هەبێ و لابردنی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە لایەن حیزبی تودەی ئێرانەوە، لە هەر حاڵدا، چ لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە بێ یان ڕێکخراوەیی، کارێکی هەڵەیە. بۆیە بە پێویستی دەزانین ئەم خاڵانەی خوارەتان پێ ڕابگەیەنین.

حیزبی دیموکراتی کوردستان دوازدە ساڵ لەمەوبەر، لەسەر بنەمای ویست و هیوای جەماوەری بەرفراوانی گەلی کورد دروست بوو و وەك حیزبێکی دژە فاشیست و دژە ئیمپریالیزم، لە بڵێسەی ئاگری خەباتی مافخوازانەی ئەوان سەری هەڵێناوە و حیزبێکی شۆڕشگێڕ و مارکسیست لینینیستە.

حیزبی دیموکراتی کوردستان کە ڕەگ و ڕیشەی قووڵی لە نێو خەڵکی کوردستاندا هەیە، لە هەموو ڕێکخراوەکانی دیکە باشتر لە پێداویستییەکانی تێدەگات و، لە کاتی خۆیدا دەیەوێ بۆ دابینکردنی ئەم پێداویستیانە یارمەتی بە شۆڕشی چەکداریی ئەوان بدات.

لە مێژووی خەڵکی کوردستاندا ئەوە حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو کە بۆ یەکەمجار حکومەتی گەلی کوردستانی دروست کرد، و بۆ ماوەی یەك ساڵ سەرکردایەتی کرد.

هێرشی خیانەتکارانەی ئەرتەشی ئێران بۆ سەر کوردستان بە پشتیوانی و پشتگری ئیمپریالیستەکان و لە سێدارەدانی سەرکردە و تێکۆشەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، نەیتوانی ئەم حیزبە لە ناو ببات.

حیزبی دیموكراتی كوردستان زیاتر لە ١٠ ساڵە وێرای ڕێبەریی گەلی كورد، ئەویش لە هەلومەرجێكی زۆر سەخت و مەترسیداری دەسەڵاتی كۆنەپەرستانە و تیرۆردا، خەباتەكانی بەرەو پێشەوە دەبات.
بەشێك لە بەڵگەنامەكانی بەردەست، ژیان و تێكۆشانی ڕابردوو و ئێستای حیزبی دیموكراتی كوردستان پشتڕاست دەكەنەوە.
گەلی كورد لە ئێران و عێراق و سوریا لەژێر ناوی حیزبی دیموكراتی كوردستاندا خەباتی خۆیان بەرەو پێش دەبەن، چونكە حیزبی دیموكراتی كوردستان ئێستاش وەك ڕابردوو، ڕەمز و نیشانەی باشترین هیوا و خواستە باشەكانی خەڵكی كوردستانە.
یەكێك لە بەڵگەنامەكانی بەردەست بە ڕوونی چالاكییەكانی حیزبی دیموكراتی كوردستان لە دەرەوەی كوردستانی ئێران نیشان دەدات. ئەم بەڵگەنامەیە پۆستێرێكە كە لە كۆتایی ساڵی ١٩٥٦ لە لایەن حیزبی دیموكراتی كوردستان بە زمانی كوردی لە قاهیرە چاپ و بڵاو كراوەتەوە. نوسخەیەكی ئەم پۆستێرە گەیشتووەتە دەستمان.
دوای هێرشی ئەرتەشی ئێران بۆ سەر كوردستانی ئازاد، ڕێكخراوی حیزبی دیموكراتی كوردستان و ئەندامانی چ لە كوردستان و چ لە دەوروبەری، درێژەیان بە چالاكی دا.
بە تایبەتی ئەو ئەندامانەی حیزبی دیموكراتی كوردستان كە كۆچیان كردبوو بۆ یەكیەتی سۆڤیەت، چالاكییەكی بەرفراوانیان بۆ بووژاندنەوە و سەرلەنوێ سازكردنەوەی كۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموكراتی كوردستان لە ساڵی ١٩٤٧دا هەبوو.
بێجگە لەوەش، پێویستە ئاماژە بە چالاكیی بانگەشەكردنی بەرفراوانی حیزبی دیموكراتی كوردستان بكرێ كە كاریگەرییەكی زۆری لە سەرانسەری كوردستاندا هەبووە.

ئێستا نزیکەی دە ساڵە ڕۆژنامەی کوردستانی ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە بەردەوامی و بە ڕێك و پێکی چاپ و بڵاو دەبێتەوە.
هەرچەندە کۆمیتەی ناوەندیی پێکهاتوو لە ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە تاراوگەدا بەهۆی هەندێك هۆکار هەڵوەشایەوە، بەڵام چالاکیی بانگەشەکردنی حیزبی دیموکراتی کوردستان هەر بەردەوامە.
ئەو خاڵانەی لە دێڕەکانی پێشوودا ئاماژەیان پێکراوە، ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە حیزبی دیموکراتی کوردستان، وەك حیزبێکی سیاسی سەربەخۆ، هێشتا زیندووە و چالاکە.
بێگومان بە هێزتر بوون و یەکپارچەیی هێزە دیموکراتیکە ئاراییەکانی ئێران یارمەتیدەری پتەوکردنی پێوەندیی برایانەی گەلان و هاوکاریی هاوبەشی نێوانمان لە ڕێگای گەیشتن بە ئازادییە. ئێمە بە نۆرەی خۆمان لە قوڵایی دڵەوە پشتگیری [لەم ڕەوتە] دەکەین و هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازین.
سروشتییە کە نەبوون و بەشداری نەکردنی نوێنەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەو دانیشتنە ڕاوێژکارییەدا نیشاندەری ئەوەیە کە ئەو دانیشتنە ڕاوێژکارییە نوێنەرایەتی هەموو هێزە دیموکراتییەکانی کۆمەڵگا ناکات و هەر لەبەر ئەوەش، ئەم دانیشتنە شیاوی پەسەندکردنی هیچ بڕیارنامەیەك بەناوی حیزبی دیموکراتی کوردستان نییە.
ئەو مەسەلەیە دەتوانێ ببێتە هۆی سەرنەکەوتنی کۆبوونەوەی ڕاوێژکاری. لەبەر ئەوەش، بۆ پەرەپێدان و پتەوکردنی پێوەندی و هاوکاریە هاوبەشەکانی حیزبە براکان، پێشنیار دەکەین نوێنەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ ئەو کۆبوونەوەی ڕاوێژکارییە بانگ بکەن.

دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی "كوردستان"، ئۆرگانی حیزبی دیموكراتی كوردستان

وەتەمیشی سوڵتان

ڕەزمئاوەر عەبدوڵڵا واژۆ

قازی ڕەحیم واژۆ

گەلاویژ عەلی واژۆ

مەحمودزادە قادر واژۆ

٥ سپتامبری ١٩٥٧

129

АЗƏРБАЙЧАН КОММУНИСТ ПАРТИЯСЫНЫН МƏРКƏЗИ КОМИТƏСИНƏ·

Үзү Совет Иттифагы Коммунист партиясынын Мəркəзи Комитəсинə.

Үзү Иран Халг партиясынын Мəркəзи Комитəсинə.

Үзү Азəрбайчан Дёмократ фиргəсинин Мəркəзи Комитəсинə.

Һөрмəтли йолдашлар!

Мə'лум олдугу кими Иран, Азəрбайчан вə Күрдүстандакы Демократик гүввəлəри мөһкəмлəндириб мүтəшəккиллəшдирмəк мəгсəдилə 1953-чү илдəн э'тибарəн Иран Халг партиясы илə Азəрбайчан Демократ фиргəси арасында язышма кедир. Бу барəдə биринчи сəнəд Иран Халг партиясы тəрəфиндəн Демократик партияларын /Иран Халг партиясы, Азəрбайчан Демократ фиргəси вə Күрдүстан Демократ фиргəсинин/ тəшкилаты вəһдəти барəсиндə Азəрбайчан Демократ фиргəсинə кəндəрилмиш мəктубдан ибарəтдир. Бу сəнəддə Иран Халг партиясы тəклиф этмишди ки, Азəрбайчан Демократ фиргəси вə Күрдүстан Демократ фиргəси өз адларыны вə Мəркəзи Комитəлəрини сахламаг шəртилə Азəрбайчанда вə Күрдүстанда Иран Халг партиясынын рəһберлийи алтында фəалиййəт этсинлəр. Бу мəктубун чавабында Азəрбайчан Демократ фиргəси тəклиф этди ки, тəшкилаты вəһдəт йə'ни Азəрбайчан Демократ фиргəси вə Күрдүстан Демократ фиргəсинин Иран Халг партиясына табе этдирилмəси əвəзинə там истиглалиййəт һалында галмалы олан үч гардаш партиянын арасында һəрекəт бирлийи ярадылсын вə бу һəрəкəт бирлийини ичра этмəк үчүн һəмин партияларын үч Мəркəзи Комитəсинин нүмайəндəлəриндəн "һəрекəт бирлийи комитəси" тəшкил эдилсин.

130

2.

Сонралар 1957-чи илдә Совет Иттифагы Коммунист партиясы Мәркәзи Комитәси тәрәфиндән Азәрбайҹан Демократ фиргәсинин Мәркәзи Комитәсинә вә Иран Халг партиясынын Мәркәзи Комитәсинә һәмин мәсәлә һаггында көндәрилмиш мәктубда да дейилирди ки, Ирандакы демократик гүввәләрин даһа да möhкәмләндирилмәси мәгсәдилә үч гардаш партиянын нүмайәндәләринин--Иран Халг партиясынын Мәркәзи Комитәсинин Сияси Бүросунун, Азәрбайҹан Демократ фиргәси Мәркәзи Комитәсинин Иҹраиййә һей'әтинин вә Күрдүстан Демократ фиргәсинин нүмайәндәләринин мүшавирәсинин кечирилмәси мәсләһәт оларды.

Юхарыда язылanlardan көрүндүйү кими бу мүбаһисәли мөвзу мейдана кәлән күндән индийә кими бүтүн әлагәдар сәнәдләрдә үч гардаш партиянын--Иран Халг партиясы, Азәрбайҹан Демократ фиргәси вә Күрдүстан Демократ фиргәси арасындакы мүнасибат һаггында сөһбәт кедир. Лакин Иран Халг партиясынын Мәркәзи Комитәсинин Азәрбайҹан Демократ фиргәсинин Мәркәзи Комитәсинә көндәрдийи 26 август 1957-чи ил тарихли сон мәктубунда көзләнилмәдән Күрдүстан Демократ фиргәсинин ады сырадан чыхарылмыш вә тәшкил эдилмәли олан мүшавирәдә онун нүмайәндәләринин иштиракы һаггында бир шей дейилмәмишдир.

Тәбии олараг Ирандакы бүтүн демократик гүввәләрин кәләчәк мүнасибатынын талеини мүгәддәматы суретдә тә'йин этмәли олан бу мүшавирәдән Иран Халг партиясы тәрәфиндән Күрдүстан Демократ фиргәсинин кәнар эдилмәси истәр сияси вә идеоложи вә истәрсә дә тәшкилаты ҹәһәтдән дүзкүн олмаян бир ишдир. Мәһз буна көрә дә ашагыдакылары сизә билдирмәйи зәрури һесаб эдирик.

3.

Күрдүстан Демократ фиргәси он ики ил бундан әввәл күрд халгынын ән кениш күтләләринин әлилә вә онун ән һәяти тәләбләри әсасында, антифашист, антиимпериалист вә милли азадлыг мүбаризәсинин аловлары арасында яранмыш ингилабчы марксист-ленинчи партиядыр. Күрд халгынын арасында дериндән көк салан вә онун эһтиячларыны һәр һансы башга бир кир-тәшкилатдан даһа яхшы көрән вә бу эһтиячларын тә'мин эдилмәси угрунда вахтилә күрд халгынын силаһлы ингилабыны тәшкил этмиш олан Күрдүстан Демократ фиргәси күрд халгынын тарихиндә биринчи дәфә олараг Күрдүстан Халг һөкумәтини ярадыб бир ил бу һөкуметин рәһбәри олмушдур.

Империалистләрин ярдымы илә Иран гошунунун Күрдүстана этдийи хаинчәсинә һүчум вә Күрдүстан Демократ фиргәсинин рәһбәрләринин вә фәал үзвләринин вәһшичәсинә террор вә э'дам эдилмәси белә Күрдүстан Демократ фиргәсини арадан апара билмеди. Инди он илдән артыгдыр ки, Күрдүстан Демократ фиргәси ән агыр иртича вә террор шәраитиндә күрд халгынын мүбаризәсинә башчылыг эдәрәк ону маһаратлә ирәли апарыр. Әлдә олан бир сыра сәнәдләр Күрдүстан Демократ фиргәсинин бу күнә гәдәр яшайыб мүбаризә апардыгыны тәсдиг эдир. Күрд халгы Иран, Ирак вә Сурияда Күрдүстан Демократ фиргәсинин ады алтында мүбаризә апарыр. Чүнки кечмишдә олдугу кими инди дә Күрдүстан Демократ фиргәси күрд халгынын ән яхшы арзу вә истәкләринин тәмсил эдичисидир. Күрдүстан Демократик фиргәсинин Иран Күрдүстаны харичиндәки фәалиййәтини көстәрән сәнәдләрдән бири 1956-чы илин ахырларында Гәһирә шәһәриндә Күрдүстан Демократик фиргәси тәрәфиндән күрд дилиндә чап вә нәшр эдилмиш плакатдыр ки, онун бир нүсхәси бизим әлимизә чатмышдыр.

132

4.

Иран гошунунун азад Күрдүстана этдийи басгынындан сонра Күрдүстан Демократ фиргәсинин тәшкилатлары вә үзвләри Күрдүстанда вә онун харичиндә өз фәалиййәтләрини давам этдирмишләр. О чүмләдән Күрдүстан Демократ фиргәсинин Совет Иттифагына мүһачирәт этмиш үзвләри 1947-чи илдә Күрдүстан Демократ фиргәсинин Мәркәзи Комитәсини енидән тәшкил эдиб чох кениш бир фәалиййәтә башламышдылар. Хүсусилә бүтүн Күрдүстана бөйүк тә'сир көстәрмиш олан тәблиғаты фәалиййәти бурада гейд этмәк лазымдыр. Бундан әлавә инди он илә яхындыр ки, Күрдүстан Демократ фиргәсинин органы олан "Күрдүстан" гәзети мүнтәзәм суретдә чап вә нәшр эдилир. Күрдүстан Демократ фиргәсинин мүһачирәтдә олан Мәркәзи Комитәси мүәййән сәбәбләрә көрә 1948-чи илдә дағылдыса да, лакин Күрдүстан Демократ фиргәсинин тәблиғаты фәалиййәти бу күнә гәдәр әввәлки кими давам этмәкдәдир.

Юхарыдакылар көстәрир ки, Күрдүстан Демократ фиргәси бир мүстәгил сияси фиргә олараг яшайыб мүбаризә эдир.

Иранын Демократик гүввәләринин мөһкәмләнмәсинә шүбһәсиз чохлу көмәк эдән вә бу васитә илә гардаш халгларымызын галибиййәт вә азадлығыны яхынлашдыран гардаш партияларын ерли мүшавирәсини биздә өз новбәмиздә сәмими гәлбдән алгышлайыр вә онун мүвәффәгиййәтини арзу эдирик. Лакин тәбиидир ки, Күрдүстан Демократ фиргәсинин нүмайәндәләринин иштиракы олмадан бу мүшавирә өлкәдәки бүтүн демократик гүввәләрин тәмсилэдичиси ола билмәз, вә Күрдүстанын Демократик гүввәләри һаггында һеч бир гәрар гәбул этмәк сәлаһиййәтинә малик дейилдир. Бу исә мүшавирәнин мүвәффәгиййәтсиз-

5.

лийинә сәбәб ола биләр.

Буна көрә дә биз гардаш партияларын арасында әмәкдашлығы мөһкәмләндирмәк мәгсәдилә тәклиф эдирик ки, Күрдүстан Демократ фиргесинин нүмайәнделәри дә мүшавирәйә дә'вәт эдилсин.

КҮРДҮСТАН ДЕМОКРАТ ФИРГӘСИНИН
ОРГАНЫ ОЛАН "КҮРДҮСТАН" ГӘЗЕТИНИН
РЕДАКСИЯ ҺЕЙ'ӘТИ:
ОТТОМИШИ СОЛТАН
РАЗМАВӘР ӘБДҮЛЛА /имза/
ГАЗИ РӘҺИМ /имза/
КӘЛАВИЖ ӘЛИ /имза/
МӘҺӘММӘДЗАДӘ ГАДЕР /имза/

5 сентябр 1957-чи ил.

**بەڵگەی ١٠. نامەی کۆمیتە ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی یەکیەتی سۆڤیەتی بۆ کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجان لە پێوەندی لەگەڵ پرسی حیزبی یەکگرتووی مارکسیستی کرێکاری لە ئێران**

کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجان

بە پێی لێکدانەوەی داواکارییەکانی کۆمیتە ناوەندییەکانی حیزبی تودەی ئێران و فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان، هەروەها داخوازی زۆری کۆچبەرە سیاسییەکانی ئێران بۆ کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی یەکیەتی سۆڤیەتی سەبارەت بە پرسی بوونی سێ حیزبی سەربەخۆی دیموکراتیك لە ئێراندا (حیزبی تودەی ئێران، فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان و حیزبی دیموکراتی کوردستان)، کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی یەکیەتی سۆڤیەتی بە پێویستی دەزانێ بۆچوونی خۆی لەم بارەیەوە بۆ حیزبە براکان دەرببڕێ.
کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی یەکیەتی سۆڤیەتی پێی وایە ئەو پێوەندیانەی لەم ساڵانەی دواییدا لە نێوان ئۆرگانە ڕێبەرییەکانی حیزبی تودەی ئێران و فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان پێکهاتووە، نائاساییە. تایبەتمەندیی ئەم پێوەندیانە بریتی بووە لە نامۆبوون، نەبوونی هاوکاریی نزیك و پێوەندی و یەکیەتی کردار، کە بە شێوەیەکی نەرێنی کاریگەری لەسەر دۆخی ئەخلاقی و سیاسی جەماوەری حزبی هەیە و دەبێتە هۆیی بڕینی پێوەندیی نێوان کۆمیتەی ناوەندیی حیزبە دیموکراتییەکان لە ڕێکخراوە نهێنییەکانی نێو ئێران. لە هەلومەرجی هاوچەرخدا، کاتێك

پێویست بە یەكگرتوویی هەموو ئەو هێزانەیە كە توانای خەباتكردنیان بۆ سەربەخۆیی نەتەوەیی ئێران، دژ بە كۆنەپەرەستە ناوخۆیی و هێزە تێكدەرەكانی ئیمپریالیزم هەیە، ئەو وەزعە و چۆنییەتی كاری ناو حیزبە دیموكراتیكەكان زیانی گەورە لە بزووتنەوەی دیموكراتیكی ئێران دەدات.

كۆمیتەی ناوەندیی حیزبی كۆمۆنیستی یەكیەتی سۆڤیەتی به پشتبەستن بە هەڵوێستی ماركسیستی لینینیستی كە لە هەموو وڵاتێكدا دەبێ یەك حیزبی ماركسیستی كرێكاری بوونی هەبێ، لەسەر ئەو باوەڕەیە، لە بنەڕتدا باشترین چارەسەر، سازدانەوەی حیزبێك بۆ تەواوی ئێران بە بوونی یەك ناوەندی سەركردایەتییە، بەڵام لەگەڵ پاراستنی [قەوارەی] فیرقەی دیموكراتی ئازەربایجانی ئێران و حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران لەسەر مافی رێكخراوە حیزبیە نەتەوەییەكان كە وێرای هەبوونی كۆمیتە ناوەندی خۆیانن دەچنە نێو حیزبێكی یەكگرتوو و پێرەوی لە یەك ناوەندی ڕێبەریی دەكەن.

بەو پێیەی كە دامەزراندنی حیزبێكی یەكگرتوو ئەركی خودی حیزبە براكانە، كۆمیتەی ناوەندیی حیزبی كۆمۆنیستی یەكیەتی سۆڤیەتی پێی وایە دەكرێ پێشنیاری پێكهێنانی كۆبوونەوەیەك لە ئەندامانی مەكتەبی سیاسی كۆمیتەی ناوەندیی حیزبی تودەی ئێران، كۆمیتەی ناوەندی دەفتەری كارگێریی فیرقەی دیموكراتی ئازەربایجان و نوێنەرانی حیزبی دیموكراتی كوردستان بدات بۆ تاوتوێكردنی ئەم پرسە و پەرەپێدانی كار لە نێو جەماوەری خەڵكدا. كۆمیتەی ناوەندی حیزبی كۆمۆنیستی یەكیەتی سۆڤیەتی دەتوانێ بۆ پێكهێنان و بەڕێوەبردنی كۆبوونەوەیەكی وا لە شاری مۆسكۆ هاوكاریی بكات.

لەو کۆبوونەوەیەدا، دەکرێ لە ئێستاوە ڕێکبکەون لەسەر پێکهێنانی دەفتەرێکی پێوەندیی لە نوێنەرانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبە براکان، و بە لەبەرچاوگرتنی سەرنجپێدانی سەرەکی بە کار لە نێو جەماوەری خەڵك لە ئێران، ئەوە دەتوانێ یارمەتی بە پتەوتر کردن و گەشەسەندنی پێوەندی دۆستانە لە نێوان حیزبەکاندا بدات. دەفتەری پێوەندییەکان دەتوانی یارمەتیی پەسەندکردنی بڕیارە ڕێکەوتووەکان لە لایەن کۆمیتەی ناوەندییەکانەوە بدات، بۆ وێنە لە بواری ئامادەکردنی پلاتفۆرمی سیاسی هاوبەشی حیزبە دیموکراتیکەکان، کە بە وردی و بە ڕوونی ئەرکی دەستبەجێی حیزبەکان لە خەبات بۆ سەربەخۆیی نەتەوەیی ئێران، بۆ ئاشتی و بۆ مافە گرنگەکانی گەلانی ئێران دیاری بکات، تا لەسەر بنەمای پلاتفۆرمێکی وا، بەرفراوانترین توێژێك لە کرێکار، جوتیار، سنعەتکار و ڕووناکبیرە پێشکەوتنخوازەکان، هەروەها کۆڕگەلێکی دیاریکراو لە بۆرژوازی میللی یەکبگرن و ڕابکێشێندرێن بەرەو بزاڤێکی چالاك.

١١ ژانویەی ١٩٥٧

ژمارەی پ ٦٨ / XXIII      مۆری کۆمیتە ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی یەکیەتی سۆڤیەتی

کۆمیتە ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی

یەکیەتی سۆڤیەتی

١٠ – ك پ، ن. ب

مۆر: کۆمیتە ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجان

بەشی نهێنیی

ژمارەی گەیشتوو ٩ س س      ١٩ ی ژانویەی ١٩٥٧

4

ОСОБАЯ ПАПКА

ЦК КОММУНИСТИЧЕСКОЙ ПАРТИИ АЗЕРБАЙДЖАНА

Рассмотрев обращения Центральных Комитетов Народной партии Ирана и Азербайджанской демократической партии, а также многочисленные заявления иранских политэмигрантов в ЦК КПСС по вопросу о дальнейшем существовании в Иране трех самостоятельных демократических партий (Народная партия Ирана, Азербайджанская демократическая партия и Курдистанская демократическая партия), ЦК КПСС считает необходимым высказать братским партиям свое мнение по этому вопросу.

ЦК КПСС считает, что сложившиеся за последние годы отношения между руководящими органами Народной партии Ирана и Азербайджанской демократической партии носят ненормальный характер. Эти отношения характеризуются отчужденностью, отсутствием тесного содружества, контакта и единства действий, что отрицательно сказывается на морально-политическом состоянии партийных масс и способствует отрыву ЦК демократических партий от иранских подпольных организаций. В современных условиях, когда требуется сплочение всех сил, способных вести борьбу за национальную независимость Ирана, против внутренней реакции и подрывных сил империализма, такое состояние и положение дел в демократических партиях наносят серьезный ущерб демократическому движению в Иране.

Исходя из марксистско-ленинского положения о том, что в каждой стране должна быть единая рабочая марксистская партия, ЦК КПСС считает принципиально наиболее правильным решением - восстановление единой партии для всего Ирана с единым руководящим центром, но с сохранением Демократической партии Иранского Азербайджана и Демократической партии Иранского Курдистана на правах национальных партийных организаций, имеющих свои ЦК, входящих в единую партию и подчиненных единому руководящему центру.

Поскольку создание единой партии является делом самих братских партий, ЦК КПСС считает возможным рекомендовать

- 2 -

созвать совещание членов Политбюро ЦК Народной партии Ирана, Исполбюро ЦК Азербайджанской демократической партии и представителей Курдистанской демократической партии для обсуждения этого вопроса и для развертывания работы среди народных масс. ЦК КПСС мог бы оказать помощь в созыве и проведении такого совещания в г. Москве.

На этом совещании можно было бы договориться уже сейчас об образовании из представителей ЦК братских партий Бюро контактов, которое способствовало бы укреплению и развитию дружественных связей между партиями, имея в виду сосредоточить главное внимание на работе среди народных масс Ирана. Бюро контактов содействовало бы принятию Центральными Комитетами согласованных решений, например, в области подготовки совместной политической платформы демократических партий, которая бы четко и ясно определяла ближайшие задачи партий в борьбе за национальную независимость Ирана, за мир и за жизненные права народов Ирана с тем, чтобы на базе такой платформы сплотить и вовлечь в активное движение самые широкие слои рабочих, крестьян, кустарей, прогрессивной интеллигенции, а также определенные круги национальной буржуазии.

11 января 1957 г
№ П68/XXIII

КОММУНИСТИЧЕСКАЯ ПАРТИЯ СОВЕТСКОГО СОЮЗА ЦК

ЦЕНТРАЛЬНЫЙ КОМИТЕТ
КОММУНИСТИЧЕСКОЙ ПАРТИИ СОВЕТСКОГО
СОЮЗА

10-кп,нб

ЦК КП АЗЕРБ.
СЕКРЕТНАЯ ЧАСТЬ
Вх. № 9сс
19 января 1957
ПОДЛЕЖИТ ВОЗВРАТУ

**بەڵگەی ١١. نامەی کۆمیتە ناوەندی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان بۆ کۆمیتە ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجان لە پێوەندی لەگەڵ کۆنفرانسی یەکگرتن لە باکۆ**

کۆمیتە ناوەندی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان
ژمارەی ٣٢ ڕێکەوتی ٣٠.١.١٩٦٠

بۆ کۆمیتە ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجان

هەر وەك ئاگادارن، بۆ بەرێوەبردنی کۆنفرانسی یەکگرتن لە باکۆ لە ماوەی دوو مانگی داهاتوودا، لە نێوان حیزبی تودەی ئێران و ئێمەدا کۆمیسیۆنێکی برایی پێکهاتووە. ئەرکی ئەم کۆمیسیۆنە نووسین و ئامادەکردنی ڕەشنووسی مەرامنامە و پێرەوی ناوخۆی تاکە حیزبی چینی کرێکاری ئێرانە.
بۆ ئاگاداریی بە هاوپێچ، ڕەشنووسی مەرامنامە و پێرەوی ناوخۆی حیزبی یەکگرتوو، ڕاپۆرتی کۆمیسیۆنی بەرایی بۆ کۆمیتە ناوەندی هەر دوو حیزبەکە و مەرامنامە و دەستوری کاری کۆنفرانسی یەکگرتن ئاراستەی ئێوە دەکەین.
جێگری سەرۆکی کۆمیتە ناوەندی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان: قازی ڕ.
مۆری کۆمیتە ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجان
بەشی نهێنینی
ژمارەی گەیشتنی ٩٥ س س
٥ فێوریەی ١٩٦٠

2

COMITE CENTRAL DU PARTI
DÉMOCRAT D'AZERBAIDJAN

آذربایجان دموکرات فرقەسینین
مرکزی کومیتەسی

تاریخ 30.1.46

نمره 32

**Особая папка**

Азәрбајҹан Коммунист партијасынын
Мәркәзи Комитәсинә

Билдијиниз кими, ики ај мүддәтиндә Бакыда Вәһдәт конфрансыны чағырмаг үчүн Һизбе Тудеји Иранын вә бизим тәрәфимиздән ајрылмыш Тәдарүк комисјону јарадылачаг бүтүн Иран фәһлә синифинин Ваһид партијасынын Мәрамнамә вә Низамнамә лајиһәләрини һазырламышдыр.

Гошмада Ваһид партијанын - Һизбе Тудеји Иранын һазырланмыш Мәрамнамә вә Низамнамә лајиһәләри, Тәдарүк комисјонунун һәр ики партијанын Мәркәзи Комитәсинә күзаришинин вә Вәһдәт конфрансынын вә онун күндәлијинин лајиһәси таныш олмаг үчүн Сизә тәгдим едилир.-

Азәрбајҹан Демократ фиргәси
Мәркәзи Комитәсинин сәдр муавини: /ГАЗИ Р./

Прошу ознакомить секретарей ЦК.
В. Ахундов
6/II

ЦК КП ...
СЕКРЕТ...
Вх. № 95СС
5 февраля 46
ПОДЛЕЖИТ ВОЗВРАТУ

## بەڵگەی ١٢. پرسی کۆبوونەوەی ئەحمەد تۆفیق لەگەڵ بەرپرسانی یەکیەتی سۆڤیەتی

بۆ کۆمیتەی ناوەندی پارتی کۆمۆنیستی یەکیەتی سۆڤیەت
ئاگادارتان دەکەمەوە کە لە ٢٠ی مارسی ١٩٦٠ نامەیەکم لە یەکێك لە سەرکردەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، ئەحمەد تۆفیق (بەناوی سەید عەبدوڵلا ئیسحاقی)ەوە پێگەیشت، کە ئێستا نیشتەجێی کۆماری عێراقە.
کۆتایی ساڵی ڕابردوو هاوڕێ ئەحمەد تۆفیق لەگەڵ کوردە دیموکراتەکانی دیکە لە ئەنجامی سەرکوتکردنی بەرفراوانی کوردە دیموکراتەکان لە لایەن دەسەڵاتدارانی ئێرانەوە، کۆچی کرد بۆ عێراق.
هاوڕی ئەحمەد تۆفیق، لە نامەکەیدا بەناوی سەرکردایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە ڕێگەی منەوە داوا دەکات، پێتان ڕابگەیەنم کە ئەوان زۆر حەز دەکەن لەگەڵ نوێنەرانی حیزبی کۆمۆنیستی یەکیەتی سۆڤیەتی کۆببنەوە. [ناوبراو] دەنووسێ: "باوك و براکانمان /واتە کۆمیتەی ناوەندی و ئەندامانی حیزب – ق .ڕ./ زۆر حەز دەکەن بە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ باوکی مەزن/ حیزبی کۆمۆنیستی یەکیەتی سۆڤیەتی ق. ڕ/ بەو پێیەی زۆر پرس هەیە کە بەبێ ئامۆژگاری باوە گەورە ناتوانین چارەسەری بکەین، هەموو داوا دەکەن و ئاواتەخوازن ئەم کۆبوونەوەیە بە زووترین کات ئەنجام بدرێ. داوات لێدەکەین داواکارییەی ئێمە بە ئاگایی باوکی مەزن بگەیەن. من و

هاوڕێكانی دیكە، خۆمان بۆ كۆبوونەوەكە ئامادە دەكەین و بە بێ ئوقرەییەوە چاوەڕێی ئەنجامی هەوڵەكانی تۆین...
هاوڕێ ئەحمەد تۆفیق هەروەها دەنووسێ، ئەگەر ئەو سەفەرە ڕووبدات پێویستە بیر لە خەرجی سەفەر بكەمەوە. ئەو لەگەڵ ئەم نامەیە لیستی نیشتمانپەروەرانی كوردی ناردووە كە لە مانگی نوامبری ساڵی ڕابردوو لە لایەن دەسەڵاتدارانی ئێرانەوە دەستبەسەر كرابوون. لەم لیستەدا ناوی ئامۆزاكەم ڕەحیم جەوانمەردی قازی تێدایە.
هاوڕێیانی ئازیز! وێڕای ئاگاداركردنەوەی ئێوە لە داواكاریی سەركردایەتی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران، بە ئەركی خۆم دەزانم پێتان ڕابگەیەنم، كە ئێمە، واتە سەركردایەتی حیزبی تودەی ئێران و فرقەی دیموكراتی ئازەربایجان زۆر كەم لەبارەی چالاكییەكانی حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران لەم ساڵانەی دواییدا دەزانن، هیچ پێوەندییەكمان لە نزیكەوە لەگەڵیان نییە. بەڵام بەو پێیەی ئێستا بڕیارمان داوە یەك حیزبی كرێكارانی ماركسیستی بۆ هەمووی ئێران دروست بكەین، پێویستە حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران یش [بەرەو ئەم ڕەوتە] ڕاكێشین، چوونكە بەبێ ئەم حیزبە چارەسەركردنی ئەم پرسە زۆر گرنگە بۆ ئێمە ئەستەم دەبێ. جگە لەوەش، بەپێی زانیارییەكانمان، دوو ڕەوت لە ڕیزەكانی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێراندا لەسەر پرسی دروستكردنی یەك حیزب بۆ هەمووی ئێران هەیە، لەوانە مەیلی دروستكردنی یەك حیزب بۆ هەمووی كوردستان (ئێران، عێراق، توركیا و هتد .) هەیە، پێویستە بە بیرۆكەی خۆمان واتە دامەزراندنی یەك حیزب بۆ ئێران، بەرهەڵستی ببینەوە.
بۆ ئەوەش، ئێمە پێویستیمان بە ئامۆژگاریی و یارمەتی ئێوە هەیە. پێمان وایە ئەگەر سەركردایەتی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران لەگەڵ

نوێنەرانی حیزبی کۆمۆنیستی یەکیەتی سۆڤیەتی کۆببێتەوە و خۆیان ئاگاداری ئامۆژگارییەکانی ئێوە بنەوە، ئەوان بە دڵنیاییەوە ڕێگای ڕاست هەڵدەبژێرن و ئەمەش خزمەت بە دروستکردنی یەك تاقە حیزب لە ئێران بە خێرایی دەکات.

ئەگەر کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی یەکیەتی سۆڤیەتی بە پێویستی بزانێ نوێنەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بۆ گفتوگۆیەك بانگهێشتن بکات، ئەوە دەتوانرێ لە ڕێگەی باڵوێزخانەی سۆڤیەت لە بەغداوە ئەم کارە بکرێ.
بەو پێیەی هاوڕێانم چاوەڕێی وەڵام لەلای منەوەن، داواتان لێدەکەم ئامۆژگاریم بکەن چۆن وەڵامیان بدەمەوە.

بە ڕێزمەوە،
قازی ڕەحیم

٢١ی مارسی ١٩٦٠

53

ЦЕНТРАЛЬНОМУ КОМИТЕТУ КОММУНИСТИЧЕСКОЙ
ПАРТИИ СОВЕТСКОГО СОЮЗА

Настоящим довожу до Вашего сведения, что 20 марта 1960 г. мною было получено письмо от одного из лидеров Курдистанской Демократической партии Ахмеда Тофига /он же Сейд Абдулла Исхаги/, который в настоящее время проживает в Иракской республике.

Тов.Ахмед Тофиг вместе с другими курдскими демократами эмигрировались в Ирак в конце прошлого года в результате массовой репрессии Иранских властей против курдских демократов.

Тов.Ахмед Тофиг в своем письме от имени руководства КДП через меня просит передать Вам, что они очень хотели бы встретиться с представителями КПСС. Он пишет: "Наш отец и братья /имеет в виду ЦК и членов партии - Г.Р./ очень и очень хотели, чтобы встретиться с великим отцом /КПСС - Г.Р./. Все просят и желают, чтобы встреча эта состоялась скорее, так как есть очень много вопросов, которые без советов великого отца не можем решать. Мы просим тебя доведи до сведения великого отца нашу просьбу. Я и еще один другой товарищ готовились к встрече и с нетерпением ждем результат твоего старания..."

Тов.Ахмед Тофиг также пишет, что, если поездка состоится я должен думать и о расходах на проезд. Он вместе с этим письмом послал список курдских патриотов, которые были арестованы в ноябре прошлого года со сто-

54

2.

роны иранских властей. В этом списке есть фамилия моего двоюродного брата - Рагим Джаванмерди Гази.

Дорогие товарищи! Поставив Вас в известность о просьбе руководства КДП, я считаю своим долгом доложить Вам, что мы, т.е.руководство НПИ и АДП очень мало знаем о деятельности КДП за последние годы, связи с ними почти не имеются. Но раз сейчас решили создать единую марксистскую рабочию партию для всего Ирана, то необходимо привлечь и КДП, так как без этой партии будет трудно решать данный весьма важный для нас вопрос. Тем более по имеющимся данным в рядах КДП по вопросу создания единой партии для всего Ирана имеются две тенденции, в том числе тенденции создания единой партии для всего Курдистана /Иранский, Иракский, Турецкий и т.д./. Необходимо этому противопоставить нашу идею, т.е. создание единой партии в Иране.

Для этого нужен Ваш совет и помощь. Нам кажется, что если руководство КДП встретится с представителями КПСС и сами узнают Ваш совет, то они безусловно изберут правильный путь и это послужит быстрейшему осуществлению создания единой партии в Иране.

Если ЦК КПСС будет считать нужным пригласить представителей КДП на беседу, то это можно сделать через Советское посольство в Багдаде.

Так как товарищи ждут от меня ответа, то прошу дать мне совет, что мне им ответить.

С уважением

Р.Гази ГАЗИ РАГИМ

21 марта 1960 г.

## بەڵگەی ١٣. وەڵامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجان بە نامەکەی ڕەحیم قازی

### کۆمیتە ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجان

ڕەحیم قازی نامەیەکی پێدام کە ئاراستەی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی یەکیەتی سۆڤیەتی کردبوو، تیایدا داوای ڕێکخستنی کۆبوونەوەی نوێنەرانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی یەکیەتی سۆڤیەتی لەگەڵ ئەحمەد تۆفیق یەکێك لە سەرکردەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی کردووە، کە ئێستا دانیشتووی کۆماری عێراقە.

هاوڕێ شێوێلاگین لە بەشی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی یەکیەتی سۆڤیەتی لەم نامەیە ئاگادار کراوەتەوە، پێشنیاری کرد هاوڕێ ڕەحیم قازی ئاگادار بکرێتەوە کە کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی یەکیەتی سۆڤیەتی دەست تێوەردان لە کاروباری ناوخۆی حیزبی دیموکراتی کوردستان ناکات و ناتوانێ کۆبوونەوەیەکی لەو شێوەیە ڕێك بخات، منیش هاوڕێ ڕەحیم قازیم لەوە ئاگادار کردەوە.

ن.حاجیەف

واژۆ

٣١/ ٣/ ٦٠

واژۆ و. کلینکۆف

موری کۆمیتە ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجان

بەشی نهێنینی

ژمارەی گەیشتنی ٢٣٠ س س ٣٠/مارسی ١٩٦٠

7.

ОСОБАЯ ПАПКА

ЦК КП Азербайджана

Рагим Гази передал мне письмо, адресованное Центральному Комитету Коммунистической партии Советского Союза, в котором он просит организовать встречу представителей ЦК КПСС с одним из лидеров Курдистанской Демократической партии Ахмедом Тофиком, проживающем в настоящее время в Иракской республике.

О письме информирован тов. Шевелягин из отдела ЦК КПСС, который рекомендовал сообщить тов. Рагим Гази, что ЦК КПСС не вмешивается во внутренние дела Курдистанской Демократической партии и не может организовать подобную встречу, о чем мною сообщено тов. Рагим Гази.

Н.Гаджиев

31/III.60

В. Аникеев
4/IV

ЦК КП АЗЕРБ.
СЕКРЕТНАЯ ЧАСТЬ

## بەڵگەی ١٤. نامەی ڕەحیم قازی بۆ کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی یەکیەتی سۆڤیەتی لە پێوەندی لەگەڵ کێشەکانی سێیەمین کۆنفرانسی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان

### کۆمیتە ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی یەکیەتی سۆڤیەتی

هاوڕێیانی ئازیز! وەك دەزانن لە ٢٧ و ٢٨ی فوریەی ١٩٦٠ سێیەمین کۆنفرانسی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان لە باکۆ بەڕێوەچوو.

من بە تەواوی هاوڕام لەگەڵ هەڵوێستی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجان سەبارەت بە دەست تێوەرنەدان لە کاروباری ناوخۆی حیزبەکەمان و پشتڕاستی دەکەمەوە، بەڵام بەو پێیەی ئەم کۆنفرانسە لە باکۆ بەڕێوەچوو و نوێنەرانی حیزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجان لەوێ ئامادە بوون، بە ئەرکی خۆم دەزانم کە بە تێروتەسەلی لە پرۆسەی ئەم کۆنفرانسە ئاگادارتان بکەمەوە، چونکە ئەم کۆنفرانسە لایەنی ڕقەبەریی هەبوو و گروپێك بە ئاشکرا دژی من کاری دەکرد.

زۆر پێش بەرێوەچوونی کۆنفرانسەکە، من وەك ئەندامی مەکتەبی سیاسی و جێگری سەرۆکی کۆمیتەی ناوەندی، پێوەندیم بە هاوڕێ غوڵام یەحیا دانیشیان سەرۆکی کۆمیتەی ناوەندییەوە کرد، بۆ ئەوەی ڕای ئەو لەبارەی پێکهاتەی نوێی کۆمیتەی ناوەندی بزانم، بەڵام هیچ بۆچوونێکی دەرنەبڕی و تەنیا دوو ڕۆژ پێش دەستپێکردنی کۆنفڕانسەکە منی بانگ کرد و لیستێکی پیشاندام. من ناڕەزایەتیم دەربڕی بەرامبەر بەوەی ئەو ناوی هاوڕێیانێك وەکو سەرۆکی کۆمیتەی باکۆی فیرقەی دیموکراتی

ئازەربایجان و سەرنووسەری ڕۆژنامەی "ئازەربایجان"ی لەو لیستەدا نەگونجاندبوو، من گوتم ئەو کەسانە بە شێوەی ئاسایی دەبێ لە پێکهاتەی کۆمیتەی ناوەندیدا بن، بە تایبەت کە هەردووکیان لە ماوەی کورتی چالاکییان لە دەزگای [حیزبیدا]، خۆیان بە باشی نیشان داوە. تەنانەت لە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندیشدا چالاکییەکانی کۆمیتەی باکۆ و دەستەی نووسەران بە شێوەیەکی ئەرێنی هەڵسەنگێندرا. هەروەها پێشنیارم کرد هاوڕێگەلێك وەك [تەقی]شاهین، [حەمید] محەمەدزادە، [عەلی] شەمیدە و ئەوانی دیکە کە لە نێو ئەندامانی ئێمەدا خۆشەویستن و بۆ ماوەی ٨ ساڵ لە لایەن ڕێبەرایەتیی پێشووی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان/[ئەبولقاسم] چەشم ئازەر،[میر ڕەحیم] وەلایی، دانشیان/ لە چالاکییە حیزبییەکان دوور خرابوونەوە، بخرێنە ناو ئەم لیستەوە.

ئەم هاوڕێیانە هەموویان عینوانی ناوزەدی هەیە. هاوڕێ شاهین لە ساڵی ١٩٣٥ەوە ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانە و چەند ساڵێك وەك یەکێك لە "٥٣ کەس" لە زینداندا بووە، و لەم دواییانەدا ئەومان بە ئەندامیەتی کۆمیسیۆنی کاروباری پێوەندییدار بە هاوڕێیانی حیزبی تودەی ئێران دەستنیشان کرد... لە لیستەکەی هاوڕێ دانشیاندا ناوی کەسانێك وەك ئەمین‌زادە و محەمەدزادە کە ئەندامی کۆمیتەی ئامادەکاری داڕشتنی بەرنامە و دەستووری حیزبی یەکگرتووی مارکسیستی کرێکاریی ئێران بوون، نەبوو، لەکاتێکدا هاوڕێ دانشیان ناوی سێیەم ئەندامی ئەم کۆمیسیۆنەی، واتە فەرەج دەست گوشادەی لە لیستەکەدا گونجاندبوو.

لە لیستی هاوڕێ دانشیاندا ناوی هاوڕێ [حەلیمە] بلووری سەرنوسەری پێشووی [لەوەدەچێ مەبەست ڕۆژنامەی 'ئازەربایجان' بێ] هاتبوو کە ئێمە وەك مەکتەبی سیاسی بڕیارمان دابوو بەهۆی توانا نەبوون لە

جێبەجێکردنی ئەرکەکانی، لەو پۆستەی دووربخەینەوە. جگە لەوەش لە لیستەکەدا کەسانێك هەبوون کە بارودۆخی ئێرانیان بە گشتی نەدەزانی.

بەم چەشنە، هاوڕێ دانشیان بە توندی دژایەتی لەگەڵ هاوڕێیان شاهین و شەمیدە و محەمەدزادە کرد، بەڵام سەبارەت بە بەرپرسی کۆمیتەی باکۆ و سەرنووسەری ڕۆژنامەکە وتی ئێمە دەیانخەینە لیستی کۆمیسیۆنی پێداچوونەوە، لەکاتێکدا سەرۆکەکانی کۆمیتە ناوچەییەکانی سومگاییێت/بە ٤٦ – ٤٠ ئەندامی حیزبی/ و قاسم ئیسماعیل / بە ١١٠ – ١٠٠ ئەندامی حیزب/ و گیوکچای[بە ٩٠ ئەندامی حیزبییەوە/ و ئەوانەی دیکە کە لە باری ڕێکخراوەییەوە بایەخێکی کەمتریان هەیە لە لیستی کۆمیتەی ناوەندیداگونجێنرابوون. هەروەها ڕاستییەکیتر ئەوەیە کە لە کۆمیتەی باکۆدا ٤ کەس خرابوونە ناو لیستەکەوە، بەڵام سەرۆکی کۆمیتەکەی تێدانەبوو، دوو ئەندامی دەستەی نووسەران خرابوونە ناو لیستەکەوە، بەڵام سەرنوسەرەکەی نا. لە کاتی بەرێوەچوونی کۆنفرانسەکەدا، هاوڕێ سەفەری سەرۆکی کۆمیتەی باکۆ، بە پێداگری و بە حەقەوە خۆی لە کاندیدبوونی بۆ کۆمیسیۆنی پێداچوونەوە کشاندەوە و، سەرنووسەر هاوڕێ [فەتحی] خۆشگنابی، کە تەنانەت بانگهێشتی کۆنفرانسیش نەکرابوو، نامەیەکی بۆ دەستەی لیژنەی سەرۆکایەتی کۆنفرانسەکە نارد و داوای کرد ناوی لە لیستەکە نەخەن. تەنانەت پێش کۆنفرانس بە هاوڕێ دانشیانم گوت کە پێویستە لیستەکە لەگەڵ ئەندامانی دیکەی مەکتەبی سیاسی، لانیکەم لەگەڵ بەشی ڕێکخستن هەماهەنگ بکرێ، بەڵام ئەو لەگەڵ ئەم بیرۆکەیەدا ناکۆك بوو.

دوای تاوتوێ کردنی ئەو لیستەی وا هاوڕێ دانشیان پێشنیاری کردبوو، من هەستم کرد کە هەوڵی دووبارەکردنەوەی هەمان مەبەستی ڕابردوو

دەدات و دەیەوێ هاوڕێکانی لە دەوری خۆی کۆکاتەوە. من هەستم کرد ئەو دیسان وەکو ڕابردوو خەریکی خۆجێیگەریی یە و لە هیچ حاڵەتێکدا نایەوێ کەلك لە هاوڕێ لێهاتوو و خوێندەوارەکان وەربگرێ. بۆیە لە ڕێگەی هاوڕێ جەلیلی کە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر هاوڕێ دانشیان هەبوو، پەیامێکم نارد کە دەست لەکار دەکێشمەوە و داواتان لێدەکەم ناوم نەخەنە لیستی کۆمیتەی ناوەندیەوە.

دوای ئەمەش کۆنفرانس دەستی پێکرد.

لە یەکەم ڕۆژی کۆنفڕانسدا هاوڕێ بلووری دژ بە من قسەی کرد و هەندێك لە هاوڕێیانی هۆڵەکە بە دەنگی بەرز پشتگیرییان لەو قسە پیسانەی ئەو لە دژی من کرد. ڕۆژی دواتر، نزیکەی کاتژمێر و نیوێك پێش دەستپێکردنی کۆنفڕانسەکە، هاوڕێ دانشیان بانگی کردم بۆ ژوورەکەی خۆی و، گوتی دەمەوێ لە پێوەندیی لەگەڵ پێکهاتەی تازە ئاخرین ڕاوێژت لەگەڵ بکەم. لیستەکەی خوێندەوە و بینیم کەسێکی نوێی لە لیستەکەدا گونجاندوە، ئەویش هاوسەری هاوڕێ بلوورییە. دوای ئەوە وێنەکەم بۆ ڕوون بووەوە و پێم گوت: تۆ هەمیشە پێتدا هەڵگوتوم و چەند جارێکیش لەبەردەم هاوڕێیانی دیکەدا گوتوتە بێ قازی ناتوانم کار بکەم. بەڵام ئێستا دەبینم مەبەستی دیکەت هەیە. بۆیە بە پێ داگرییەوە داوام لێکرد ناوم لە لیستی کاندیدەکان بۆ پێکهاتەی کۆمیتەی ناوەندی نەگونجێنی و ئەگەر ئەم کارە نەکرێ لە کاتی تاوتوێ کردندا، من خۆم دەکێشمەوە. هاوڕێ دانشیان لە وەڵامدا گوتی هیچ مەبەستێکی دیکەی نییە و بە تەواوەتی پشتیوانی لە کاندید بوونی من دەکات و هتد.

ڕۆژی ٢٨ی فورییە کاتژمێر ٩ی بەیانی کۆبوونەوەی دەستەی نوێنەرایەتی دەستپێکرد بۆ گفتوگۆکردن لەسەر کاندیدەکانی کۆمیتەی ناوەندی و کۆمیتەی پێداچوونەوە. کاتێك کاندیدبوونم بەرزکرایەوە، داوای

قسەکردنم کرد، بەڵام هاوڕێ دانشیان ڕێگەی پێنەدام و لەجیاتی من [نۆبەی] قسەکەی دا بە هاوڕێیێکی دیکە کە دژی کاندیدبوونی من بوو. بە گشتی، بە زۆرینەی دەنگ منیان خستە نێو لیستەکەوە. لە کاتی پشووەکەدا، دوای ڕاوێژکردنم لەگەڵ نوێنەری کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجان، هاوڕێ ئەحمەدۆف کرد، پێم وت خۆم لە کاندیدبوون دەکشێنمەوە، ئەویش وتی بیرێکی باشە. لە هەمان کاتدا هاوڕێ جەلیلی هات بۆلام و پێیگوتم کە لە نێو دەستەی نوێنەرایەتی هەندێك کەس دەڵێن ئەگەر کەسێك دەنگ بە قازانجی من بدات سزا دەدرێت. بەڵام من بە هاوڕێیانم گوت دەنگ بە قازانجی تۆ بدەن و تۆ لە کاندیدبوونت مەکشێوە، ئێمە تۆ هەڵدەبژێرین.

لە کۆبوونەوەی بەیانی ٢٨ی فورییەدا، وتوویژ بەردەوام بوو. ئێمەی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی، پێشتر لیستی ئەو کەسانەمان ئامادە کردبوو کە بڕیار بوو قسە بکەن . ٥٧ کەس داوای قسەکردنیان کردبوو، بەڵام ئێمە ٢٨ کەسمان هەڵبژاردبوو بۆ قسەکردن. لەم لیستەدا ناوی هاوڕێیان وەلایی و چەشمئازەر نەبوو. ڕۆژی دواتر ئەم دووانە داوای قسەیان کرد. هاوڕێ دانشیان هاتە لام و لێی پرسیم ئایا پێت وایە دەبێ ڕێیان بدەین قسە بکەن یان نا؟ من گوتم: "ئەگەر دەتەوێ لە تریبۆنی کۆنفرانسەکەوە دژی من قسە بکەن، ئەوە فەرموو بیکە ...' لەو بەینەدا من خۆم ئامادەی قسە کردن کرد، بەڵام لە هۆڵەکەوە یادداشتێکیان بەم ئامۆژگارییەوە پێدام کە باشترە قسە نەکەم، چونکە دەنگ و هەرا بەرز دەبێتەوە و ڕێگەم پێنادن قسە بکەم. بۆیە بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخەکە قسەم نەکرد.

لە کاتی وتوویژەکەدا، یەکێك لە ئاخرین وتەبێژەکان هاورێیان وەلایی و چەشمازەر بوون. قسەکانی ئەوان بە تەواویەتی دژ بە من بوو. هاوڕێ دانشیان تریبۆنی بەو هاوڕێیانەی دا کە لە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی و

کۆمیتەی پێداچوونەوەدا وەك کەسانی هاندەر و نەیارانی دامەزراندنی حیزبی یەکگرتووی کرێکارانی مارکسیستی لە ئێران ناسرابوون، ئەوان تۆمەتبار بوون بە دزینی پارەی ئەندامێتی و وەرگرتنی بەرتیل لە هەندێك کەس و هتد.

لە کۆنفرانسەکەدا هاوڕێ ئەمین‌زادەش ئەندامی پێشووی مەکتەبی سیاسی و بەرپرسی ئیدارەی بانگەشە قسەی کرد. وەختێك کاتەکەی تەواو بوو، داوای کرد ٢ خولەکیتر قسە بکات، بەڵام ئەو کاتەی پێ نەدرا. لەکاتێکدا هاوڕێیان چەشمئازەر و وەلایی کە داوای ١٠ خولەکی زیادەیان کرد، بە چەپڵە ڕێگایان پێدرا. هاوڕێ ئەمین‌زادە کاتی خۆی کارەکانی چەشمازەر، وەلایی ئاشکرا کردبوو و، هاوڕێ دانشیان چاوی دیتنی ئەوی نەبوو.

هاوڕێ دانشیان لە کۆبەندی قسەکانی‌دا، بە کورتی وەڵامی ئەو تۆمەتانەی دایەوە کە چەند هاوڕێیەك لە منیان دابووە، بەڵام ئەمە تەنیا مانۆڕێك بوو و لە ڕاستیدا، ئەو لە قسەکانی بەرگری لە چشمئازەر و وەلایی کرد.

لە نیوەی دووەمی ڕۆژەکەدا گفتوگۆ دەربارەی کاندیدەکانی کۆمیتەی ناوەندی دەستپێکرد. کاتێك کاندیدبوونم بەرزکرایەوە، داوام کرد قسە بکەم بۆ ئەوەی خۆم لە کاندیدبوون بکشێنمەوە، بەڵام هاوڕێ دانشیان ڕێگەی پێ نەدام و [نۆبەی] قسەی بەو کەسانە دا کە دژی من قسەیان دەکرد. دوای وتاری هاوڕێی یەکەم، جارێکی تر داوام کرد قسە بکەم بۆ کشانەوە لە کاندیدبوونم، بەڵام ئەمجارەش ڕێگەی پێنەدام قسە بکەم. هەموو ئەمانە لەبەرچاوی دەستەی نوێنەرایەتی و ئامادەبوونی هاوڕێ ئەحمەدۆف نوێنەری کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجان ڕوویدا. سێ کەس لە هاوڕێیانی بە ریز دژی کاندیدبوونم قسەیان کرد و

تەنیا یەکێکیان بە قازانجی من قسەی کرد. جگە لەوەش ٦ کەسیتر داوای قسەکردنیان کرد بۆ پشتیوانی لە کاندید بوونی من، بەڵام ڕێگەیان پێنەدرا قسە بکەن.

لە نێو ئەو کەسانەی کە دژی من قسەیان دەکرد، هەندێکیان نەك هەر بە من، بەڵکو سووکایەتیان بە برا کوژراوەکانم و بە گشتی بە کەرامەتی گەلی کورد کرد. ئەم قسانە باری ڕەگەزپەرستانەیان بوو و هیچ پێوەندییەکیان بە دروشمی سەرەکی ڕۆژانەمان، واتە دروستکردنی حیزبێکی یەکگرتوو و پتەوکردنی یەکیەتی کرداریی تەواوی هێزە دێموکراتییەکانی ئێران، نەبوو. بۆ نمونە هاوڕێ ئەسلانی گوتی: "ئازەربایجانییەکان پێویستیان بە پشتیوانی نییە، ئیمە دەتوانین خۆمان بەڕێوەببەین... قازی کێیە؟ بە گشتیی کەس لە کوردستان بنەماڵەی ئەوان ناناسێ..." هاوڕێ چەشمئازەر گوتی: "قازی لە بنەماڵەیەکی فیۆداڵییە". چ چالاکییەك دەتوانێ بکات؟ ئەو بە گشتی ڕوون نییە باوکی کێیە ..." هاوڕێ دانشیان لە بەردەم ئەو لێدوانانەدا بێدەنگ بوو، ئەو هاوڕێیە کە "هەوڵ" دەدات یەکیەتی کرداری هێزە پێشکەوتنخوازەکانی ئێران دابین بکات، بێ دەنگ مایەوە.

لە دەنگدانی ئاشکرادا، ٥ هاوڕێ دژ بە بوونی ناوی من لە لیستەکەدا دەنگیان دا.

دەنگدانی نهێنی دەستی پێکرد. من دیم، زرکوڕەکەی هاوڕێ دانیشیان، فەرج دەست گوشادە، لە نێو ئەندامانی کۆمیسیۆنی ژماردنی دەنگەکاندا دانیشووە. لە هاوڕێ دانشیانم پرسی بۆچی دەست گوشادە لەوێ دانیشتووە؟ بە تایبەت کە ناوی لە لیستی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیدایە. لە وەڵامدا وتی "بێ‌گومان ئەندامانی کۆمیسیۆنی ژماردنی دەنگەکان شارەزای شێوەی کارەکە نین و ئەویش یارمەتیان دەدات". دواتر

سەرۆکی کۆمیسیۆنی ژماردن، هاوڕێ سەفەری، بە من و هاوڕێ ئەحمەدوفی گوت کە هاوڕێ ئەسەدی ئەندامێکی کۆمیسیۆنی ژماردن بە نوێنەرانی گوتبوو: "هەر کەسێك دەنگ بە قازانجی قازی بدات، ئەوە بۆی خراپ تەواو دەبێ..."

لە کۆتاییدا بە زۆرینەی دەنگ بۆ کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرام. لە ڕاستیدا هەموو هەوڵەکانی هاوڕێ دانشیان و کەسەکانی بە شێوەیەکی سەرەکی بۆ ئەوەی بوو نەتوانم لە دەنگدانی نهێنیدا هەڵبژێردرێم و بەوە دەیویست بە ئێوە و جەماوەری ئێمە نیشان بدات کە من لە نێو دیموکراتەکاندا وەج و ڕێزم نییە.

بڕیار بوو کۆبوونەوەی پلینۆم ڕۆژی دواتر ئەنجام بدرێ. پێش دەستپێکی کۆبۆنەوەکە، بە ئامادەبوونی هاوڕێ ئەحمەدۆف لەگەڵ هاوڕێ دانشیان قسەم کرد و ئەو داوای لێکردم بۆچوونی خۆم سەبارەت بە پێکهاتەی مەکتەبی سیاسی دەرببڕم. من بە تەواوەتی کاندیدبوونی خۆم ڕەتکردەوە. پاشان گوتی لە پلینۆمدا ڕایدەگەیەنێ کە قازی بە ویستی خۆی دەستی لە پۆستی مەکتەبی سیاسی کێشاوەتەوە، منیش ڕازی بووم.

پلینۆم دەستی پێکرد. لە لایەن هاوڕێ جەلیلییەوە کاندید بوونی من بەرزکرایەوە، بەڵام هاوڕێ دانشیان نەك هەر ناوی منی نەخستە دەنگدانەوە، بەڵکو تەنانەت باسی لەوەش نەکرد کە قازی بە ویستی خۆی، خۆی کێشاوەتەوە. هاوڕێ ئەحمەدۆفیش لە کۆبوونەوەی پلینۆمەکەدا ئامادە بوو و شایەتحاڵی ئەو ڕووداوانە بوو.

هاوڕێ دانشیان لیستێکی پێنج کەسی لە گیرفانی دەرهێنا و پێشنیاری کرد ئەم پێنج کەسە بۆ پێکهاتەی مەکتەبی سیاسی هەڵبژێرن.

بەو چەشنە کۆنفرانسەکەمان بەڕێوەچوو و دەمەوێ ئێوە بە تەواوی ئاگاداری ئەو بابەتانە بن.

پرسیارێك کە دێتە پێش، ئەوەیە کە ئامانجی ئەم کارانە چی بووە؟ بۆچی هاوڕێ دانشیان بەو شێوەیە مامەڵەی لەگەڵ کردم؟ ڕاستییەکەی ئەوەیە لە ماوەی حەوت مانگ چالاکییەکەمدا وەك جێگری سەرۆکی کۆمیتەی ناوەندی (لە کاتێکدا هاوڕێم دانشیان بە ئامادەبوونی هاوڕێ جەلیلی داوای لێکردم بۆ جاری دووەم ئەم بەرپرسیارێتییە لە ئەستۆ بگرم) هەوڵمدا یەکڕیزی و دۆستایەتی لەنێوان گرووپەکان دروست بکەم و کەشێکی لەبار بۆ هاوکاری هاوبەشی لەگەڵ هاوڕێیانی حیزبی تودەی ئیران دابین بکەم. بە پێداگریی من، دەفتەری ئێمە و پاشان پلینۆم بڕیاری گرنگیان سەبارەت بە "گرووپی دژە حیزبی"[١٧] و "گرووپی خوازیاری

[١٧] لاهرودی یەکێك لە ڕێبەرانی فیرقەی دیموکرات لەم پێوەندییەوە دونووسی: "لە بەهاری ساڵی ١٩٥٤ زایینی بەشێك لە کادرە دانیشتووەکانی شاری باکۆ و خوێندکارە ئێرانییەکانی مەدرەسەی حیزبی‌یان لە سالۆنی مەدرەسەیەك بۆ بەشداری لە کۆبوونەوەیەکی حیزبی کۆکردەوە. کامبەخش کۆبوونەوەکەی کردەوە و لیستی ئەندامانی کۆمیتە ناوەندی تازەی ڕاگەیاند. غولام یەحیا دانیشیان وەك سەرۆك و کامبەخش وەك جێگری سەرۆك ناسێندران. سادق پادگان، جهانشاهلو، ژنرال کاویان و کەسانێکی دیکە لە ئەندامەتی کۆمیتە ناوەندی ئازەربایجان لابردران. کۆبوونەوەکە بە چەپڵە لیدانی بەشداربووان کۆتایی پێ هات.

لابردنی کەسانێك لە ڕێبەریی و بە تایبەتی سادق پادگان لە سەرۆکایەتی و ئەندامەتی کۆمیتە ناوەندی، بوو بە هۆی کۆبوونەوەی بەشێك لە کادرەکانی فیرقەی دیموکرات لەبەرامبەر کۆمیتە ناوەندی و دەربڕینی نارەزایەتی ئەوان لەم ئاکارە نادیموکراتیانە. پانتایی ئەم دەنگ و هەرایە تا ئەو جێیە پەرەی سەند کە غولام یەحیا دانیشیان، نوسرەتوڵلا جهانشاهلو و ژنرال میلانیان – یان بۆ خوێندن ناردە مەدرەسەی باڵای حیزبی و عەبدولسەمەد کامبەخش‌یان ناردە ئاکادێمی زانستی کۆمەڵایەتی مۆسکۆ.

ڕێبەرایەتی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان بە شێوەی دانراو بە میر قاسم چەشمئازەر(سەرۆك) و ڕەحیم قازی (جێگری سەرۆك) و میر ڕەحیم وەلایی (بەرپرسی کارو باری بانگەشەیی) سپێردرا. ئەو ڕێبەرییە کە تا ڕادەیەك گەنج بوو بێ هیچ چاوپۆشی و بەخشین لەگەڵ ڕێبەریی لابردراو و لایەنگرانی هەلسوکەوتێکی توندی کرد، کۆمیسیۆنێك بۆ بەرهەڵستی ئەوانەی لابرداوون پێکهات. ئەم کۆمیسیۆنە هەموو ڕۆژێ پێش نیوەرۆ لە خوێندنگە پێکدەهات و هەتا ئێواری درێژەی بوو. دەستە

هەڵوەشانەوە[18] گرت كه له ساڵانی ١٩٥٤ و ١٩٥٥دا چالاك بوون. من هەوڵمدا ئەو هاوڕێیانه بگەڕێنمەوه سەر چالاكیی حیزبی كه ماوەیەكی زۆر بێ هیچ هۆكارێك له چالاكیی حیزبی دوور خرابوونەوه. هەوڵمدا له چالاكییەكانی كۆمیته ناوەندی فیرقەی دیموكراتی ئازەربایجان دەرفەت به دیاردەی خۆجێیگەریی و ناسیۆنالیستی پێشوو ندەم.

---

دەسته تاوانبارەكان له پشت دەرگا كۆدەبوونەوه. چەشمئازەر، ڕەحیم قازی و میر ڕەحیم وەلایی له كۆبوونەوەكانی ئەم كۆمیسیۆنەدا بەشدارییان دەكرد و پرسیاریان له تاوانباران دەكرد، ئەوانەی له هەڵوێستی خۆیان پاشەكشەیان نەدەكرد له ئەندامیەتی فیرقه دەردەكران و ئەوانەی لەكارەكانیان پەژیوانییان دەردەبڕی، بڕیارێكی سووكتریان بۆپ دەردەكردن.
سەبارەت به گۆڕانی ڕێبەریی، ڕێژەی بەرهەڵستكاران چ له باكۆ و چ له چەند بەشێكی دیكه بەرچاو بوو. سادق پادگان، ژنرال كاویان له سەرەوەی ئەوان بوون. له بارودۆخی كۆچبەری و لەو سەردەمەدا كەس نەدوێرا لەسەر شەقامەكاندا ناڕەزایەتی خۆی دەربڕی، به تایبەتی ناڕەزایی دەربڕینی بەكۆمەڵ باو نەبوو، بەم حاڵەش كێشەكان له نێو ڕێكخراوی كۆچداله لایەن كۆچبەرانەوه چارەسەر دەكرا، تەنیا سزای دژ به بەرهەڵستكاران ئەوه بووكەسانێك له فیرقه دەركران و كەسانێكش لۆمه كران.
سەرنجراكێش ئەوەیه كه ئەفسەرانی حیزبی توده لەم ڕەوته 'دژه حیزبی‌یەدا' لایەنی ڕیبەریی دانراویان گرت. ئەم ئەفسەرانه له سەردەمی حكومەتی میللی له لایەن كامبەخشەوه هاتبوونه ئازەربایجان و له ڕاهێنانی سەرباز و فیداییەكانی حكومەتی میللی ئازەربایجاندا بەشدارییان كردبوو ... لاهرودی ١٠٨ - ١٠٧

[18] مەسەلەی هەڵوەشانەوەی فیرقەی دیموكراتی ئازەربایجان له بنكه[حەوزە] حیزبییەكاندا له لایەن چەند كەس له ئەفسەره پێشوەكانی حیزبی تودەی ئێران كه دانیشتووی باكۆ و مۆسكۆ بوون هاته گۆڕێ و كەسانێك له ئەندامانی فیرقەی دیموكراتی ئازەربایجانیش بەوان پەیوەست بوون. ... ئەوان دەیانوویست ڕێخراوی فیرقه هەڵوەشێتەوه و له ئازەربایجان به نێوی حیزبی تودەی ئێران دەست به چالاكی بكات. ئەم كێشەیه تا ئەو ڕادیه چووه پێش كه هەر دوو لایەن(فیرقه و دژەكانی فیرقه) پاشەكشەیان نەكرد. ڕێبەری حیزبی توده پشتیوانی لەوان كرد، ڕێبەریی فیرقەش زۆر به توندی كاردانەوەی له خۆی نیشاندا. له ئاكام دا لایەنگرانی هەڵوەشانەوه له لایەن ڕێبەریی حیزبی تودەی ئێرانەوه له ئازەربایجان بردرانه دەرێ و بۆ كار له ڕادیۆ فارسیی چین نێردرانه پێكەن.[لاهرودی. ١١٦ یادها و ملاحظەها]

ناڕەزایەتی سەرەکی هاوڕێ دانشیان لە چالاکییەکانم لە کاتی کاری هاوبەشمان ئەوە بوو کە من ئەندامەکانی "گرووپی دژە حیزبی"م بەرەو کارکردن ڕاکێشابوو. هەمووی ئەم کارانە بەو هۆیەیە کە ئەم هاوڕێیانە کاتی خۆی ڕەخنەیان لە هاوڕێ دانشیان گرتبوو، لەبەر ئەوەی ئەم هاوڕێیانە خوێندەوارن، لەبەر ئەوەی زۆربەیان دانیشتووی ڕەسەنی ئازەربایجانی ئێرانن...

هاوڕێیانی ئازیز، سەرەڕای تەواوی ئەو شتانەی ڕوویانداوە، من وەك ڕابردوو، وەك ئەندامێکی حیزبی، هەموو توانای خۆم دەخەمە گەڕ بۆ بەهێزکردنی دۆستایەتی نێوان گەلانمان، بۆ ئەوەی یەکیەتیی کرداری هێزە دیموکراتیکەکانی ئێران پتەوتر و نزیکتر بێتەوە. من هەوڵ دەدەم لە ڕیزەکانی حیزبی یەکگرتووی مارکسیستی کرێکاری دامەزراوی ئێران — حیزبی تودەی ئێران دا جێگایەکی شایستە بۆ خۆم بدۆزمەوە.

لەگەڵ ڕێزم

قازی. ڕ. ح

٦ی مارسی ١٩٦٠

مۆری کۆمیتە ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجان

ژمارەی گەیشتوو ٧٠ س س

١٠ی مارسی ١٩٦٠

58

ОСОБАЯ ПАПКА

ЦЕНТРАЛЬНОМУ КОМИТЕТУ КОММУНИСТИЧЕСКОЙ ПАРТИИ
СОВЕТСКОГО СОЮЗА

Дорогие товарищи! Как Вам известно 27 и 28 февраля 1960 г. в Баку проходила третья конференция АДП.

Я полностью согласен и одобряю позицию ЦК КП Азербайджана о невмешательстве в наши партийные дела, но так как конференция проходила в Баку и там присутствовали представители Компартии Азербайджана, я считаю своим долгом подробно информировать Вас о ходе конференции, так как конференция носила тенденциозный характер и там в открытой форме действовала группировка, деятельность которой была награвлена против меня.

Еще задолго до конференции я как член бюро и заместитель председателя ЦК обратился к председателю ЦК товарищу Данишяну Гуламу, чтобы узнать его мнение о новом составе ЦК, но он не высказал своего мнения, лишь два дня до открытия конференции он меня вызвал к себе и показал список. Я возрожал против того, что он не включил в список таких товарищей, как председателя Бакинского Комитета АДП и редактора газеты "Азербайджан" и сказал, что они механически должны быть в составе ЦК, тем более оба товарища за короткое время работы в аппарате показали себя с очень хорошей стороны. И даже в отчетном докладе ЦК была положительная оценка деятельности БК и редакции за последнее время. Я также предлагал включить в список таких товарищей как Шахин, Мамедзаде, Шемиде и других, которые имеют популярность среди

59

2.

нашего контингента и в течение 8 лет были отстронены от партийной деятельности со стороны бывшего руководства АДП /Чешмазер, Вилаи, Данишян/. Эти товарищи все имеют кандидатское звание. Тов.Шахин с 1935 года является членом Компартии Ирана и несколько лет в составе "53-х" находился в тюрьме, а за последнее время мы его назначили членом комиссии по работе с товарищами из НПИ... В списке тов.Данишяна не были такие товарищи как Аминзаде и Мамедзаде, которые были членами Подготовительной Комиссии по разработке программы и устава единой марксистской рабочей партии в Иране, а фамилия третьего члена этой комиссии, т.е. Дасткушаде Фараджа тов.Данишян включил.

В списке товарища Данишяна была фамилия бывшего редактора т.Биллури, которую мы решением бюро освободили как несправившуюся с работой. Кроме того были и фамилии и таких товарищей, которые по существу не знают иранскую действительность.

Итак, тов.Данишян категорически возражал против т.Шахина, Шамиде и Мамедзаде, а насчет председателя БК и редактора он сказал, что мы их включим в список ревкомиссии, тогда как председателей районных комитетов как Сумгаитской /40-46 членов партии/, Касум-Измаиловской /100-110 членов партии/, Геокчайской /90 членов партии/ и других, сравнительно малозначительных организаций, включил в состав ЦК. Или другой факт, из членов БК 4 товарища включил в состав ЦК, а председателя нет, из членов редколлегии 2 товарища включены, а редактора нет. Во время конференции председатель БК тов.Сафари категорически

60

3.

и справедливо отказался от своей кандидатуры в составе ревкомиссии, а редактор тов.Хошкенаби, который не был даже приглашен на конференцию, послал письмо в Президиум конференции с просьбой не включать его в список. Еще до конференции я говорил тов.Данишяну, что необходимо список согласовать и с другими членами бюро, хотя бы с орготделом, но он с этим тоже не согласился.

После изучения списка, который рекомендовал тов.Данишян я чувствовал, что он повторяя свое прошлое вредное намерение хочет создать вокруг себя только своих друзей. Чувствовал, что он опять таки как и в прошлом занимается местничеством и никак не хочет привлекать заслуженных и грамотных товарищей. Поэтому я через тов.Джалили, который имеет влияние на т.Данишяна,передал, что я отказываюсь от работы и прошу мою кандидатуру не выдвигать в состав ЦК.

Итак, началась конференция.

В первый день конференции выступила против меня тов.Биллури и некоторые товарищи из зала громкими возгласами одобряли нецензурные ее слова по моему адресу. На следующий день, часа полтора до открытия конференции тов.Данишян вызвал меня к себе в кабинет и сказал, что хочу окончательно посоветоваться с тобой о новом составе. Он прочитал список и я вижу, что он включил в список одного нового товарища, т.е. мужа тов.Биллури. После этого мне картина стала ясна и я сказал ему, "Ты везде хвалишь меня и несколько раз при других товарищах гово-

61

4.

рил, что я без Гази не могу работать. Но теперь вижу, что у тебя другое намерение. Поэтому я убедительно прошу не включай мою фамилию в список кандидатуры в состав ЦК и без того во время обсуждения я буду давать отвод". В ответ он сказал, что у него других намерений нет и он будет полностью поддерживать мою кандидатуру и т.д.

28 февраля в 9 часов началось совещание представителей делегации для обсуждения кандидатуры в состав ЦК и ревкомиссии. Когда была выдвинута моя кандидатура я попросил слова, но мне тов.Данишян слова не предоставил, а представил слово другому товарищу, который выступил против моей кандидатуры. Вообщем, большинством голосов меня включили в список. Во время перерыва посоветовавшись с представителем ЦК КП Азербайджана тов.Ахмедовым, я сказал, что на конференции дам отвод и он сказал так будет лучше. Между прочим в это же время тов.Джалили приходил ко мне и сказал, что некоторые люди ходят среди делегатов и говорят, что кто будет голосовать за Гази того будут наказывать. А я сказал своим ребятам, чтобы они голосовали за тебя, а ты отвод не давай, мы тебя изберем...

На утреннем заседании 28 февраля продолжались прения. Заранее мы, т.е. члены бюро, подготовили список выступающих. Слово просили 57 человек, а мы наметили дать слово 28 товарищам. В этом списке фамилии товарища Вилаи и Чешмазера не было. Они на следующий день попро-

6

5.

сили слова. Тов.Данишян обратился ко мне и спросил, как ты думаешь им слова предоставить или нет? Я сказал: "Если хочешь трибуну конференции направить против меня, то пожалуйста...". Между прочим, я тоже приготовился выступить, но из зала передали мне записку о том, что не советуем тебе выступать, так как поднимают шум и не дадут тебе говорить, итак, видя такую обстановку я не выступил.

Во время прений предпоследними выступили т.т.Валаи и Чешмазер. Их выступление полностью было направлено против меня. Тов.Данишян представил трибуну тем товарищам, которые в отчетном докладе ЦК и ревкомиссии были охарактеризованны как провокаторы, противники создания единой марксистской рабочей партии в Иране, как люди ворующие членские взносы и получившие взятку от отдельных людей и т.д.

Между прочим, на конференции выступил бывший член бюро, заведующий отдела пропаганды тов.Аминзаде. Когда у него время по регламенту истекло он попросил 2 минуты, но ему не давали, а когда т.Чешмазер и Вилаи попросили по 10 минут лишних, под аплодисменты им предоставили. Тов.Аминзаде в свое время разоблачал деятельность Чешмазера и Вилаи и тов.Данишян его ненавидит.

Тов.Данишян в своем заключительном слове коротко ответил на те обвинения, которые выдвинули некоторые товарищи против меня, но это был маневр и он в своей речи по существу защищал Чешмазера и Вилаи.

Во второй половине дня началось обсуждение кандидатов в состав ЦК. Когда была выдвинута моя кандидатура

65

6.

я попросил слова, чтобы дать отвод, но т.Данишян мне слова не предоставил, а предоставил слово тем, которые выступали против меня. После выступления первого товарища, я еще раз просил слова для отвода, опять он мне слова не дал и это все проходило на глазах делегатов и в присутствии представителя ЦК КП Азербайджана. Против моей кандидатуры выступили подряд 3 товарища, а за - один. Кроме него еще 6 товарищей просили слова в поддержку моей кандидатуры, но им слова не предоставили.

Из выступающих товарищей против меня, некоторые оскорбили не только меня, но и моих погибших братьев и вообще достоинство курдского народа. Эти выступления носили националистический характер и не как не соответствуют нашему ежедневному лозунгу, т.е. создание единой партии и укрепление единства действия всех демократических сил Ирана. Например, тов.Аслани говорил: "Азербайджанцам не нужна опека, мы сами можем управлять собой... Кто такой Гази? Вообще в Курдистане никто не знает их фамилии...". Тов.Чешмазер говорил: "Гази происходит из семьи феодалов, какой от него может быть деятель. Он вообще человек без определенного отца...". Слушая эти слова тов.Данишян молчал, молчал товарищ, который "старается" обеспечить единство действия прогрессивных сил Ирана...

На открытом голосовании 5 товарищей голосовали против включения моей фамилии в бюллетень.

Началось тайное голосование. Я вижу, что приемный

64

7.

сын тов.Данишяна Десткушаде Ферадж сидит среди членов счетной комиссии. Я спросил т.Данишяна, почему Десткушаде там участвует? Тем более его фамилия есть в списке членов ЦК. На ответ он говорил, что "наверно члены счетной комиссии не знают порядка работы и он им помогает". В дальнейшем председатель счетной комиссии тов.Сафари мне и тов.Ахмедову говорил, что один из членов счетной комиссии т.Асади говорил делегатам: "кто будет голосовать за Гази, ему будет плохо...".

Итак, меня большинством голосов избрали в состав ЦК.

Оказывается все старания тов.Данишяна и его людей направлены были к тому, чтобы во время тайного голосования меня не избрали и этим самым он хотел показать Вам и нашему контингенту, что я не имею авторитета среди демократов.

На следующий день должен был состояться пленум. До открытия пленума я в присутствии тов.Ахмедова имел беседу с тов.Данишяном и он просил мое мнение о составе бюро. Я сказал, что категорически отклоняю свою кандидатуру, Тогда он говорит, что он сообщит на пленуме, что Гази по собственному желанию отказывается быть членом бюро. Я согласился.

Пленум начался. Со стороны тов.Джалили была выдвинута моя кандидатура, но тов.Данишян не только не поставил на голосование мою кандидатуру, но и даже не сказал о том, что Гази по собственному желанию отказывается. На пленуме присутствовал тов.Ахмедов и сам был очевидцем.

65

8.

Тов.Данишян вынул из своего кармана список и предложил избрать в состав бюро 5 товарищей.

Таким образом, проходила наша конференция и я хочу, чтобы Вы имели полное представление.

Возникает вопрос, к чему все это? Почему тов.Данишян так поступил по отношению ко мне? Суть дела заключается в том, что я в своей деятельности за последние 7 месяцев как зам.председателя ЦК /между прочим тов.Данишян в присутствие тов.Джалили сам просил меня вторично занимать этот пост/ старался создать среди контингентов единство и дружбу, благоприятную обстановку для совместной работы с товарищами из НПИ. По моему настаиванию наше бюро, а затем пленум отметил решение о "антипартийной группе" и "группы ликвидаторов," имеющие место в 1954 и 1955 годах. Я старался привлекать к партийной деятельности тех товарищей, которые долгое время без всякого основания как "антипартийные" были отстранены от работы. Я старался не дать возможности в деятельности ЦК АДП, как в прошлом имелись местнические и националистические явления.

Главное недовольство тов.Данишяна от моей деятельности во время совместной работы было то, что я привлекал к работе членов "антипартийной группы". И это потому, что эти товарищи в свое время критиковали тов.Данишяна, потому, что эти товарищи являются грамотными, потому, что они большинство являются коренными уроженцами Иранского Азербайджана...

66

9.

Дорогие товарищи, несмотря на то, что все это происходило, я и попрежнему как член партии приложу все усилия к тому, чтобы укреплять дружбу между нашими народами, чтобы единство действий демократических сил Ирана было еще крепче и теснее. Я буду стараться найти для себя достойное место в рядах создаваемых единой марксистской рабочей партии в Иране – НПИ.

С уважением

ГАЗИ Р.Г.

6 марта 1960 г.

ЦК КП АЗЕРБ.
СЕКРЕТНАЯ ЧАСТЬ
Вх. № 170сс
10/III 1960
ПОДЛЕЖИТ ВОЗВРАТУ

**بەڵگەی ١٥. وەڵامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجان بە داواکاریی ڕەحیم قازی**

**کۆمیتە ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجان**

بە پێی فەرمانی سکرتاریای کومیتەی ناوەندی، من هاوڕێ شێوێلیاگین - م لە بەشی کۆمیتە ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی یەکیەتی سۆڤیەتی لە داواکارییە پێگەیشتووەکانی هاورێ رەحیم قازی سەبارەت بە ڕەخنەگرانی چالاکیی ئەو لە کۆنفرانسی سێیەمی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان، هەروەها هاوڕێ ئازەرلی لە کارە ناڕاستەکانی دانشیان غوڵام و ڕەحیم قازی ئاگادار کردەوە.

پێشنیار کرا، ئەم داواکاریانە بە ئارشیو بدرێ و نووسەران ئاگادار بکرێنەوە کە کۆمیتە ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی یەکیەتی سۆڤیەتی و کۆمیتە ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئازەربایجان دەست تێوەردان لە کاروباری ناوخۆیی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان ناکەن و من ئەو کارەم بە جێ گەیاند.

ن.حاجیەف

واژۆ

٣١/ ٣/ ٦٠

واژۆ و. کلینکۆف

مۆری كۆمیتە ناوەندی حیزبی كۆمۆنیستی ئازەربایجان

بەشی نهێنی

ژمارەی گەیشتنی ٧٠ س س / ٧١ س س

٣١/مارسی ١٩٦٠

55.

ОСОБАЯ ПАПКА

ЦК КП Азербайджана

По поручению Секретариата ЦК мною информирован Отдел ЦК КПСС, тов. Шевелягин о поступивших заявлениях от тов. Рагим Гази по поводу критики его действий на 3-ей Конференции Азербайджанской Демократической партии и от тов. Азарли о неправильных действиях Данишьяна Гулама и Рагима Гази.

Рекомендовано эти заявления сдать в архив. Авторам сообщить, что ЦК КПСС и ЦК КП Азербайджана не вмешиваются во внутренние дела Азербайджанской Демократической партии, что мною исполнено.

Н.Гаджиев [подпись]

[дата, рукописно]

[рукописная резолюция]

ЦК КП Азерб.
Секретная часть
К вх. № 170сс 171сс
31-III 1960
Подлежит возврату

**بەڵگەی ١٦. نامەی ئەحمەد تۆفیق بۆ کۆمیتە ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی یەکیەتی سۆڤیەتی**



رفقای عزیز

کمیته مرکزی حزب کمونیست اتحاد شوروی

همراه تقدیم سلامهای رفیقانه.

بهترین تبریکات کمیته مرکزی حزب دمکرات کوردستان را بمناسبت جشن کبیر انقلاب اکتبر بسر فصل تازه و نوین زندگی زحمتکشان جهان، پیروزی و مظهر قدرت و عظمت شوراها بر دستگاه پوسیده تزاریسم و بورژوازی، بشما و بوسیله شما به همه ملل اتحاد جماهیر شوروی سوسیالیستی تقدیم میداریم.

ملت کورد که ملت ستمدیده و محرومی است خیلی خوب عظمت و اهمیت انقلاب کبیر آزادی و نجات ملل قهرمان شوروی را درک میکنند، و بهمین مناسبت لازم میدانیم که شعف و سرور ملت کورد در کوردستان ایران و بویژه اعضاء حزب دمکرات کوردستان را بمناسبت حلول جشن کبیر انقلاب اکتبر منعکس و تقدیم داریم.

شاد هستیم از اینکه رهبر مبارز ملت کورد رفیق مصطفی بارزانی بنام ملت کورد در جشن کبیر ملل شوروی شرکت میکنند.

فرخنده باد جشن انقلاب کبیر اکتبر

پیروز باد اتحاد جماهیر شوروی سوسیالیستی دژ مستحکم خلل ناپذیر

درود ملت کورد به ملل اتحاد شوروی دوست با وفای همه ملل

زنده باد صلح پایدار.

بازهم تبریکات و احترام: از طرف

کمیته مرکزی حزب دمکرات کوردستان.

وزاگروس

ص ۹۱ / ۱۰/۱۱/۱۹۶۰

سەرچاوە: کەریم حیسامی ل. ٣٣٦

**بەڵگەی ١٧. ئاگاداری ئەحمەد تۆفیق سەبارەت بە ئەو ئەندامانەی دەبوو سەردانی یەکیەتی سۆڤیەتی بکەن.**



نامەی ئەحمەد توفیق بۆ ک.ن، حیزبی کۆمونیستی شورەوی

رفقای عزیز

کمیتهٔ مرکزی حزب کمونیست اتحاد شوروی ..

به وسیله سلامهای رفیقانه خود را تقدیم میکنیم .

بدنبال نامه قبلی خود که بوسیله رفقای شما در اینجا (          ) درباره مسافرت هیئت نمایندگی حزب ما به اتحاد جماهیر شوروی سوسیالیستی تقدیم گردید، توضیح چند نکته را لازم میدانیم :

الف - اعضاء هیئت نمایندگی بعد از مشورت بدین ترتیب است :

١ - قاسم سلطانیان .. (در عراق ملقب به کمال احمد)

٢ - سلیمان معینی

٣ - عبدالله اسحاقی (در عراق ملقب به احمد توفیق)

خواهشمندست درصدت ترتیب وصدور ویزا ، با نامهای بالا باشند.

ب - خیلی بهتر و فرصت میدانیم ترتیب سفر هیئت حزب ما مقارن بودن رفیق ملا مصطفی بارزانی در اتحاد شوروی باشد .

ج - بعلت فقر بی‌نهایت مالی حزب محتاج به ترتیب رفع حوائج مسافرت و [illegible] مالی برای این سفر و دیدار هستیم .

با سلام و احترام . از طرف

کمیته مرکزی حزب دمکرات کردستان .

٥٩٢/ ١/١١/١٩٦٠

(زاگروس)

سەرچاوە: کەریم حیسامی ل. ٣٣٥

## سەرچاوەکان


١. ئارشیوی نەتەوەیی کۆماری ئازەربایجان پارێزاو لە ئارشیوی ئەنجومەنی نێونەتەوەیی ئێرانناسی لە ئامستردام.
https://search.iisg.amsterdam/Record/ARCH02736

٢. سمایل بازیار، کاریگەریی بیری چەپ لەسەر بزاڤی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، حیزبی دێموکراتی کوردستان وەك نمونە ـ١٩٤٥ – ١٩٩١). ساڵی چاپ ٢٠٢٠/١٣٩٩ هەرێمی کوردستان

٣. امیر علی لاهرودی، یاد ماندەها و ملاحظەها، نشر فرقە دمکرات آذربایجان، باکو ١٣٨٦(٢٠٠٧)

٤. دکتۆر یاسین سەردەشتی، ژیان و تێکۆشانی ئەحمەد تۆفیق"عەبدوڵلای ئیسحاقی"(١٩٣١ – ١٩٧٣) لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی بەڵگەنامەییە، چاپخانەی شڤان، سلێمانی ٢٠٠٧

٥. کەریم حیسامی، پێداچونەوەی بەرگی دووەم (بزوتنەوەی نیشتمانی کورد لە کوردستانی ئێران ١٩٤٧ – ١٩٧٨)، کتێبی هەرزان، چاپی یەکەم، سوید ١٩٩٧

٦. کەریم حیسامی، "لە بیرەوەریەکانم" ١٩٦٥ – "١٩٧٠ بەرگی سێیەم، لاپەرەکانی ٧ و ٨، ستۆکهۆڵم ١٩٨٨

٧. سارمەدین سادق وەزیری، بەرگری لە دوو سیمای هەڵکەوتووی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد، یاد زیندووان قازیی محەمەد و ئێحسان نووری پاشا و بەسەرهاتی هەڵبژاردنی خولی حەڤدەهەمی مەجلیسی شووڕای میللی لە مەهاباد. وەرگێڕ: حەسەن قازی، وەشانخانەی ٤٩ کتێب، سوید، ٢٠٢٢

٨. " بە بۆنەی دەرچوونی ٢٠٠ مین ژمارەی دەورەی دومی "روژنامەی کوردستان"؛ کوردستان اورگانی حزبی دیموکراتی کوردستان، ژمارە ٢٠٠، چووار شەممو ١١ خەزەلوەری ١٣٢٨

9. William C. Burdett American Consul, Information collected jointly with Vice Consul Charles W. Cox, Jr. Foreign Service Of The United States Of America, From Tabriz 40, February 20, 1951, To: Department aof State, 788.00/2-2052, Ref: Contel #42, November 27, 1950, Report On Western Azerbaijan
https://soas.on.worldcat.org/oclc/1391704550

## لەم نووسەرە:

**به فارسی:**


١. سالم زیستن آموختنی است! انتشارات زانکو بوکان، چاپ اول ١٣٩٠، چاپ دوم، نشر روشنگری، آلمان ٢٠١٦

٢. واژه‌نامه پزشکی روسی به فارسی، انتشارات انوشه، مینسك ١٩٩٤

٣. فرهنگ پزشکی روسی – لاتین به فارسی و فرهنگ روسی به فارسی زیست شناسی، انتشارات انوشه، مینسك ١٩٩٦

٤. تاریخ کردستان، لازاریف، محوی و ... ترجمه از روسی، منصور صدقی و کامران امین آوه، انتشارات فروغ، کلن ٢٠٠٧

٥. چپ سنتی و جنبش ملی کرد در ایران، نشر روشنگری، آلمان ١٣٩٥

٦. کردستان معاصر، لازاریف، محوی و دیگران ترجمه از روسی، چاپ اول، ١٣٩٥، چاپ دوم ١٣٩٦ نشر روشنگری، آلمان

٧. افعال و مبانی دستور زبان آلمانی، چارلز جی. جیمس، ترجمه از انگلیسی، نشر روشنگری، چاپ اول ١٣٩٥

٨. شبان کرد، عرب شمو، ترجمه از روسی، نشر توکلی، تهران، ١٤٠٠ (٢٠٢١)

٩. مبانی پزشکی اعتیاد، سنندج، نشر تافگه، ١٤٠٠

١٠. جستارهایی پیرامون جنبش ملی کرد (مجموعه مقالات سیاسی – اجتماعی) نشر روشنگری، آلمان- ١٤٠٠

١١. گسترش اندیشه‌های مارکسیسم – لنینیسم در ایران (تا جنگ جهانی دوم)، عبدالحسین آگاهی، برگردان از روسی، چاپ اول تهران، ١٤٠١ خورشیدی، چاپ دوم آلمان ١٤٠٢ خورشیدی/٢٠٢٣ میلادی

١٢. تقسیم سیاسی کردستان ١٩١٤ – ١٥١٤(تراژدی کرد)، یوگینیا ایلینیچنا واسیلیه‌وا، برگردان کامران امین آوه، ١٤٠٣/ ٢٠٢٤

**بە كوردی:**

١٣. بنەماكانی نەخۆشیی دڵ و ڕەگەكان، دەزگای ڕۆشنبیری جەماڵ عیرفان، سلێمانی، ٢٠٢٠

١٤. بنەماكانی شێرپەنجەی گەدە – ڕیخۆڵەیی، تیرۆید، مەمك و پرۆستات، د،حەسەن شەتەوی، د.كامەران ئەمین‌ئاوە، بلاوكراوەی ناوەندی غەزەلنووس، سلێمانی، ٢٠١٨

١٥. زانستی پزشكی بە زمانێكی ساكار، چاپی یەكەم دەزگای سپیرێز، باشوری كوردستان ٢٠٠٧، لە چاپدانەوەی دەزگای موكریانی ٢٠١٤

١٦. نەخۆشییەكانی هەناو، دەزگای موكریانی، هەولێر، ٢٠١٢

١٧. شوانی كورد، عەرەبی شەمۆ، وەرگێڕان لە ڕووسییەوە:

- چاپی كۆمەڵگای فەرهەنگی ئەحمەدی خانی، سۆران، باشوری كوردستان، ساڵی ٢٠٢٠؛
- چاپەمەنی ئامیار، سنە، ڕۆژهەڵاتی كوردستان، ٢٠٢٣ ز. ١٤٠١ی هەتاویی

١٨. چەپكێك ڕەوانگە و ڕەخنە، دەزگای"ڕۆشنگەری"، ئاڵمان، ٢٠٢١

١٩. چوار كەسایەتی بە ڕەچەڵەك كورد، كۆی بابەت، وەرگێڕان لە ڕووسیو ئینگلیزییەوە، دەزگای ڕۆشنگەری، ئاڵمان ٢٠٢٢

٢٠. چوار چەمكی سیاسی، لە ڕوانگەیەكی چەپ و كوردییەوە (دیموكراسی، لیبرالیزم، نیولیبرالیزم، سۆسیالیزم)، خانەی موكریانی، هەولێر ٢٠٢٢

٢١. بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی، كورد لە رۆژهەلاتی كوردستان، (سێ وتار)، خانەی موكریانی، هەولێر ٢٠٢٢

٢٢. لە نێوان ڕاستی و چەواشەكاریدا، چاپخانە: ڕۆژهەلاتی كوردستان، كوردستان/هەولێر ٢٠٢٥

# Democrats Of Eastern Kurdistan in the Soviet Union Documents

# 1947-1960

(A Collection Of 17 Documents)

Dr. Kamran Aminave